ڕۆمان

ENDESE

# حەلاج

## لە حەسرەت عیشقی تۆیە دڵ ناسرەوێت

عەباس ئەرنائوت

وەرگێڕ: ئازاد بەرزنجی




EDIT
I
EDIT
نووسینی کتێبەکان
Where did you go to college?
Activity Log
Update Info
بۆ زانیاریتان:ئەم ئەکاونتە وەک پەیج بەکاردێت
ئامانج: خزمەت کردنە بە خوێنەر 📖📚📋📗📘📙📚



# حەللاج

## لە حەسرەت عیشقی تۆیە دڵ ناسرەوێت


**عەباس ئەرنائوت**

وەرگێڕ: ئازاد بەرزنجی



ENDESE

# حەللاج
# سۆفییەکی عاشق و یاخی

هەمیشە ئەو کەسانەی بە ئاقارێکی جیاواز لە ئاقاری باو بیریان کردۆتەوە و خەونەکانیان جیاواز بووە لە خەونی خەڵکێکی عەوام و ویستوویانە بە چەکوشی هزر و ڕۆح بتەکانی کۆمەڵگا و سیستمی دژە گۆڕانکاری و سەقامگیرخواز؛ تێکبشکێنن، ئامانجی ڕق و تۆڵەی خەڵکانێک بوون کە نەیانویستووە وەهمی ئاسوودەییان لێ بشێوێت و دەسەڵات و پێگەیان لێ تێکبدرێ. چونکە ئەوانە وەکو ئەو نوستووانە وەهان کە بە بێدارکردنەوە و بەئاگاهێنانەوە؛ ڕیتمی خەو و خەیاڵاتیان تێکدەچێت، هەربۆیە چەندیان پێ بکرێ؛ دژایەتیی ئەو کەسە ڕۆحبێدارانە دەکەن و بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ ئاسەواریان لە مێژوودا بسڕنەوە. لەکاتێکدا مێژووی ڕاستەقینە ئەو مێژووەیە کە ئەو ئینسانە یاخییانە دروستی دەکەن، نەک ئەوانەی شەپۆل و تەوژمی ڕۆژگار چۆن بوو، بە هەمان ئاڕاستە لەگەڵیدا دەڕۆن و هەڵبەتە ئاشکرایە کە زۆربەی کات چارەنووسی

ئەو جۆرە کەسانەش، یان ناوزڕاندن و دوورخستنەوە، یان زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و، یاخود کوشتن و لەخاچدان بووە، هەروەکچۆن ئەمە چارەنووسی حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاجیش بوو. ئەو حەللاجەی مایەی گفتوگۆ و مقۆمقۆ بوو و، کاریگەریی نەک هەر لەسەر چواردەوری خۆی هەبوو، بەڵکو بگرە گەیشتە هیندستان و تورکیا و ئێران و تەنانەت لە سەدەکانی دواتردا گەیشتە ئەورووپاش، تا ئەو ڕادەیەی بیرمەندێکی گەورەی وەکو (لویس ماسینیۆن) بەشێکی زۆری ژیانی خۆی بۆ نووسین و توێژینەوە لەسەر ئەم کەسێتییە ناوازەیە تەرخان کرد و لەمڕووەشەوە؛ کتێبی "ئازارەکانی حەللاج"ی، بە یەکێک لە کتێبە گرنگ و سەرچاوە دەوڵەمەندەکان لە قەڵەم دەدرێ.

## حەللاج کێ بوو؟

ئەبولموغیس حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاج لە ساڵی ٢٤٤ک بەرامبەر بە ٨٥٧ یان ٨٥٨ی زاینی لە دێی "توور"ی سەر بە شاری "بەیزا" لە هەرێمی فارسی باکووری شاری شیراز هاتۆتە دونیاوە. باپیرەی کابرایەکی زەردەشتی بووە، باوکیشی هەللاج (حەللاج) بووە. ئەو هێشتا لاوێکی منداڵ بووە کە خێزانەکەیان چوون بۆ "واسیت" لە عیراق، سەبارەت بەوەش کە بۆچی نازناوی "حەللاج"ی دراوەتە پاڵ، قسە و باسی جیاواز هەیە. لەوانە ئەوەی کە باوکی هەللاج بووە، هەروەها پێی وتراوە هەللاجی نهێنییەکان، لەبەرئەوەی پەردەی لە ڕووی نهێنییەکانی یەکتاپەرستان هەڵماڵیوە،

هەروەها هۆکاری تریش هەن کە زیاتر خەیاڵ بە سەریدا زاڵە، وەک ئەوەی کە کاتێک لە واسیت بووە (جارێکیان داوا لە هەللاجێک دەکات، لە هەندێک کاردا یارمەتیی بدات، کابرا سەرەتا داواکەی ڕەتکردۆتەوە، بە بیانووی ئەوەی سەرقاڵی هەللاجییەکەی خۆیەتی، بەڵام کاتێ حوسەین بەڵێنی دەداتێ کە ئەگەر یارمەتیی بدات، ئەوا ئەمیش لە کاری هەللاجیدا یارمەتیی ئەو دەدات، ئیدی کاتێ کابرای هەللاج دێتەوە بۆ شوێنکارەکەی خۆی، سەیردەکات هەرچی لۆکە هەیە شی کراوەتەوە، هەر لەوەوە نازناوی حەللاج دەخەنە پاڵ حوسەینی کوڕی مەنسوور.)[1]

حەللاج لە سەرەتای لاویدا دەچێت بۆ توستەر (شوشتەر) و لەوێ سۆفییەکی سوننی دەناسێت کە ناوی (سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای توستەری)یە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر دەستی ئەو، بنەماکانی تەسەووف دەخوێنێت. پاشان توستەر جێدێڵێت و ڕوو دەکاتە بەسرە و لەوێ بە (عەمرووی کوڕی عوسمانی مەککی) ئاشنادەبێت و لەلای ئەو زانستەکانی تەسەووف و زوهد دەخوێنێت و وردەوردە دەناسرێ و ناو دەردەکات. لە بەسرە هاوسەرگیری دەکات و کچی (ئەبو یەعقوبی ئەقتەعی بەسری) دەهێنێت و ئەم هاوسەرگیرییەی دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ عەمرووی مەککیدا تێکبچێت، لەبەرئەوەی ئەبو یەعقوب ڕکابەری عەمرو دەبێت لە پێشەنگیدا بۆ تەسەووف لە بەسرە. ئینجا دەچێت بۆ بەغدا و لەوێ یەکێک لە سۆفییە گەورەکانی ئەو ڕۆژگارە دەناسێت کە (ئەبولقاسم جونەیدی کوڕی محەمەدی

---

١ الحلاج في ماوراء الخط و اللون،ص ص١٧،١٨

بەغدادی)یە. جونەید ئامۆژگاریی دەکات کە پێویستە سەبری هەبێت و ددان بە خۆیدا بگرێت و هەر لەسەر دەستی ئەویش خیرقەی سۆفییان دەپۆشێت. حەللاجیش لەسەر قسەی جونەید بەغدا جێدێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ بەسرە. ئەو دەمە بەسرە هەر مەڵبەندێکی تەسەووف نەبوو، بەڵکو مەڵبەندی هەندێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیش بوو، لەوانە بزووتنەوەی زنجیەکان. ئاکامی ئەم بزووتنە کۆمەڵایەتییە ڕاپەڕینێک دەبێت، بەڵام (لەساڵی ٢٧٠ی کۆچیدا، ڕاپەڕینی زنجیەکان دادەمرکێنرێتەوە و وەسی مۆفەق یاساوڕێسا دەگەڕێنێتەوە بۆ بەسرە و دیسانەوە پرۆسەی باجوەرگرتنی قورس دەستپێدەکاتەوە. حەللاج دەچێت بۆ مەککە، بەڵام وەک حەجێکی سەپێنراو نا، بەڵکو وەکو عەمرەیەک کە بە ئامۆژگاریی شافیعی، لە حەساری کەعبەدا دەیباتەسەر.)[1]

خەڵکانی سەر بەو بزووتنەوەیە لە کۆیلە و چەوساوەکان پێکهاتبوون، تیایاندا بوو زنجی بوو لە ئەفریقاوە هاتبوون، کە ئەمانە زۆرینە بوون و هەر بۆیە بزووتنەوەکەش بەو ناوەوە ناونرابوو، هەروەها هیندیی پێست ڕەش و پاشانیش جووتیارانی دەڤەرەکە. دەرەبەگەکان ئەمانەیان دەچەوساندەوە و لە زەویوزارەکانی خۆیاندا کاریان پێ دەکردن و خوێی زەوییە شۆرەکانی خۆیانیان پێ پاک دەکردنەوە. بەڵام دڵڕەقی و نامرۆیی ئەو دەرەبەگانە بەڕادەیەک بوو کە تەنانەت جێخەویان بەو هەژارانە ڕەوا نەدەبینی و بۆ هەر ژەمێک چەند دەنکە خورمایەکیان دەدانێ. سەرکردەی ئەم بزووتنەوەیە (عەلیی کوڕی محەمەد) بوو.

١ آلام الحلاج،ص٦٣

هـەر لـەو ڕۆژگارەدا بزووتنـەوەی قەرمتیەکانیش لەئـارادا بـوو کـە بـە بیروبـاوەڕ دەچوونـەوە سـەر ئیمامـی ئیسـماعیلی.

هەڵبـەت شتێکی سـەیر نییـە کـە حەللاجیش پەیوەندیی بـەم دوو بزووتنەوەیـەوە هەبووبێت. ئەو دوو بزووتنەوەیەش لێک نزیک بوون و هەردووکیانیش دژ بـە دەوڵـەتی عەباسـی بـوون. هـەر لێرەشـەوەیە کـە دواتـر دەوڵـەتی عەباسـی بـە تۆمەتـی (قەرمتـی) حەلـلاج دەسگیر دەکـەن و بـە مەترسییەکی گـەورەی دەزانـن لەسـەر دەسـەڵاتیان. لەبەرئـەوەی (ڕەفتـاری حەلـلاج و میتـۆدی فیکریـی و ڕۆحـی شـۆڕشگێڕانەی و بانگەشـەکردنی بـۆ چاکسـازیی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، هەمـوو ئەمانـەی لـە ڕێبازی قەرمتیـەکان و ڕۆحـی شـۆڕشـگێڕانەیان و کەفوکوڵیـان بـۆ گۆڕینـی سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی دەچـوو، ئەمـە جگـە لـە پەیوەندیی توندوتۆڵـی نێوان هـزری حەلـلاج و بیروباوەڕی فاتیمـی ئیسـماعیلی و بـاوەڕی بـەوەی کـە دەبێ پەنـا ببرێتـە بـەر لێکدانـەوە و مانـای ناوەوەیـی "باتینـی یان ناخـی" لـە پەنـا مانـای ڕواڵەتیـدا)[1] گەرچـی لویـس ماسـینیۆن لـە کتێبـی "ئازارەکانـی حەلـلاج"دا قەرمتیبوونـی حەلـلاج ناسـەلمێنێت، چونکـە لـە یەکـەم دادگاییکردنـی حەللاجـدا لـە سـاڵی ۳۰۱ی کۆچیدا، ئیبن سـورەیج کـە شـارەزابووە لـە کاروبـاری قەرمتیەکانـدا، لـەو تۆمەتـە بێبەریـی دەکات. هەروەهـا پشتبەسـتنی حەلـلاج لـە هەنـدێ لـە نووسـینەکانیدا بـە تەفسـیری ئیمـام جەعفـەری سـادق، وەکـو ماسـینیۆن دەڵێت، نیشـانەی شیعەبوونی حەلـلاج نییـە. هەروەها بـە ڕای ماسـینیۆن، ئـەو زاراوە قەرمتیانـەی حەلـلاج بـە کـاری بـردوون، بـە مانـای جیـاواز لـە مانـا قەرمتییـەکان مامەڵـەی

---

١ الحلاج في ماوراء الخط و اللون،ص٢٤

لەگەڵ کردوون و ڕەهەندێکی سۆفییانەی پێ بەخشیون.

حەللاج لە ساڵی (٢٧٠ک)دا دەچێت بۆ مەککە و ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە و لە ماوەی ئەو ساڵەدا جگە لە حەج و عەمرە، سەرگەرمی تێرامان و مەشقی ڕۆحی دەبێت تا ئەو ڕادەیەی کە تیایدا لە نزیکەوە عیشقی خودایی ئەزموون دەکات و دەگاتە ئەوەی بڵێت: "ئەگەر تۆزقاڵێک لەو ئاگرەی ناو دڵم فڕێ بدرێتە سەر شاخ و داخەکانی زەوی، هەموویان دەتوێنێتەوە، خۆ ئەگەر لەناو ئاگر خۆیشیدا بوومایە، ئاگرەکەم دەسووتاند". پاشان بەرەو ئەهواز دەچێت و لەوێشەوە بۆ شوشتەر و سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەهواز و ئینجا لە ساڵی (٢٨٦ک)دا بەرەو هیندستان و خوراسان دەڕوات.

خوراسان لەو ڕۆژگارەدا مەڵبەندی دەوڵەتی شیعە و هەروەها دوو بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆحیی بەتین بوو، کە بریتی بوون لە بزووتنەوەی قەرمتیەکان و، هەروەها بزووتنەوەی تەسەووفی بەستامی. حەللاج لەم گەشتەیدا بە گەلێ شوێن و گەلێ کەسێتی ئاشنا بوو و لێرە و لەوێ کۆڕ و کۆبوونەوەی دەبەست و گوتاری دەدا. دیسان نابێ ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئەو دەمە خوراسان پڕبوو لە پەرستگای بوودایییەکان و، فەلسەفە و ئایین و تەسەووفی هیندی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر حەللاج کرد و ئەمەش لە ڕێبازەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و گەیاندییە ئەو باوەڕەی کە هەر مرۆڤە و دەبێ لەناو خودی خۆیدا بەدوای خوادا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. ئەم گەشتەی پێنج ساڵی خایاند و دواتر لە دەوروبەری ساڵی ٢٩٠ک دا گەڕایەوە بۆ ئەهواز و لەوێشەوە بۆ بەغداد. دیسانەوە سەودای مەککە دایەوە لە سەری و

چووەوە بۆ ئەوێ و، ئەمجارەیان کە گەڕایەوە بۆ بەغدا، لە ماڵەکەی خۆیدا کەعبەیەکی بچووکی بۆ خۆی دروست کرد. هەڵبەتە حەللاج لەم قۆناغەدا گەیشتبووە ئاستێک لە عیشقی خودایی کە باوەڕی وابوو یەکبوونی ڕاستەقینە یەکبوونە لەگەڵ خوادا، دیارە ئەمەش شتێک بوو لای فەقیهەکانی ئەو دەمە قبووڵ نەدەکرا، بۆیە وردەوردە ناحەز و دوژمنی زۆر بوو. ئەوێک کە دەیوت: "یا أهل الإسلام، أغیثوني من الله، فلیس یترکني و نفسي فآنس بها، و لیس یأخذني من نفسي فاستریح منها، هذا دلال لا أطیقه" واتە: ئەی موسڵمانان، فریام بکەون لە دەستی خوا، نە دەهێڵێت ڕۆحم ئاسوودە بێت تا هۆگری بم و، نە لە ڕۆحم دەمسێنێتەوە تا ڕزگارم بێت لێی و بحەوێمەوە، ئەمە نازێکە کە ناتوانم بەرگەی بگرم" ئیتر چۆن خەڵکی لێی نەدەورووژاند و لێی پڕ نەدەبوون، لەوانەش فەقیهێک کە شیعری دەنووسی و ناوی محەمەدی کوڕی داود بوو و لە دادگای بەغداش قازی بوو. هەربۆیە بە تۆمەتی کفرکردن پەلکێشی کرد بۆ دادگا تا حوکمی کوشتنی بەسەردا بسەپێنن، بەڵام قازییەکی تر لەوێ کە ناوی ئیبن سورەیج بوو و فەقیهێکی شافیعی بوو بەرگریی لێ کرد و وتی: "حوکمدان بەسەر حاڵەتێکی سۆفییانەی لەم چەشنەدا لە دەسەڵاتی دادگا شەرعییەکاندا نییە (کە بەتەنها ڕواڵەتی شتەکان دەبینن)".

بەڵام دەبێ لێرەدا دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە مەسەلەی دوژمنایەتیکردنی حەللاج و ڕاوەدوونان و چاودێریکردن و زیندانیکردنی، بە تەنها پەیوەندیی بە تەکفریکردنیەوە نەبووە، چونکە وەکو ئاماژەشمان

پێ دا پەیوەندیی حەلـلاج بـە قەرمتی و زنجیەکانـەوە و بەرگریکردنـی لـە هـەق و لـە چەوسـاوە و هـەژاران، شتێک بـوو بـەلای عەباسییەکانەوە مایـەی مەترسـی بـوو. عیشقی حەلـلاج بـۆ خـودا هەڵوێسـتێک بـوو زۆر پەیوەسـت بـوو بـە دژایەتیکردنییـەوە بـۆ سـتەم و جـەوری عەباسـیەکان و چەوساندنەوەی هەژاران و سـەپاندنی باجی زۆر لـە سـەریان، بۆیـە تـا دەهـات ئـەم هەڵوێسـتەی، بـەرەو یاخیبوونـی زیاتـی دەبرد بەرامبـەر بـە دەوڵەتـی عەباسـی و، لەبەرامبـەر ئەوەشدا، خۆشەویسـتی و هاوسـۆزیی بـۆ سـتەملێکراوان پتـر دەکـرد. ئیتـر ئـەوە بـوو لـە سـاڵی (٢٩٩ک) (٩١١ - ٩١٢ز) دا، واتـە هـاوکات لەگـەڵ دامەزراندنـی دەوڵەتـی فاتمیـدا لـە مەغریـب، وەزیـری وەخـت "عەلیـی کـوڕی محەمـەدی کـوڕی فـورات" بڕیاری دەسگیرکردنی دەرکرد، بـەڵام ئـەو هەڵدێ بۆ سووس لـە ئەهواز، گەرچی دوای دوو سـاڵ، واتـە لـە ٣٠١ک دا و لەڕێی سیخوڕێکی وەزیر حامیدی کوڕی عەباسـەوە دەسگیردەکرێ و ئـەم زیندانیکردنەشـی مـاوەی نـۆ سـاڵ دەخایەنێت.

ئـەم قۆناغـە لـە ژیانـی حەللاجدا، دژوارترین و پڕئازارترین قۆناغ دەبێت، گەرچی لەگەڵ ئەمەشدا ئـەو هـەر لەسـەر کار و نووسینەکانی خۆی بـەردەوام دەبێت.

هـەر لـەو سـاڵی گرتنەیـدا وەزیرێـک بـە نـاوی "عەلیـی کـوڕی عیسـاوە" دەسـبەکار دەبێـت کـە خزمـی یەکێـک لـە کاربەدەسـتە گەورەکانـی دەوڵـەت دەبێـت بـە نـاوی "حەمـد قینائی"یـەوە، ئەمـەی دووەمیـان لایەنگرێکـە لـە لایەنگرەکانـی حەللاج. هەربۆیە ئیبنو عیسا، بە گەڕانـەوە بۆ فەتواکەی ئیبنو سورەیج مەسـەلەی دادگاییکردنـی حەلـلاج هەڵدەپەسێرێت و

قوتابییەکانی حەللاجیش ئازاد دەکات. بەڵام ئەو کردەوەیەی دەبێتە مایەی ورووژاندن و هەڵچوونی نەیارانی حەللاج، ئەمیش بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ورووژان و هەڵچوونە، بڕیار دەدات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ حەللاج بە زیندوویی بە خاچدا هەڵبواسرێ و ئینجا ببرێتەوە بۆ زیندان.

(حەللاج هەر لەم ماوەی زیندانیکردنەیدا دوا کارەکانی خۆی نووسی و لەوانەش "تاسینی ئەزەل" کە ئیبنو عەتا لە ساڵی ٣٠٩ک دا دەستی کەوت و لای خۆی پاراستی)[١].

## دادگاییکردنەکەی حەللاج:

پاش ئەوەی لە ساڵی ٣٠٦ک دا قەیرانی دارایی ڕووی کردە وڵات و سەرشەقامەکان پڕبوون لە خۆپیشاندەران و پێکدادان و، هەڵپژان لەنێوان خەڵک و سوپادا ڕووی دا و ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران و بریندار بوون، خەلیفە بۆ پاککردنەوەی دەستوپێوەند و دامەزراوەکانی لەو کەسانەی لایەنگری خۆپیشاندەران بوون، هەندێ گۆڕانکاریی ئەنجام دا. لەوانە؛ لابردنی ئیبنو فورات و دانانی حامیدی کوڕی عەباس بە وەزیر. حامیدیش یەکێک بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی حەللاج. بۆیە ئەوەی بە فرسەت زانی و دوای ئەوەی عەلیی کوڕی عیسای جێگری لە خۆی دوورخستەوە، بڕیاری سازکردنەوەی دادگایی بۆ حەللاج دەرکرد. (حامید دەیویست دیمەنەکە بە جۆرێک بسازێنێت کە حوکمی

---

١ قوس زندگی منصور حلاج،ص٣٨

کوشتنی حەللاج لە دادگاوە دەربکرێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە، قازییەکی سوننیی مالیکیی هێنا، ناوی ئەبو عومەری حەمادی بوو، کە لەناو کاربەدەستاندا بە قسەزانی ناوی دەرکردبوو، ئەو گوتەیەی حەللاجیشی هێنایەوە کە وتوویەتی: "لەبری چوون بۆ حەج، نەزر و زیارەتی کەعبەی دڵ بەسە" و کردی بە بەڵگە بەسەریەوە بۆ "دەسبەرداربوون لە حەج" و وتی: "مەسەلەکەی حەللاج لە مەسەلەی قەرمتیەکان دەچێت، کە دەیانوسیت کەعبە بڕووخێنن، بۆیە دەبێ مەنسووری حەللاج بەم تاوانە حوکمی کوشتنی بۆ دەربکرێ)[1] هەڵبەتە دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە حامید، حەللاج و هاوڕێکانی، لەوانە: ئیبنو عەتا و ئیبنو عیسای بە هۆکاری ئەو ئاشووب و خۆپیشاندانانە دەزانی. ئەمە لەکاتێکدا هۆکاری سەرەکی، خۆی بوو، کە تەماعی خستبووە بەر خەلیفە و باجی لەسەر خەڵک زیادکردبوو. خەڵکیش چیتر سەبریان نەمابوو لە دەست ئەو زوڵم و زۆرە و ڕژابوونە سەر شەقامەکان.

دادگاییەکە بە سەرۆکایەتیی ئەبو عومەری حەمادی سازکرا. هەر لە دەستەی دادگاییکردنەکەدا قازییەکی حەنەفی هەبوو کە ناوی ئەبوجەعفەری بەهلول بوو، لەبەرئەوەی بە کوشتنی حەللاج قایل نەبوو، لە دەستەکە دوورخرایەوە و قازییەکی حەنەفی تریان لەجێی دانا کە ناوی ئەبولحوسەین عومەر بن ئەشنانی بوو. حامیدی کوڕی عەباس بە ئەنقەست نەیهێشت هیچ قازییەکی شافیعی لەو دەستەیەدا بێت، لە ترسی ئەوەی نەبادا بکەوێتە ژێر کاریگەریی فەتوا کۆنەکەی ئیبنو سورەیجەوە و حەللاج بە بێبەری لە قەڵەم بدات. دادگاییەکە

---

١ هەمان سەرچاوە، ل ٤٦

سازکرا. چەند هەوڵیان دا، لە نووسینەکانیدا بەڵگەیەک لەسەر زندیقبوونی حەللاج بهێننەوە، نەیانتوانی. تا چوونەوە سەر مەسەلەی "حەج" و ئەو قسەیەی کە حەللاج لە بارەی حەجەوە کردبووی و وتبووی (ئەگەر یەکێک نەیتوانی بچێت بۆ حەج، دەتوانێ لە ماڵەکەی خۆیدا شتێکی وەکو کەعبە دروست بکات و بە دەوریدا تەواف بکات وەکو ئەوەی لە مەککە بێت، پاشان سی هەتیو کۆبکاتەوە و نانیان بداتێ و خۆی خزمەتیان بکات و دەستیان بشوات و کراس بکاتە بەری هەموویان و یەکی حەوت درهەمیان بداتێ. کاتێکیش قازی ئەبو عومەر سەرۆکی دادگا لە حەللاجی پرسی ئەو قسەیەی لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە، حەللاج لە وەڵامدا وتی کە لە کتێبی "ئیخلاس"ی حەسەنی بەسریدا خوێندوویەتییەوە. ئەبو عومەر نکووڵیی لەوەکرد کتێبێکی لەو جۆرە هەبێت. حەللاجیش لەسەر قسەکانی خۆی سووربوو. ئیتر ئەبو عەمەر ڕاپەڕی و بەسەریدا هاواری کرد: "ئەی خوێن حەڵاڵ". کاتێ وەزیر ئەمەی بیست، یەکسەر بە ئەبو عومەری وت: "ئەوە بنووسە"، هەرچەندە ئەبو عومەر ویستی خۆی لێ بدزێتەوە، بەڵام حامید پێداگریی کرد و لەسەر داواکەی سووربوو و - هیچ سەرپێچییەکیش لەگەڵیدا سوودی نەبوو -، بەتایبەتیش کە قازی بن ئەشنانیش بۆ ڕازیکردنی حامید، لەسەر ئەوە قایل بوو، هەربۆیە خوێنڕشتنی حەللاجیان حەڵاڵ کرد و ئەوانەی لە دادگاکە بوون، چ قازی و چ شایەت، هەموویان مەحزەرەکەیان ئیمزا کرد)[١].

لە ڕۆژی ٢٤ی زولقەعدەی ساڵی ٣٠٩ک دا و لە (بابی

---

١ الحلاج في ماوراء الخط و اللون،ص٦٧

خوراسان)، خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە تا چۆنێتیی کوشتن و لەخاچدانەکەی حوسەینی کوڕی مەنسوری حەللاج ببینن. حەللاج وەختێ لە شوێنی لەخاچدانەکەی نزیک بووبۆوە و دار و تەختە و بزمارەکانی بینیبوو، هێندە پێکەنیبوو تا چاوەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسک. پاشان هەر وەکو لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە و پێویست ناکات لەم پێشەکییەدا دووبارەی بکەمەوە، دوو ڕکات نوێژی کردووە و ئینجا داوای لە خوا کردووە کە لە بکوژەکانیشی خۆش بێت. ئینجا ئەبو حارسی شمشێروەشێن لێی نزیک دەبێتەوە و بە دەموچاویدا دەکێشێت، دواتر هەزار قامچیی لێ دەدات و دوای ئەوەش دەست و پێی دەبڕێتەوە. هەڵبەت لەبەرئەوەی لەخاچدانەکەشی دەبووایە بە ئامادەبوونی وەزیر بووایە تا فەرمانی خەلیفە لەوبارەیەوە بخوێنێتەوە، لەخاچدانەکەی بۆ ڕۆژی دوایی دواخرا و بۆ ڕۆژی دوای ئەوە، شمشێروەشێن لە ملی دا و سەری پەڕاند. پاشان لاشەکەی لە حەسیرێکەوە دەپێچن و نەوتی پێدا دەکەن و دەیسووتێنن، ئینجا خۆڵەمێشەکەی دەبەن و لەسەر منارەیەکەوە دەیرێژنە ناو ئاوی دیجلەوە. سەرە پەڕیوەکەشی دەبرێ بۆ زیندانە تازەکەی و، لەگەڵ هەردوو دەست و پێیە بڕاوەکەیدا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەسەر دیواری زیندانەکە دایدەنێن. دوایی، کەللەسەرەکەی دەبەنە گەنجینەی دارولخیلافە و بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە و پاش ئەوەش دەنێردرێ بۆ خوراسان تا لەوێ ببێت بە عیبرەتێک بۆ هاوڕێکانی. بەڵام ئەم چارەنووسە شتێکی سەیر نەبوو بەلای حەللاج خۆیەوە، ئەو مردنی لەڕێی هەق و عیشقی خوداییدا بە خەونێک دەزانی کە دەیویست بێتە

دی. ئەی هەر ئەو خۆی نەبووە کە پێشتر پێشبینیی ئەو مەرگەی خۆی کردووە و وتوویەتی:

ألا أبلغ أحبائي بأنيّ
رکبت البحرُ و انکسرَ السفینة
علی دین الصلیب یکون موتي
و لا البطحا أرید و لا المدینة[1]

واتە: بە خۆشەویستانم ڕابگەیەنن کە من بە ڕێی دەریادا ڕۆیشتم و کەشتییەکەم شکا، مەرگی من لەسەر تەرزی ئایینی خاچپەرستان دەبێت، من نە مەککەم دەوێت و نە مەدینە.

فەریدەدینی عەتتار لە "مەنتیقولتەیر"دا بەمشێوەیە باس لە دەستوقاچ بڕینەوەکەی حەللاج دەکات:

چـون شـد آن حـلاج بـردار آن زمـان
جـز أنـا الحـق مـی نرفتـش بـر زبـان
چـون زبـان او همـی نشـناختند
چـار دسـت و پـای او انداختنـد
زردشـد چون بریخت خون از وی بسی
سرخ کـی مانـد دریـن حالـت کسـی
زود در مالیـد آن خورشـید راه
دسـت ببریـده بـه روی همچـو مـاه
گفت چـون گلگونـهء مـرد است خون
روی خـود گلگونـه کـردم کنـون
تـا نباشـم زرد در چشـم کسـی
سرخ رویـی باشـدم انجـا بسـی

١ منطق الطیر،ص ١٥٦

واتە کاتێک حەللاجیان لەو ڕۆژگارەدا بە داردا هەڵواسی، جگە لە (أنا الحق) هیچی تری بەسەر زماندا نەهات، لەبەرئەوەی خەڵکەکەش لەو قسەیەی تێنەدەگەیشتن، هەر چوار دەست و پێیان بڕی، کاتێکیش خوێنی زۆری لێ ڕۆیی، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، چونکە لە حاڵەتێکی وادا چ ڕوخسارێک هەیە بە سووری بمێنێتەوە، ئینجا ئەو پیاوە کە ڕێگای خۆی گرتبوو، دەستە بڕاوەکەیماڵی بە ڕوخساری خۆیدا کە دەتوت مانگە و وتی: ئەگەر سووریی ڕوخساری پیاو هی ئەو خوێنە بێت کە تیا دەگەڕێت، وا منیش ڕوخساری خۆم سوورتر کرد، تا لە چاوی کەسدا ڕەنگزەرد نەنوێنم، بۆیە پێویستم بەوەیە ڕەنگم سوور بێت.

## کاریگەریی حەللاج دوای مەرگی

ئەو ڕاستییەی نکووڵیی لێ ناکرێ ئەوەیە کە حەللاج و ڕێبازەکەی لە پاش مەرگی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر فەیلەسووفان و موتەسەویفان و تەنانەت ئەدیبان و هونەرمەندانیش هەبووە. شایانی باسە حەللاج جگە لەوەی سۆفییەکی گەورە بووە، شاعیرێکی گەورەش بووە و کۆمەڵێک قەسیدەی ناوازە و نەمری دوای خۆی جێهێشتووە. لێرەدا زۆر بە کورتی و هەر بۆ نموونە ناوی هەندێک لەو کەسێتییانە دەهێنین کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی حەللاج و ڕێبازەکەی و شیعرەکانییەوە، لەوانە: ئیبنو سینا کە بە شێخی ڕەییس ناسراوە، چەمکی نوور کە بناغەی فەلسەفەی ئیشراقە، ئیبنو سینا لەژێر کاریگەریی حەللاجدا دەیکات

بە بنچینەی فەلسەفەکەی. هەروەها "سوهرەوەردی"یش بە هەمان شێوە. جگە لەمانە دەتوانین ناوی "جیلی" و "ئیبنو عەرەبی" و "ئیبنو فارز" و "غەزالی" و "فەریدەدین عەتتار" و "جەلالەدینی ڕۆمی"یش بهێنین.

هەروەها لویس ماسینیۆن سەبارەت بە کاریگەریی حەللاج لەسەر ئەو بە نەژاد تورکانەی کە تازە ڕوویان کردبووە ئیسلام و لە کارەکانیاندا ستیاشی حەللاجیان کردووە؛ ناوی ئەمانە دەهێنێت:

١ - ئەحمەد پەسوی (کە لە ساڵی ٥٦٣ک دا کۆچی دوایی کردووە) و لە شاری پەساء نێژراوە، لە شیعرەکانیدا پەسنی حەللاجی کردووە.

٢ - نەسیمی، لە شیعرەکانیدا بە گەورەیی باسی حەللاجی کردووە و لە ساڵی (٨٢٩ ک)دا بە تۆمەتی ئیلحاد لە شاری حەڵەب کوشتوویانە و پێستەکەیان گوورووە.

٣ - سۆفییەکانی بەکتاشیە: زۆربەی لایەنگرانی ئەم ڕێبازە لە "یەنی چری"یەکانی وڵاتی عوسمانی بوون کە خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ حەللاج هەبوو... لە ئەدەبیاتی تورکیشدا حەللاج بە "زوبدەتولئەولیا" ناسرابوو. لامیعی (کە لە ٩٥٨ ک دا کۆچی دوایی کردووە) لە قەسیدەیەکیدا کە پێشکەشی سوڵتان سولەیمانی قانونیی کردووە، شێوەی لەداردانەکەی حەللاجی بە گوڵێکی سەربەرەوخوار شوبهاندووە.)[1]

هەڵبەت ماسینیۆن لەپاڵ ئەم ناوانەدا ناوی گەلێ موتەسەویف و شاعیری تری تورک و غەیرە تورک

---

[1] قوس زندگی منصور حلاج، ص٧٦

ڕیزدەکات کە هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی حەللاجەوە کە ناکرێ لێرەدا ناوی هەموویان بهێنین، بەڵام هەر لەو ناوانە ئاماژە بە ناوی "ئیقبالی لاهوری" دەکەین کە فەیلەسووف و شاعیر و سیاسەتمەدارێکی ناوداری پاکستانی بووە و لە ساڵی ١٩٣٨ز دا کۆچی دوایی کردووە. ئەو لە ڕوانگەی چەمکی "باڵامرۆ"ی فریدریش نیتچەوە دەڕوانێتە حەللاج و ئەو بە نموونەی مرۆڤی بەرکەماڵ لە قەڵەم دەدات.

هەروەها کاریگەریی حەللاج لەسەر شاعیرانی فارس کاریگەرییەکی بەرچاو و فراوانە. لەو شاعیرانەش" مەولەوی (جەلالەدینی ڕۆمی)، حافز، نیزامی، سەعدی، پەروینی ئیعتیسامی، ئەبو سەعید ئەبولخەیر، سائیب، موسەوی، فەیزی کاشانی، سەنایی، عیراقی و هتد...

لە شاعیرانی عەرەبیش دەتوانین ناوی (سەلاح عەبدولسەبور) بهێنین کە شانۆنامەیەکیشی هەیە لەسەر حەللاج بە ناوی "تراژیدیای حەللاج"ەوە. هەروەها (عەبدولوەهاب بەیاتی) کە شیعرێکیشی هەیە بە ناوی (ئەشکەنجەکانی حەللاج)ەوە. شاعیرێکی تری عیراقیش هەیە بە ناوی (قەیس لفتە مراد)ەوە کە زۆر لەژێر کاریگەریی حەللاجدا بووە و تەنانەت دیوانێکی بچووکی هەیە کە ناونیشانەکەی (گۆرانییەکانی حەللاج)ە و لە ساڵی ١٩٦٦دا لە بەغدا چاپی کردووە. بێگومان ناکرێ ئاماژە بە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی (کامیل مستەفا شیبی) یش نەدەین کە هەم لە ڕووی خۆشەویستییەوە بۆ حەللاج و هەم لە ڕووی سەرسامبوونیەوە بە لویس ماسینیۆن، چەندین باس و توێژینەوەی لەسەر حەللاج نووسیوە، جگە

لە کتێبە بەناوبانگەکەی کە "شرح دیوان الحلاج"ە، لە پاڵ کتێبەکەی تریدا کە ناوی "حەللاج وەک بابەتێک بۆ ئەدەبیات و هونەری خۆرهەڵاتی و عەرەبی" کە لە ساڵی ١٩٧٦دا لە بەغدا بە چاپی گەیاندووە.

هەروەها لەمڕووەوە نابێ "جەمیل سدقی زەهاوی" و "ئەدۆنیس"ی شاعیر و، "عەدنان مەردوم بێگ" ی شانۆنووس و "میشال فەرید"ی ڕۆماننووس و هونەرمەندان "شاکر حەسەن ئال سەعید" و "زیاء عەزاوی"یشمان لەبیربچێت.

لە شیعری کلاسیکیی کوردیشدا، بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی حەللاج و ڕێبازەکەی لەسەر بەشێک لە شاعیرانی ناودارمان دەبینینەوە[1]، لەوانە باباتاهیری هەمەدانی، مەلای جزیری، خانی، بێسارانی، مەولەوی، مەولانا خالید، نالی و مەحوی.

ژنە خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی "ئان ماری شیمیل" باس لەوەدەکات چیرۆکی پەروانە و چرا کە لە کتێبی "تەواسین"ی حەللاجدا هاتووە، لەسەر دەستی حافزی شیرازی چووەتە ناو شیعری فارسییەوە و لەڕێی "گۆتێ"یشەوە چووەتە ناو ئەدەبیاتی ئەڵمانیەوە، کاتێ گۆتێ شیعری حافز بۆ ئەڵمانی وەردەگێڕێت. هەڵبەتە دیارە هەمان چیرۆک و پاش بە شیعرکردنی، هەر لەڕێی شیعری کلاسیکیی فارسیشەوە هاتۆتە ناو شیعری کلاسیکیی کوردییەوە و وێنەی شەمع و پەروانە لە شیعری کلاسیکیماندا زۆر دووبارە بووەتەوە.

---

١ لەمبارەیەوە ماستەرنامەیەکی کاک سەبوور عەبدولکەریم (شکار) هەیە بەناوی (ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینیی حەللاج لە شیعری کلاسیکیی کوردی و فارسیدا)وە کە تیایدا بە فراوانی لەسەر ئەو کاریگەرییەی حەللاج دواوە.

## ئەم ڕۆمانە

نووسەری ئەم ڕۆمانە کە ناوی "عەباس ئەرنائوت"ە، لە بنەڕەتدا نووسەرێکی درامایی و دەرهێنەرێکی تەلەفزیۆنییە و لە بەریتانیا خوێندوویەتی و لە حەفتاکانەوە سەرقاڵی نووسین و دەرهێنانی زنجیرەی درامایی تەلەفزیۆنی بووە و کۆمەڵێک زنجیرەی تەلەفزیۆنیی سەرکەوتووی بۆ کەناڵە عەرەبییەکان نووسیوە، لەوانە: سولەیمانی حەڵەبی، عەنتەرە، شەوی کەوتنی غەرناتە، شکۆ شایانی ئەسپسوارانە، مەرگی موتەنەبی و هتد... لە بواری ڕۆماندا، جگە لەم کارە کارێکی تری هەیە بە ناوی "دەنگەکە بانگم دەکات"، لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتدا.

ئەگەر بمانەوێ چەند دێڕێک لەسەر ئەم ڕۆمانە بڵێین، ئەوا بەر لە هەموو شتێک دەبێ بڵێین کە ئەم ڕۆمانە بە شێوازێکی تەقلیدی نەنووسراوە و هەر لە سەرەتاشەوە خوێنەر هەست بەمە دەکات. واتە لەم ڕۆمانەدا خوێنەر گێڕانەوەیەکی باو نابینێتەوە وەکو ئەو گێڕانەوانەی زۆربەی ڕۆماننووسەکان پەنای بۆ دەبەن، بەڵکو زمانی گێڕانەوە لەم کارەدا پتر زمانێکی پەخشانیی شیعر ئامێزە کە خۆی لە دێڕی کورت کورت و وێنەی شیعری و بەکاربردنی زمانێکدا دەبینێتەوە کە ئەگەرچی شیعری ڕووت نییە، بەڵام دەیەوێ لەناو کەش و هەوایەکی شیعریدا بمانهێڵێتەوە. هەڵبەتە ئەگەر ئێمە وا بڕوانینە ئەزموونی سۆفییانە، کە بە دیوێک لە دیوەکانیدا ئەزموونێکی شاعیرانەشە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ

که هەڵبژاردنی ئەم شێوازەی بەکاربردنی زمان لەم دەقەدا هەڵبژاردنێکی زیرەکانەیە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا کەسێتیی حەللاج هەم وەکو کەسێتییەکی موتەسەویفی تینوو بە مەعریفە و خۆناسین و خوداناسین پیشان دەدات هەم وەکو شاعیرێکی شەیدا ( کە حەللاج خۆی شاعیرێکی گەورەش بووە) و هەم وەکو کەسێتییەکی یاخی و شۆڕشگێڕ کە هاوخەمی ستەملێکراوان و مافخوراوانە، ئەوانەی لە سای ستەم و جەوری دەوڵەتی عەباسیدا ژیانێکی سەخت و ناشایستە بە ئینسان دەبەنە سەر و هەرچی موڵک و داهاتی وڵاتە قۆرخە بۆ توێژێک لە حوکمڕانان و کاربەدەستانی سەر بە دەوڵەت و خەلیفە و، جووتیار و کۆیلەکانیش ڕۆژانە ژەهراو دەچێت بە گەروویاندا. بەهەرحاڵ ئەم دوو ئاقارە لەلای حەللاج تێکەڵ دەبن و لە یەکدی جویێ ناکرێنەوە، واتە عیشق بۆ خودا و عیشق بۆ ئینسان، بۆ هەقی ئاسمان و هەقی مرۆڤەکان.

دەتوانین بڵێین کە نووسەر لەم کارەدا توانیویەتی سەرەکیترین ڕووداو و وێستگەکانی ژیانی حەللاج کۆبکاتەوە و بە خەتێکی سەردیی - شیعری پێکەوە گرێیان بدات و وێنەیەکی هونەریی جوان و دڵڕفێنمان بۆ بخاتە ڕوو.

دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە لە هەندێ شوێنی ئەم دەقەدا زمان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سەردییانەی خۆی، گەرچی ئەم شوێنانە لە کارەکەدا کەمن و بە شێوەیەکی گشتی زمانێکی شیعری و شاعیرانە بەسەر ڕۆمانەکەدا زاڵە، کە ئومێد دەکەین ئێمەش توانیبێتمان لە دەقە کوردییەکەدا ئەوە بە خوێنەر بگەیەنین. هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە

لە هەندێ جێدا، بە ئەنقەست هەندێ وشە و گوزارە و ئایەتم بە عەرەبییەکەی داناوەتەوە، چونکە هەستم کردووە ئەوە پتر هێزی ئەو شوێنانەی دەقەکە دەپارێزێت، بەڵام بەبێ ئەوەی لە یادم بچێت لە شوێنی خۆیاندا یان لە پەراوێزدا، مانایان لێک بدەمەوە یان ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدەم، چونکە هەروەکو دەزانن لە تەسەووفدا هەندێ وشە و زاراوە و گوزارە هەن کە نەک هەر وەرگێڕانیان بێتامیان دەکات، بگرە هاوواتایەکی پڕ بە پێستیشیان دەست ناکەوێ.

دواجار، ئێوە و ژیان و عیشق و ئازارەکانی ئینسانێک کە لە زۆر ڕووەوە بە ئازارەکانی مەسیح شوبهێنراوە.

ئازاد بەرزنجی

٢٠١٦/١/٤

# دادپەروەری بناغەی فەرمانڕەواییە

بۆ ئەو کەسەی ناتوانێ بنوێ
لەکاتێکدا دراوسێکەی برسییە

# ئەم چرکەساتە

شەوی دووشەممەی... بیست و سێی زولقەعدەی
ساڵی سێ سەد و نۆی کۆچی...
لەگەڵ ئەستێرەکانی پاش شێواندا...
کاروانەکە گەیشتە
ئەنجومەنی پۆلیس لە کەرتی خۆرئاوای بەغدا...

زیندان...
ژوورێکی تەنگ...
چوار دیواری کەڕ... پەنجەرەیەک...
هەنگاوێک چووە ژوورەوە...
دوو هەنگاو...
دەرگاکە دائەخرێ...
جیڕەی داخستنەکەی دەنگ ئەداتەوە...
وایانزانی
بەتەنیا جێیان هێشتووە...
وەلێ تەنیا نەبوو...

مامۆستاکە وتی...
کوڕم... هانێ ئەوە هێشوویەک ترێ...
بڕۆ لە شوێنێکدا بیخۆ
کەس نەتبینێ...
منداڵەکە ڕۆی...
ڕۆژێک...
دوو ڕۆژ...
گەڕایەوە...
ترێکەی هەر لە دەستدا بوو...
مامۆستاکەی بە سەرسامی لێی پرسی:
بۆچی نەتخوارد؟
وەڵامی دایەوە و وتی:

شوێنێکم نەدۆزییەوە کەس تیایدا نەمبینێ
خوا ئەمبینێ...

خوا ئەمبینێ...
لە دڵی خۆیدا وتیەوە... خوا ئەمبینێ...
پەنجەرەی ناو دیوارە کەڕەکە...

ئاسمان و شەو و ئەستێرە...

ئەستێرەکان...
هاواری ئومێدێک لە خامۆشیی بێهیواییدا...
بەدەم مژدەوە ئەدرەوشێتەوە...
خۆشترین مژدە...
جەڵدە و لەخاچدان و ژوانی یار...

ئاسمان... ڕەشێکی سامناک ئەپۆشێ
ئەبەدییەت... بێکۆتایە...
ئێمەش... لەدایک ئەبین و ئەمرین...
لە مەنزڵێکەوە بۆ مەنزڵێکی دی ئەچین...

لەحەسرەتا دڵی کەوتە لەرزین...

ئاخۆ سبەی ئەو بەرگە دائەماڵم لەخۆم
کە عومرێکە...

باری ڕۆحی قورس کردووم؟...
بەناو چراکانی عەرشدا
لە شەقەی باڵ ئەدەم و...
لەگەڵ باڵندەی سەوزدا دێم و ئەچم؟...
پاش جودابوونەکی درێژخایەن
سەر ئەخەمە سەر سنگی یار...
ئەی یار...
لە نێوانی من و تۆدا شەوێک هەیە
دەریاکەی بێ ڕۆخ و کەنار...
بەڵەمم شەوق و تاسەیە...
زیکری تۆ وێرد و نزا و چارۆکەیە...
هەتا بەیان...

جلەکانی داکەند و لەسەر ئەرزەکە دانیشت...

ئەی هاونشینی ئەو کەسەی یادت ئەکا...
من کەی تۆم لەیادکردووە تا یادت کەم؟...
چ سەرزەمینێ هەیە تۆی لێ نەبێت...
ئەی ئەوەی کەس نەیتوانیوە بەڕاستی
یەکت بخات، جگە لە خۆت...
سوێند بێ...
جگە لە عیشقی تۆ لەناو دڵما
گشت عیشقێکم لێ حەرام بێ...

# سەرەتاکان

جوانترین یادەوەرییەکان
ئەوانەی سەرەتان...

حوسەینی کوڕی مەنسور... ساڵانی سەرەتای تەمەنی
لە "توور"ی سەر بە قەزای "بەیزا"ی ناوچەی "فارس"دا
بەسەردەبات...
ئەو شوێنەی تیا لەدایک بوو.

باوکم...
پیاوێکی لاوازی جوان... بەڵام کەمێک پشتی چەمابۆوە...
کەوانێکی ئەگرت بە دەستەوە... لە باڵای خۆی درێژتربوو...
ئەو کەوانە لە دارێکی قایم دروست کرابوو و... ژێیەکی
هەبوو...
لەبەردەمی تۆپەڵێک لۆکەی چون بەفردا دائەنیشت و...
ئەیکێشا بە ژێی کەواندا...
کلووە بەفری سپی بە ئاسماندا پەرش ئەبوون...
خەونیان لەگەڵ خۆیان ئەبرد...

هەست بە سەرما ئەکەم...
خۆم بە باوکمەوە ئەنووسێنم، هەڵئەکوڕمێم...
لە ژێیەکە ڕائەمێنم...
ئاواز و ڕەمزێکی یەکدەست پەیدا ئەبێ...
سەرم بەرز ئەکەمەوە...
لۆکە ئەبێتە ئەستێرە و ئاسمان ئەڕازێنێتەوە...
کلووەکان پەرش ئەبن...
بە سپێتییان، سەر ڕووی زەوی ئەپۆشن و سافی ئەکەن...

باوکم بەدەم ئیشکردنەوە، بۆم ئەدوێ...

ئەزانی حەللاج[1] یانی چی؟...
لەکاتێکا، لە ژێی کەوانەکەی ئەدا...
هەر خۆی وەڵام ئەداتەوە...
حەللاج کەسێ نییە کە هەر
لۆکە شی ئەکاتەوە و هیچی دی...
بەڵکو ئەو چی پۆخڵییە
لە داوە دەزووەکانی گوڵە سپییەکە ئەکاتەوە...
پاک و پیس جیا ئەکاتەوە...

ئەگێڕنەوە، ئیبراهیمی کوڕی سەمعان وتوویەتی:
لە مزگەوتی مەنسوور کاتێ کە حەللاجم بینی...
لە چمکی بەنەخوێنەکەما و بۆ سەرپێچیکردنی خوا...

١ هەڵبەت هەللاج لە کوردیدا هەر هاوتای حەللاجە عەرەبییەکەیە.

دوو دینارم شاردبۆوە...
سواڵکەرێ هات، داوای یارمەتیی لێ کردم...
هیچم پێ نەدا...
حوسەین وتی: ئیبراهیم لەو شتەی لە بەنەخوێنەکەتا
شاردووتەتەوە، بەشی بدە...
من حەپەسام...
ئەو وتی مەحەپەسێ... چاکتر وایە بیکەیت بە خێر...
وتم یا شێخ چۆنت زانی؟
وتی... هەر دڵێ دەسبەرداری غەیری خوا بێ...
لە غەیبا شاراوەی ئەبینێ و... لە نهێنیشدا ناواخنی...
حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاج...
ناونرا هەللاجی نهێنییەکان...
ئەو کەسەی پاک و پیس لێک هەڵاوێرد ئەکا...
بەناو بنکەکانی چنیندا لە ئەهواز...
باوک و خێزان و کوڕەکەی... ئەگەڕێن و ئەگەڕێن...

باوکم ڕوو لە هەر شارێ ئەکا...
کەوانەکەش... لەگەڵ خۆیدا ئەبا...
خەڵکی دەوروخولی ئەدەن...
داوای لێ ئەکەن ئیشیان بۆ بکا...
دائەنیشێ...
لە لایەوە دائەنیشم...
گوێ لە ئاوازی کەوان و ژێکەی ئەگرم...
لەو لۆکانە ڕائەمێنم کە هەر بە چەشنی ئەستێرە...

بە ئاسمانا هەڵئەفڕن و...
پاشان وەک کلووە بەفر ئەبارێنەوە سەر زەوی...
لەگەڵ باوکمدا سەفەر ئەکەم و...
هیچ هەست بە غەریبی ناکەم...
ئەو هەم گەرمیم پێ ئەبەخشێ و...
هەم نیشتمانی منیشە...

ئەلف... لام... میم...
نە سیحرە و نە شیعر...
ئەتوت چاوەزارن و لە ئاسمانەوە دێنە خوار...
کاف... ها... یا...
دڵم ئەلەرزێ...
عەین... ساد...
سەرەتا وشە بوو...
بەڵام... بەر لە وشە، پیت هەبوو...
نهێنیی گەردوون و زانین...

بە ڕۆژ ئەخوێنینەوە و فێرئەبین...
شەوانیش...
مامۆستا ئاگرێکمان بۆ پێ ئەکا...
تاکو گەرممان بێتەوە و...
لەبەر ڕووناکییەکەشیدا... قورئان بخوێنینەوە...

هەموو کتێبەکەم لەبەرکرد...
لە فاتیحەوە هەتاکو سوورەتی ناس...
بەمجۆرە توانیم بە زمانێکی عەرەبیی ڕەوان...
قسە بکەم و... بنووسم...

خوا قورئانی پێ بەخشیوی، کوڕم...

به جوانی بیخوێنەرەوە و...
لەبەرخۆتەوە بیلێرەوە...
دەستێک بەسەر سەرما دێنێ و...
ڕێی سەفەر ئەگرینەوە بەر...

چووینە شاری "شوشتەر"ەوە...
ئەو شارەی کە هەموو ساڵێ...
بە دەستە موبارەکەکانی پۆشاکی کەعبە ئەچنێ...
من ئەو دەمە...
تەمەنم شانزدە ساڵان بوو...

شوشتەر

دەمەدەمی زستانە لە شوشتەر...
خاک بووکێکە و بۆنی خۆشی لە خۆی داوە...
چاوەڕوانی ئاسمانە...
باران تەڕی کا...
بەرامەی بڵاو بێتەوە...
تا بە شەوقەوە بۆ بەیان...
گشت ڕۆحەکان بێدار ئەکا...

شەوی شوشتەر خامۆشییە و خرمەی باران...
حەللاجی لاویش بێدارە و
خەوی ئەتۆرێ لە چاوان...

خوێندییەوە... فێر بوو... شەونخوونی بڕستی لێ بڕی...
بەڵام هێشتا ئەقڵ پڕە لە سەرسوڕمان...
هەزار پرسیاری بێ وەڵام...

دڵی ئەلەرزێ...
سەرگەشتە ئەبێ...

هەر بە چەشنی باڵندەیێ... لانەکەی خۆی جێهێشتبێ...
سەراسیمە ئەبێ...
ناخوێنێ...
یار و دڵخوازێ بانگ ئەکا کە نایبینێ...

زاناکەی شوشتەر و پیاوە گەورەکەی...
ئەبو محەمەد... سەهلی کوڕی عەبدوڵڵا...
لە شوشتەردا ژیاوە و هەر ئەوێش بووە بە نازناوی...
باسی لە ئیخلاس و زانستی دڵان کرد...
حەللاج ناوی بیستبوو و چوو بۆ لای...
بەو ئومێدەی... لە دەریاکەیدا ئاوێکی دەست بکەوێ...
کە سوێر نەبێ...
لێی بخواتەوە و تینووێتیی پێ بشکێنێ...

شوشتەری دانیشتووە...
سەرزەمینێ تەی ئەکا ئەم سەرزەمینە نییە...
دەلاقەیەک وا لە دیوارەکەدا... لەپشتیەوە...
ڕووناکییەک...
خەرمانەیەک لە ڕۆشنایی...
سەروسیمای داپۆشیوە و... ڕوون نابینرێ...

ئەوەی لە یار جودا بۆوە... زیکری ڕۆژانی ژوان ئەکا...
ئەمەی وت و جا بێدەنگ بوو...

بێدەنگی درێژەی کێشا...
ویستم بڵێم...
شەوق و تاسە ماندووی کردووم...
لێ لە سامی خامۆشییەکەی بێدەنگ بووم...
وتی...
شەوق و تاسە...
تاسە بۆ نادیارێ کە حزووری هەیە...
ئەمەیە ژان و برکی دڵ، ئەی کوڕی خۆم...
هەر ئەمەشە سوێی دڵ و ڕۆحی عاشقان...

ئەم قسانە چین!!
دڵۆپەئاوی بێگەردی دنیای غەیبن...
تەمەنیان چرکەساتێکە...
یاوەکو چەند چرکەساتێ...

وتی:
هەرکەسێ بە دڵ ڕێ بکا... بە یار ئەگا...
ئەچرپێنم...
لەکوێ...
وەڵامی دایەوە و وتی:
ڕوو لە هەر جێگایەک بکەن...
ڕوخساری خودا ئەبینن...
ئەوەی غەیری یار ببینێ، یار نابینێ...

سەرم سووڕما...
چۆن بانگی بکەم...
وتی: کاتێ بەندەیەکی خۆی خۆشدەوێ...
دڵی بۆ خۆی ڕائەکێشێ...
ئێمە گوناهی پێ ئەدەین... ئەو بەخشین و لێبوردەیی...
بێدەنگ بوو...
هەر بە بێدەنگی مایەوە، تا خامۆشی هاتە قسە...
گیانم هەموو کەوتە لەرزین...
دەریایەک لە دەریایێ هەڵئەگۆزێ...
ئەوەندەی لە توانادا بێ ئاو ئەبەخشێ...
هێندەی خوا حەز کا هاودەمیی ئەکەم...

بەرەو دەرگاکە ملم نا...
چوومە دەرێ، لێ ئەمزانی دێمەوە لای...

لە وانەکانی مامۆستاکەیدا ئامادە ئەبوو و
لە هەڵقەکانیدا دائەنیشت...
شوشتەری سەرنجی دا...
دڵی ئەم لاوە... بەشی هەموو دنیا ئەکا...
خۆشی ویست و نزیکی کردەوە لە خۆی...
هەندێجار... بەتەنیا لەگەڵیدا دائەنیشت...
ئەیوت:
لە زانستدا شتێکی شاراوە هەیە...
کە توورِ نادرێ بۆ سەر ڕێوبان...

ڕۆژێکیان لە مزگەوت...
قوتابیەکە گوێی بۆ مامۆستاکەی ڕاداشتبوو:

دەستەیەک لە "المؤلفة قلوبهم"[1]...
هاتن بۆ مزگەوت...
سەیری موسڵمانە هەژارەکانیان کرد و وتیان:
ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر خۆت لە پێشەوەی مزگەوتەکەدا دانیشیت و
ئەوانەمان لێ دوور بخەیتەوە،

---

١ المؤلفة قلوبهم: پیڕێک بوون چوونە ناو ئاینی ئیسلامەوە، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ئیمانیان هێنابێت، لەوانە: ئەبو سوفیان بن حەرب و یەعلا بن ئومەیە.

لێتەوە نزیک ئەبین و لێت فێرئەبین...
هەژارەکان جبەی خورییان پۆشیبوو،
چون هیچی تریان شک نەئەبرد... هێند گەرمیش بوو،
جبەکانیان بۆنی مەڕی لێ ئەهات...

قورئان هاتە خوارەوە...
"وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا..."[١]
پێغەمبەری خودا لای ئەوانە هەستا کە دوای هەوای خۆیان کەوتوون و چووە بەشی خوارەوەی مزگەوتەکە، بۆ لای هەژارەکان، کە دانیشتبوون و زیکری خوایان ئەکرد...
لەگەڵیاندا دانیشت و وتی:
سوپاس بۆ خوا کە نەیمراندم تا فەرمانی دامێ کە لەگەڵ قەومێکی ئۆمەتەکەمدا ئارام بگرم... لەگەڵ ئێوەدا بژیم و بمرم...

---

١ سەبر بکە و دان بەخۆتدا بگرە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە یادی پەروەردگار وێردی سەرزمانیانە لە بەرەبەیانەوە تا دەمەو ئێواران، دەیانەوێت کە خودا لێیان ڕازی بێت، ڕوو لەوان وەرمەچەرخێنە و ڕوو مەکە زینەت و ڕازاوەیی ژیانی دنیا و گوێ لەوکەسە مەگرە کە دڵیمان غافڵ کردووە لە یادی خۆمان و دوای هەوای خۆیان کەوتوون و کەوتووەو کاروباریان بێ سەروبەرە و لە سنوور دەرچووە. ( بۆ وەرگێڕان و تەفسیری ئایەتەکان سوود لە تەفسیری " ئاسان وەرگێردراوە کە کاری بەڕێز ‹ بورهان محەمەد ئەمین"ە).

لەو شتانەی فێری کردم، خوا بیبەخشێ...
هیچ دڵێک و نەفسێک نییە، خودا ئاگاداری نەبێ...
ئیدی بە ڕۆژ یاخود شەو بێ...

پێی وتم کە:
زانست و کار دوو نیعمەتن...
سوپاسی زانست بە کارە و، پاداشتی کاریش زیابوونی زانستە...

کارەکان بە سەرکەوتنیان ئەپێورێن... سەرکەوتنیش لە خواوەیە...
کلیلی هەموو کارێکیش نزا و پاڕانەوەیە...

ئەیوت:
بنچینەی زانستی ئێمە...
حەوت شتە...
پابەندبوون بە کتێبی خواوە...
پەیڕەویکردن لە سوننەتی پێغەمبەر (د.خ)...
خواردنی حەڵاڵ...
ئازارنەدانی کەس...
دوورکەوتنەوە لە گوناه...
تۆبەی دایم...
بەجێهێنانی ئەرکەکان...

کوڕم...
وەک زانست بیزانە و...
وەک کار و کردەوەش بیپارێزە...

دوو ساڵ لەگەڵ شێخ مامەوە...
هەم پەروەردەکار بوو هەم مامۆستا...
ڕۆژێکیان سەردانم کرد...
بە بێدەنگی دانیشتبوو...
دەنگی لە دوورەوە ئەهات...
ئەیوت:
هیچ گوناهێ هێندەی جەهل و نەزانین گەورە نییە...
کوڕم...
چەندێ ئەتوانی زاهید بە...
هەوەڵی زوهد و ئاخیری... دەسبەرداربوونە لە حەرام...
کاری چاکە، هەم کەسی باش ئەیکا و هەم خراپ...
وەلێ تەنها کەسی ڕاستگۆ...
خۆی لە گوناه ئەپارێزێ...
زوهد گەورەیی باوەڕدارە...
تەرکی مەنزڵی بەیارە...
بەرەو مەنزڵی پایەدار...

کوڕەکەم...
تۆبە حاڵی ڕێبواران و... بەلەمیانە...

داوای بەخشین توێشوویانە...
کەس ناچێتە دۆڵی پیرۆزەوە ئەوە نەبێ...
کە هەردوو سۆلەکەی پێی داکەنیبێ...
واتە هێز و فڕوفێڵی...

کوڕەکەم...
گوناە لە سینەتدا هەڵنەکۆڵراوە...
"وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ..."
"بەڵام ئەوەی لە پایەو شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست. بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی."
حەز و هەوەس چپەی دەروون و شەهوەتە...
ئاگات لێی بێ...

شێخ بۆ ماوەیەکی درێژ لێی بێدەنگ بوو...
لە دڵی خۆیدا وێرد و نزای ئەخوێند...
ویستم لەو حاڵەدا جێی بهێڵم...
وتی...
کوڕم... ئەوە بزانە کە ڕۆژگارێک تێی کەوتووین
کەس ڕزگاری وەچنگ ناخا
بەتەنها ئەو کاتە نەبێ...

بە برسێتی و سەبر و بە خۆماندووکردن...
نەفسی خۆی سەرببڕێ...
چون ئەهلی ئەم زەمانەیە زۆر گەندەڵن...

بێدەنگ بوو...
خەیاڵی دای لە شەقەی باڵ...
من تیا مابووم چیی پێ بڵێم...
ڕۆییم دەرگاکەم کردەوە...
شەوێکی تا بڵێی سارد بوو...
مانگ هێندەی تۆزێکی مابوو...
چوومە دەر تا بڕۆمەوە...
وردەوردە کەوتمە ڕێ...

بۆ ڕۆژی دوایی بوو زانیم...
کە شێخ دەسبەسەر کراوە و...
بۆ بەسرە نەفی کراوە...
هەر لەوێ و لە غەریبیدا...
گیانی داوە...
وەسیەتەکەشی بۆ من، سەربڕینی نەفس بوو...
بە برسێتی و سەبر و خۆماندووکردن و...
ئەوەش کە ئەهلی ئەم زەمانەیە زۆر گەندەڵن...

شەو ئەخاتە ناو ڕۆژەوە و...
ڕۆژ ئەخاتە ناو شەوەوە...

خۆر هەڵدێ و ئاوا ئەبێ...
ئەمڕۆ... ئەبێت بە دوێنێ ...
دوێنێیەک کە نایەتەوە...
ساتەکان هەروەکو هەور...
لەناو ئاسماندا ون ئەبن...
سەفەرێکی بێ گەڕانەوە...
بەمجۆرە شوشتەری ڕۆیی...
سەفەرێکی بێ گەڕانەوە...
منیش ئەپرسم...
بۆچی پیاوێ کە ئەڵێ "ئەڵڵا" خودامە... ئازار ئەدرێ
پەرستیارێکی زانا... زانایەک لەنێو پەرستیارانا...
کە بەسەر زەویدا ئەڕوا... لێ ژینی وا لە ئاسمانا؟!

لەدەستدانی خۆشەویست بێ ماڵئاوایی...
برینێکە سارێژ نابێ...
مامۆستاکەی دێتەوە یاد...
بەلای مزگەوتەکەدا تێئەپەڕێ...
بەلای ماڵیاندا ئەگوزەرێ...

داروپەردوو غەمێکە بۆ کەسێ ئەڕوا...

مامۆستاکەی دێتەوە یاد...
ئەو کاتەی حەدیسی فێر ئەکردم:

بەندەی من هێشتا لەڕێی نەوافیلەوە[1] لێم نزیک ئەبێتەوە
تا خۆشم بوێ...
کە خۆشم ویست ئەبم بەو گوێیەی پێی ئەبیستێ و
بەو دیدەیەی پێی ئەبینێ...
نەوافیل وڵاخی کەسی باوەڕدارە...

سوژدە ئەبا و نزیک ئەبێتەوە...

مامۆستاکەی دێتەوە یاد:
... لە نەوافیلدا، ڕۆژوو لە هەموویان باشترە...
نهێنییەکە لەنێوان بەندە و خوای خۆیدا...
چۆنی بوێ وا پاداشتی ئەداتەوە...
بە میهرەبانی و بەخشندەیی...
ڕۆژوو پەرستنێکی بەردەوامە...
شەوق و حەزەکانی بە ڕۆژوو ڕام ئەکا...

مامۆستاکەی دێتەوە یاد:
کوڕم...
پێغەمبەر فەرموویەتی: گەنجێک لە گەنجەکانی بەهەشتت
پیشان بدەم...
لا حول و لا قوة الا بالله...
دەیڵێتەوە...

---

1 نەوافیل: بریتییە لە هەموو ئەو نوێژ و پەرستنانەی کە جگە لە فەرزەکان جێبەجێ ئەکرێن.

لا حول و لا قوة الا بالله...
خودا قەدەر دیاری ئەکا و ئەوەی بیەوێ بیکا، ئەیکا...

دڵی بۆ بەسرە و دانیشتووانی لێ ئەدا...
بەسرە... لە زانست و زانیندا ئەدرەوشێتەوە...
بەرەو ئەوێ ئەڕوا... باروبنە ئەپێچێتەوە...

# سالان

هەڵوەستەیەک ئەکەین...
گوێ هەڵئەخەین بۆ ئەوەی ئەوترێ و
ئەوەش ئەبینین کە ڕوو ئەدات...
ساڵان ئەخوێنینەوە...
ئەوەی ئێستا کە ڕووئەدات،
ئەبەستینەوە بەوەوەی کە کاتی خۆی ڕووی داوە...
ئێمە ئێستا لە ناوەڕاستی سەدەی سێی کۆچیداین...
کەمێک بۆ دواوە ئەگەڕێینەوە...
بۆ ساڵی دووسەد و چل و حەوت...
لەو ساڵەدا...
خەلیفە متەوەکیل لە جەژنی ڕەمەزاندا...
خوتبەی بۆ خەڵکەکە ئەدا...
پاشان هەر بۆ پیاسە و گەڕان...
ڕوویکردە ئەو خێوەتانەی
بەو مەبەستە لە دەرەوەی شار بۆی هەڵدران...
هەر ئەو دەمە... کۆمەڵێک ئەمیری تورک
بە هاوکاریی مونتەسیری کوڕی متەوەکیل خۆی،
نەخشەیان دژ بە باوکی دانابوو...

هەڵوەستەیەک ئەکەین...
گوێ هەڵئەخەین بۆ ئەوەی ئەوترێ و
ئەوەش ئەبینین کە ڕوو ئەدات...
ساڵان ئەخوێنینەوە...
ئەوەی ئێستا کە ڕووئەدات،
ئەبەستینەوە بەوەوەی کە کاتی خۆی ڕووی داوە...
ئێمە ئێستا لە ناوەڕاستی سەدەی سێی کۆچیداین...
کەمێک بۆ دواوە ئەگەڕێینەوە...
بۆ ساڵی دووسەد و چل و حەوت...
لەو ساڵەدا...
خەلیفە متەوەکیل لە جەژنی ڕەمەزاندا...
خوتبەی بۆ خەڵکەکە ئەدا...
پاشان هەر بۆ پیاسە و گەڕان...
ڕوویکردە ئەو خێوەتانەی
بەو مەبەستە لە دەرەوەی شار بۆی هەڵدران...
هەر ئەو دەمە... کۆمەڵێک ئەمیری تورک
بە هاوکاریی مونتەسیری کوڕی متەوەکیل خۆی،
نەخشەیان دژ بە باوکی دانابوو...

ڕوویان کردە خێوەتگاکە...
خۆیان کرد بە خێوەتێکا و
متەوەکیلیان بە شمشێر کوشت...
بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی...
چواری شەوالی ساڵی دووسەد و چل و حەوت...
بەیعەت بە مونتەسیر درا...
ئینجا وەڵامی بۆ موعتەزی برای نارد،
کە جێگرەوەی باوکی بوو...
ترساندی و هەڕەشەی لێ کرد و ناچاری کرد
بەیعەتی بداتێ و بە پشتی تورک ملی پێ دا و
موعتەزیش پەیمانی دایێ و
دانی بە خیلافەتیا نا...

ساڵ بوو بە دووسەد و چل و هەشت
مونتەسیر نەخۆش کەوت و
هێز و بڕستی لێ برا...
دایکی چووە لای و پێی وت...
چۆنیت کوڕم؟
ئەویش وتی:
هەم ئەم دنیا و هەم ئەو دنیاشم لەدەست چوو...
ناپاکی و غەدری کرد و پیلانی گێڕا و تاوانی کرد...
کەچی شەش مانگ زیاتر
فەرمانڕەوایی نەکرد...
ژەهر خواردوو کرا و مرد...

موستەعین کرا بە خەلیفە...
خەڵکی پەیمانیان دایێ،
بەڵام تاقمێ لە تورکەکان دژی وەستان...
شەڕێکی سەخت لە نێوانیاندا ڕووی دا
تەواو تێکچوو باری بەغدا...
مەرگ و ترس و فیتنە تەشەنەی سەند...
تا دواجار موستەعین خۆی گرت...
بەڵام ئەم دۆخەش زۆری نەخایاند...

ساڵ بوو بە دووسەد و چل و نۆ...
ئاگری غەزەب هەڵایسا...
تورکان باڵیان بەسەر خیلافەتا کێشا...
ئەوەبوو متەوەکیلیان کوشت،
مونتەسیریان لاواز کرد و
لەدوای ئەویش موستەعین...
ستەم و خراپەکارییان کرد...
ئاشووبێکی گەورە لە بەغدا پەیدا بوو...
خەڵکی عەوام پەلاماری زیندانیان دا و
دەرگاکەیان خستە سەر پشت...
گڕیان لە پردەکان بەردا...
کەوتنە فەرهود و تاڵانی و
هەموو شتێکیان وێران کرد...

لە سامەڕاش...
پشێوییەکی لەو جۆرە سەری هەڵدا...
دۆخەکە هێور نەبۆوە تا تورکەکان
کەوتنە قەتڵوعامی خەڵکان...
لەولاشەوە خەلیفەکان...
وەک نە بایان دیبێ و نە بۆران...
سەرگەرمی ڕابواردن بوون و...
شەرابی سوور و کچی جوان...

ساڵ گەڕا و بوو بە ساڵی دووسەد و پەنجا و یەک...
موستەعین لە سامەڕا ڕۆیی بەرەو بەغدا و
ئەمەش بووە هۆی پشێوییەکی گەورە و
خەڵکەکە بوون بە دوو بەشەوە...
خەڵکی سامەڕا داوایان ئەکرد پەیمان بە موعتەز بدرێ...
خەڵکی بەغداش بە موستەعین...
موعتەز ئەبوئەحمەدی برای لەگەڵ پێنج هەزار تورکدا
نارد بۆ بەغدا...
گەمارۆی شارەکەیان دا و
لە ماوەی چەند ڕۆژێکی شوومدا
خەڵکێکی زۆریان لەناو دا...
کاتێ دۆخەکە تەواو سەخت بوو،
پیاوەکانی موستەعین کۆبوونەوە و
داوایان کرد دەست لە خیلافەت هەڵگرێ...
ساڵانەش چەندی پێویستە،
با لە داهاتی باج بەرێ...

ساڵی دووسەد و پەنجا و دوو...
دوای ئەوەی موستەعین لە حوکم دوورکەوتەوە...
خیلافەت بۆ موعتەز مایەوە...
یەکەم کاری کە دەست پێ کرد... لابردنی ئەبوئەحمەدی برای بوو...
ئەوێک کە سەرلەشکریی بۆ کرد و
فەرمانڕەوایی بۆ سەقامگیر کرد...
پاشان ئیبراهیمی برای وەک جێنشین دوورخستەوە و
زیندانیی کرد...

ئەگێڕنەوە، لە زیندانا
پەیتاپەیتا
پارچە سەهۆڵ ئەکێشرا بە جەستەی ئیبراهیما،
تا ئەوەبوو دوای دوو هەفتە
لە سەرمانا ڕەق هەڵات و گیانی سپارد...
بەبێ ئەوەی ئاسەوارێ، بە جەستەیەوە دەرکەوێ...
داوەران شایەتییان دا
کە مردنەکەی، بێ هۆ و بێ ئاسەوار بووە...
تەرمەکەیان لەسەر پشتی گوێدرێژێ
بە کفنەوە نارد بۆ دایکی
تا بینێژێ...

هەر ئەو ساڵە...
موعتەز لەشکرێکی نارده سەر موستەعین...
تا کۆتایی پێ بهێنێ...

ئەڵێن کە گوایا موستەعین...
داوای لە فەرماندەی تورک (سەعیدی کوڕی ساڵح) کردووە
کە نەیکوژێ...
تاکو دوو ڕکات نوێژ ئەکا...
بەڵام لە سوژدەی کۆتایی دوا ڕکاتا و
بەرلەوەی کە هەڵسێتەوە
سەعید کۆتایی بە ژیانی موستەعین دێنێ...

کاتێ ساڵ بوو بە ساڵی دووسەد و پەنجا و پێنج
ڕووداوی گەورە ڕوویان دا و
بوونە سەرەتایەکی باش...

# دادپەروەری

بە ڕەنگی سوور و ڕەنگی سەوز...

لەسەر پارچە قوماشێکی ئاوریشم ئەمەی نووسی:

"إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ..."

هاوڕێکەی پرسیی:

بۆ ئەم ئایەتەت هەڵبژارد بۆ دروشمی ئاڵاکەمان؟

وەڵامی دایەوە و وتی:

باوەڕداران کاتێک خۆیان ئەکڕنەوە،

چیدی نابنە کاڵایەک بۆ بەندی و کۆیلایەتی...

لەساڵی دووسەد و پەنجا و پێنجدا و...

لە شەوێکی شەممەی پێش دوا شەوی ڕەمەزانا...

دەمەو سەحەر...

خۆی و هەندێ لە پیاوەکانی... چوونە دەر...

لە ڕێیاندا... کۆمەڵێ کۆیلەی بینی...

هی پیاوێک بوون کە بە عەتتار ناسرابوو...

هەموویانی ئازاد کرد و، وەکیلی کابرای یەخسیر کرد...
پەنجا غوڵام بوون...
لە ڕێکەوتێکی تریشدا... پێنجسەد کۆیلەی ئازاد کرد...
پاشان پەنجا...
سەد...
هەشتا...
کۆیکردنەوە و گفتی دانێ پایەیان بەرز ڕابگرێ و
خانوو و پارەیان بداتێ و
سوێندی خوارد غەدریان لێ نەکا و
هەرگیز دەسبەرداریان نەبێ...
پاشان ڕووی کردە وەکیلانی کۆیلەکان:
ئەمویست سەرتان بپەڕێنم
کە ئەم غوڵامانەتان کردووە بە بەندەی خۆتان...
هێز و تینتان لێ بڕیون و...
ئەوەی خودا پێی ناخۆشە،
ئێوە کردووتانە پێیان.

ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو...
لە مزگەوتەکە خوتبەی دا و شۆڕشی ڕاگەیاند...
وتی بەدوای هیچ دەسکەوتێکەوە نییە
لەم دونیایە و
تووڕەبوونی لە خواوە سەرچاوەی گرتووە،
کاتێ ئەبینێ ئەو خەڵکە
تووشی چ خراپەیەک بوون لە دینیاندا...

ناوی عەلیی کوڕی محەمەد بوو...
شۆڕشگێڕێک کە مێژوو بە (خاوەنی زنج)
ناوی بردووە...

دەوڵەت لەشکر دوای لەشکرمان
بۆ ئەنێرێ...
پێویستە خۆمان پڕچەک کەین...
هێرش ئەبەینە سەر ئەو دێیانە...
چەک و ئازووقە دەست ئەخەین...
بەڵام ئازاری کەس نادەین...
عەلیی کوڕی محەمەد وتی:
ئێمە ئازاری کەس نادەین...
ئەوەی ئێمە مەبەستمانە...
دەستبەسەراگرتنی داهاتەکانی سوڵتانە...
ئیتر بەو نیازەوە دەرچووین...

ئاگری شۆڕش هەڵایسا...
تەشەنەی سەند...
پزیسکی بەملاولادا ڕۆی...
زنجیەکان لە دەوری خاوەنەکەیان کۆبوونەوە...
هەموویان دەستیان دایە چەک...
زەویی شۆراو و...
زۆنگاو و...
مێشوولە و...
نەخۆشی و...
قامچی و...

جەللاد و...
زۆردارەکانیان جێهێشت،
بۆ هەڵاتنێکی بێ گەڕانەوە...
خەونەکانیان لەگەدەی بەتاڵیاندا بوو...
بەردەمیشیان، یان ئازادی یا مەرگ بوو...

شەڕ لەنێوان هەردوو سوپادا هەڵگیرسا...
سوپای بەکرێگیراوی تورک،
پارێزەری سوڵتان و دەرەبەگەکان...
سوپایەکیش کە خەڵکەکەی...
جگە لە ئێستا و هەنووکە
هیچی تریان شک نەئەبرد...
هەنووکەیەک بەبێ دوێنێ و بەبێ سبەی...
یادیشیان پڕ
لە برینی خوێن لێ ڕژاو...

عەلیی کوڕی محەمەد وتی:
لە سامەڕا
من بە هەژاری گەورە بووم...
برسی ئەبووم، هیچ نەبوو بیخۆم...
ئەچووم بۆ لای خزمەتکارانی کۆشک...
شتێ خۆراکیان ئەدامێ...
کە ئەشمبیست
ئەمیرەکان چۆن ئەژین و

وەزیرەکان لە چ خۆشگوزەرانیەکدان...
کەنیزەک و حەریمی سوڵتانەکان و...
زۆرداریی جەندرمەی تورک و...
خەلیفە بووکەشووشەکان... لە ئامێزی کەنیزەکە جوانەکانا ڕائەبوێرن...
یاخود کاتێ باسیان ئەکرد... چۆن شەست هەزار درهەمی ڕێک...
لە خەتەنەکردنی کوڕێکی کۆشکدا خەرج کراوە...
من و هەزاران هەژاری تریش...
بەدوای پاروویەک نانادا وێڵ بوون...
بە بیرم دێ... تووڕە ئەبووم... شەڕم ئەکرد...
چەک بۆتە یادەوەرییەکی پڕ ئازار لام...

زنجیەکان دانیشتوون...
یەکێکیان کە سەرگەرمی نانخواردنە...
ئەڵێ:
تا ئێستاکێ نەمزانیوە تێربوون چییە
بە بیستن نەبێ...

هاوڕێکەی تریشی ئەڵێ:
تا دوێنێ شمشێرێکم پێ نەبوو...
شەڕی پێ کەم... ئەمە نەبێ...
قاپە بەتاڵەکەی بەرز ئەکاتەوە...

سێیەمیان داڵغەی لێ دابوو...
ئەو ڕۆژەی بیر ئەکەوتەوە...
وەک کاڵایەک لە بازاڕا... دایان نابوو بۆ فرۆشتن...
یەکێک هات و... بەرلەوەی نرخەکەی بدا...
جلەکانی پێ داکەند تا...
بزانێ لەشی پتەوە...
دەستی لە جەستەیەوە دا...

یەکێکی تریان باسی کرد...
چۆن جارێکیان...
هەروەکو دەریایەک لە لم... تۆڕێک لە جەستەیەوە ئاڵا...
چەند ئەمویست خۆم ڕاپسکێنم، زیاتر تیایا نوقم ئەبووم...
هێزم لێ بڕا...
خۆمم لەسەر کەشتییەک بینییەوە...
بیرم لە دایکم ئەکردەوە...
چۆن هەواڵی بۆ بنێرم... کە چیتر نایبینمەوە...
ئەزانم ئێستا بۆم ئەگری...
وەکچۆن ئەوسا... بۆ برا گەورەکەم گریا...
خۆزگەی ئەخواست تیمساحێک قووتی بدات و...
نەکەوێتە دەستی ئەو کۆیلەفرۆشانەوە...

زنجیەکان هەموو هەڵاتن...
لە دوای خۆیان... نەماڵیان جێهێشت و نە کەس...

عەرەب و هەژار و بێنەواکانیش...
چوونە ڕیزی ئەوانەوە...
زۆر دلێرانە شەڕیان کرد...
خاوەنەکە فێری کردن:
تا تەواو دڵنیا نەبن
تا نەزانن دێیەک خەڵکەکەی دوژمنە،
هێرش نەبەن...
دەستدرێژیش بۆ ماڵ و حاڵی کەس نەکەن...
نابێ ئازاری کەسیش بدەن...

عەلیی کوڕی محەمەد ڕۆژێکیان...
ڕێکەوتی چەند کەشتییەکی کرد...
زانیی سەرنشینەکانی نیازیان حەجە...
میوانداریی گشتیانی کرد...
لەگەڵیاندا کەوتە قسە و ڕێزی گرتن...
ئینجا ڕێی دان... بچنەوە ناو کەشتییەکانیان...
قاڵییەکیان دایێ بە دیاری...
ئەمیش قاڵییەکی دانێ...
ئینجا سوێندی دان... کەسیان لەگەڵدا نییە سەر بە سوڵتان...
وتیان... پیاوێکمان لەگەڵە...
پیاوەکە سوێندی خوارد کە پیاوی سوڵتان نییە و...
بەدوای کاردا ملی ڕێی گرتووە بۆ بەسرە...
پاشان دەسبەرداری بوو و...
ڕێگای حەجیان گرتەوە بەر...

لەولاشەوە... بەحرانی...
کە سەرکردەیەکی زنج بوو...
بە زامداری... کەوتبووە دەستی عەباسیەکان...
موعتەمەد فەرمانی دابوو...
لە جێیەکی سامەڕادا... سەکۆیەکی بۆ دروست کەن...
لەسەر سەکۆ دانیشتبوو و لێی ئەڕوانی...
سەربازەکان... یەخسیرەکەیان ڕاپێچ کرد بۆ بەردەم سەکۆ...
دووسەد جەڵدەیان پیاکێشا... دووسەدی ڕێک...
هەردوو دەست و هەردوو قاچیان بڕییەوە...
ئینجا بە شمشێر تێی کەوتن...
سەریان بڕی و سووتاندیان...
خەلیفەش هەر لێی ئەڕوانی...

تووندوتیژی... ئاگرەکە خۆشتر ئەکا...

شەڕگەلێکی قورس ڕوویان دا...
زنجیەکان و خاوەنیان... تیا سەرکەوتوو و باڵادەست بوون...
دژ بە لەشکری دەوڵەت ڕاوەستان...
لە گەلێ بەرەی جیاوازدا...
جەندرمەی تورک و فەرماندەکانیان تێکشکان...
چوونە ناو چەند شارێکەوە...
دەسەڵاتیان فراوان بوو و... بەسرەشیان گرت...
ئەمە لووتکەی سەرکەوتن و
بەزەبرترین گورزیش بوو...
لە خیلافەتی عەباسییان وەشاند...

هەروەها لە وڵاتی "فارس"دا...
شۆڕشی "مسگەران"[١] هەڵگیرسا...
فەرمانڕەوایی وڵاتی کرد...
دەستیان بەسەر
شاری نیشابووریشدا گرت...
بوونە مەترسی بۆ دەوڵەت

---

١ شۆڕشی مسگەران (ثورة الصفارین):شۆڕشێک بوو لە ساڵی ٨٧٦ دا لە فارس هەڵگیرسا دژ بە عەباسیەکان، بەڵام بە سەرکەوتنی عەباسیەکان کۆتایی هات.

بۆ ماوەیەک زنجیەکان
ئارام بوون و کاروباریان سەقامگیر بوو...

لەو ڕۆژانەدا...
حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاج،
گەیشتە بەسرە...
هەر تۆوە ئەبێت بە دار...
داریش ڕەگوڕیشەی لە زەویدا دائەکوتێ و... خۆی ڕائەگرێ و...
هەڵکەندنی دژوار ئەبێ...
ڕەمیس کە فەرماندەیەکی عەباسی بوو...
ڕووی کردە پیاوەکانی خۆی:
ئەوەی بە هێز دەست ناکەوێ،
ئەبێ بە فێڵ دەستی بخەین...
تەتەرێک ئەنێرین بۆ لای خاوەنی زنجیەکان...
دڵنیایی ئەدەینێ هەم بۆ خۆی و
هەم پیاوەکانی...
بەرامبەر هەر کۆیلەیێ، پێنج دیناری پێ ئەبەخشین...
تا ڕادەستی ئاغاکەی خۆی بکاتەوە...
گەر قایل بێ...
ئەوا ئەوسا... گشت پیاوەکانی دەوری خۆی لەدەست ئەچێ...
پاشان ئامانج ئاسان و مەیسەرتر ئەبێ...

عەلیی کوڕی محەمەد گوێی شل کرد بۆ
پەیامی وەفدی عەباسی...

بۆ تاوێک لێیان وردبۆوە...
هەڵسا و ڕۆیشتە دەرەوە...
پیاوەکانی نیگەران بوون...
دانیشت و قسەی بۆ کردن...
هەرگیز دەستبەردارتان نابم... بۆ گشت شەڕێ لەگەڵتانم...
لە هەموو نەبەردییەکدا لەتەکتانم...
من دوای پۆخڵەواتی ئەم دنیایە نەکەوتووم...
ئەمە هەڵوێستی عەلیی کوڕی محەمەد بوو
لە سەرەتای شۆڕشەکەیدا...

ئەڵێن...
مەی و بادەی لە شوێنکەوتووانی قەدەغە کردووە...
لە دین هەڵگەڕاوەتەوە...
ئەوەی خودا حەرامی کردووە
ئەم بە حەڵاڵی داناوە...
هێرشی بۆ سەر ئەو دێیانە قەدەغە کردووە کە سەلامەتن...
دوژمنی خوا و موسڵمانانە...

ئەگێڕنەوە...
کابرایەکی خەڵکی قادسیە پیاوێکی زنجیی کوشتبوو...
هەموو وروووژان و هەڵچوون...
داوایان کرد هێرش بکەنە سەر ئەو دێیە و
تاڵانی کەن...
بەڵام عەلیی کوڕی محەمەد

ئەو داوایەی ڕەت کردەوە:
"ئەوە کاری نەکردەیە...
ئەبێ جارێ بزانین هەڵوێستی قەومەکەی
لە ئاست ئەو تاوانەدا چییە...
داوایان لێ ئەکەین ئەو بکوژەمان ڕادەست کەن...
گەر نەیانکرد،
ئەوسا هێرش ئەبەین بۆیان..."

ڕوخسارەکان وەک لاپەڕەی کراوە وان...
حەللاج وتی... سبەی ئەچم سەر لە عەلیی کوڕی محەمەد ئەدەم...
بەڵکو لە ڕوخساریدا... هەقیقەت بخوێنمەوە...
لە چاوانیدا... ئاسۆ خەونە...
لە سیمایدا... بێگەردی نیشانەیە...
دڵڕەقییش ئەو خەتانەیە
کە هەژاری و دەستی زەمانە لە ڕوخساریدا کێشاونی...

بەخێرهاتنی کرد و... ئاماژەی بۆ خواردنێ کرد...
- نافەرموویت شتێک بخۆیت؟
بە سوپاسەوە وتی:
- برسیم نییە...
زەردەخەنەیەکی هاتێ...
- ئەمە یەکەم کەسی تێرە بێت بۆ لامان...
ئەی بۆچی هاتووی بۆ لای من ؟

منیش وەڵامم دایەوە:
- هەوڵم نەداوە بێم بۆ لات...
ئێمە خۆمان یەکمان گرتووە و پێک گەیشتووین...
لە دوو ڕێگای جیاوازدا بووین...
چاومان بڕییە ئاسمان...
ئەستێرەیەک درەوشایەوە...
بووە نیشاندەرێ بۆمان...
بەمجۆرە بوو... من و تۆ یەکدیمان بینی...
بەمجۆرە بوو... یەکگرتنەوەی هەردووکمان...
- ئەڵێی شاعیریت؟!
- نەخێر، قوتابیی زانستم...
بە تاسەوە هاتم بۆ لای مامۆستا شوشتەرییەکەم...
- چیی فێرکردیت؟
- سوپاسی ئێمە بۆ زانست، ئەوەیە کاری پێ بکەین...
- پیاوێکی پیرۆز و ڕاستگۆیە...
گەر کار بە زانستمان بکەین، لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی ئەچین...
گەر زەکاتی موسڵمانان لەجێی دروستی خۆیدا بێ...
چی کۆیلەیە ئازاد ئەبێ...
ئەوسا کۆیلەیەکت ئەبینی بێت و شەرم لەگەڵدا بکا؟
ئەگەر نیوەی ئەو زەکاتە تەرخان بکرێ
بۆ هەژار و لێقەوماوان...
بۆ هەتیو و قەرزداران،

ئەودەم نەدارێکت ئەبینی شمشێر هەڵکێشی لە کێلان؟
زنجیەکت بەرچاو ئەکەوت،
یان خاوەنی زنجییەکان؟
پیاوەکانی دەسەڵات...
ئەم وڵاتەیان کردووە بە کۆیلەخانە و موڵکی دەرەبەگ و ئاغاکانیان...
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ... دەوڵەمەندی زیاتر ئەبێ و...
لەگەڵیشیدا هەژاری...
دەرەبەگان... ئەیانەوێ ئەو خەڵکە وەکو پشیلەی لە دار و تەختە دروستکراو...
ڕاو بکەن و هیچیش نەخۆن...
کۆیلە بن بەبێ ماف و هەق و کرێ...
برسیشیان بوو،
هیچ خواردنێکیان پێ نەدرێ...
ئەوانە نەریتی سەرەتای جاهیلیەت و
کۆیلەفرۆشییان بووژانەوە...
دار و تەختەیان لە خاکی زنجیەکانەوە هێنا...
نەوتی زوڵمیان بەسەرا کرد...
بە ستەم و زۆر ئاگرەکەیان هەڵایسان...
فەرمانڕەواکان بەوە قایل بوون و
زانایانیش بێدەنگییان هەڵبژارد...
میللەتیش کەوتە نێوانی هەردوو بەرداشی
ستەم و بێدەنگییەوە...

ئینسانی برسی، بۆ شۆڕش، پێویستی بە فەتوا نییە...
ئەوان لە ڕێی خودا دەرچوون
بۆیە ئێمەش بەرامبەریان ڕاپەڕیوین...

تاوێ بێدەنگ بوو...
تەماشای ناو چاومی کرد...
هەستم کرد لەگەڵ دڵما قسان ئەکا...
- لەم ڕۆژگارەدا... ئەوەی زانست بکا بە کار...
ڕەنگە دواجار... بدرێ لە دار...

ئەوە ئەبینم کە ناگێڕدرێتەوە...
ئەوەش ئەبیستم کە ناوترێ...

بڕوا بەوە بکە کە ئەیبینی، نەوەک ئەوەی کە ئەیبیستی...
چاکت کرد هاتیت بۆ ئێرە...
ئەشێ ڕۆژێ ئەژدیهاکە
لە خەوی بێدار بێتەوە و بمانشێلێ...
هەنگینێ... ئەوە نازانی کە ئەتویست بیزانی...
ئەوە ئەزانی کە ئەوان ئەیانەوێ بیزانی...
مێژوو ئەوە نییە کە ڕووئەدا...
ئەوەیە کە ئەنووسرێتەوە...
ئەوەی مێژووش ئەنووسێتەوە...
سەرکەوتووەکانن...

زەردەخەنەیەکی هاتێ
وەکو ئەوەی شتێکی هاتبێتەوە یاد:
پێم بڵێ...
لە ڕێگاتدا... لە کام ئەستێرەت ئەڕوانی؟
وتم:
ئەستێرەیەک کە ناوی دادپەروەرییە...

# براوەکان ئەگێڕنەوە

شەو هات و ڕۆی...
ڕۆژ هات و ڕۆی...
ئەوەی مرد، مرد و...
ئەوەی ژیا، ژیا...
خۆر ئاوابوو و هەڵهاتەوە...
تا چیرۆکێک تەواو بکرێ
کە ئەگێڕدرێتەوە...

حەللاج بۆ بەسرە گەڕایەوە و... لەوێ ژیا
ویستی لەڕێی خەڵکەکەوە لە ڕاستییەکان تێبگا...
دەنگێ هەمیشە لە دڵیدا ئەزرنگایەوە...
دەنگێ کە زۆری خۆشئەویشت.
دەنگی عەلیی کوڕی محەمەد...
بەردەوامیش هەوڵی ئەدا... هەواڵی ئەوی پێ بگا...

لەوپەڕی خۆرهەڵاتا... شۆڕشی مسگەرەکان
دوا هەناسەی دا و کپ بۆوە...
ئەژدیهاکە سەرنجی دا

هێشتا دڕکی زنجیەکان
لە کەمەری عەباسیەکانا چەقیوە...
ڕۆیی... تا هەموو شتێ بشێلێ...
عەلیی کوڕی محەمەد کە ئەو چیرۆکەی خوێندەوە...
بڕیاری دا هەر بەپێوە گیان بسپێرێ...

براوەکان ئەگێڕنەوە...
مۆفەق لە کاتی حوکمی خەلیفە موعتەمیدی برایدا
سەرکردایەتیی سوپای کرد و لە "فارس"...
شۆڕشی مسگەرانی سەرکوت کرد...
پاشان خۆی بۆ... شەڕی زنجیەکان ئامادەکرد...

براوەکان ئەگێڕنەوە...

پیاوێک بوو ڕابردووی پاک بوو...
لەگەڵ ستەملێکراواندا بەداد بوو...
شارەزای دنیای ئەدەب و سیاسەت بوو...

براوەکان ناگێڕنەوە...

ئەو سواری ئەسپ ئەبوو... بەڵام بێ ئەوەی سوارچاک بێ...
دوای سەرکەوتن خەڵکی ئەکوشت...
لە تاڵانیدا بێباک بوو...
شەڕی تابڵێی چەپەڵ بوو...

بۆ ترساندن... پەنای ئەبردە بەر زۆر و برسیکردن...
کڕینی ویژدان بە پارە...
زانایانی دەرباری لە دەوروبەری خۆی کۆکردەوە...
فەتوایان دا...
خەلیفە سێبەری خوایە لەسەر زەوی و...
دەرچوون لە فەرمانەکانی،
دەرچوونە لە فەرمانی خوا...

بە مەبەستی زڕاندنی ناوبانگیان،
دەستیان کرد بە درۆ و بوختان...
"زنجیەکان بچنە ناو هەر دێیەکەوە،
دەستدرێژی ئەکەنە سەر ژن و کچیان...
بشچنە هەر شارێکەوە،
مزگەوتەکان ئەڕووخێنن...
ئەکەونە فەرهود و تاڵان..."

سیخوڕی نارد تا هەواڵی زنجیەکان و جووڵەیان بێنێتەوە...
سوپایەکی لە دە هەزار جەنگاوەری سوارە و پیادە ئامادە کرد...
کەشتیگەلێکی سەربازیی تۆکمە و پڕهێز،
پشتیوانیی لێ ئەکردن...
ئەبو عەباسی کوڕی، سەرکردایەتی سوپای کرد...

شەڕ هەڵگیرسا...
تای تەرازوو بەلای زنجدا شکایەوە...

خەسارەتێکی زۆریان لە لەشکری عەباسیەکان دا...
مۆفەق زانیی دوژمنەکەی،
شارەزا و سەرسەخت و جەنگاوەرە...
لەبەرئەمە بڕیاری دا
کە خۆی سەرکردایەتیی لەشکری عەباسیەکان بکا...
چەک و تەقەمەنیەکی زۆری کۆکردەوە
هێز لەدوای هێز...
هێرشی برد بۆ "مەنیعە"... مۆڵگەیەکی زنجیەکان...
خوێنێکی بێ وێنە ڕژا...
جەنگاوەران وەک گەڵای داری پاییزی بەر ڕەشەبا
هەڵئەوەرین.
بۆنی دووکەڵ و مردن و داروپەردوو
بەو ناوەدا بڵاوبۆوە...
زنجیەکان... قارەمانێتیان نواند...
بەڵام ژمارەی دوژمنان چون زیاتر بوو
زنجیەکان بە ناچاری شاریان جێهێشت...

حەللاج بیستی...
مۆفەق هەموو شووراکانی ڕووخاندووە و
چی کەشتییە سووتاندوونی...
ڕێی بە سەربازەکانیشی داوە
شار وێران و فەرهوود بکەن...

خەلیفە بۆ "خاوەنی زنج"ی نووسی...
"... گەر واز لەو شتانە بێنی
کە خوای گەورە پێی ناخۆشن و...
ئینجا بێیتە... ڕیزی موسڵمانانەوە،
ئەوا هەرچی تاوانی گەورەی پێشووتە
ئەسڕینەوە و
بەختێکی باش... لەم دنیایەش مسۆگەر ئەکەی..."
بەڵام نامەکەی خەلیفە... بێ وەڵام بوو...
زانیی عەلی... نایەوێ پاشگەز بێتەوە و
بەختی ئەم دنیاشی ناوێ و... هەر شەڕ ئەکا...

نەشئەی سەرکەوتن... ئاگری شەڕ خۆشتر ئەکا...
ئەڵێن جاران وتوویانە...
دوا شت کە لە دڵی دوو دۆست دەرچێ،
خولیای سەرۆکایەتییە...
ئیدی ئەبێ حاڵی نادۆستەکان چۆن بێ!!
ئەجەنگێن و شەڕئەکەن و
پشکۆی دەسەڵات ئەخەنە مستیانەوە...

جەنگ ئەبێ بیانووی هەبێ...
ڕاستی بێ یاخود درۆ بێ...
تا ڕەوایەتیی بداتێ...
بۆیە زاناکان کەوتنە خۆ و... فەتوایان دا...

زنجیەکان لە دین دەرچوون...
ئەوەی لەگەڵ ئێمە نییە... دوژمنمانە...
ئەبێ هەموو شمشێرەکان... بە خوێنی ئەوان سوور بن...
تا لەمەودوا...
شمشێر نەبێ هاوار بکا...
زنجیەکان ستەمدیدەن...

زنجیەکان بانگەشە بۆ هەق و دادپەروەری ئەکەن...
دەوڵەتیش بۆ پارە و سامان...
ئاشکرایە، زۆرینەی خەڵکیش بۆ سەروەتە تەقەللایان...

تورک و خەزەر، ڕۆم و دیلەم، مەغریبی و زنج...
پۆل پۆل هاتن و
ملکەچی و شمشێری خۆیان بۆ بەدەستهێنانی سامان
خستە بەردەستی خەلیفە...

هاوار لە خەلیفە هەڵسا...
ئەی قەبیلەی عەبد قەیس کوان؟!
لەگەڵ ئێمەن، یاخود لەگەڵ کوڕەکەیان؟ خاوەنی زنجیەکان؟!
قەبیلەی عەبد، دەنگدانەوەی هاواری خەلیفەی ژنەوت...
لە پەیامەکە حاڵی بوون...
ژیان لەگەڵ خەلیفەدا...
یاخود مەرگ لەگەڵ عەلیی کوڕی محەمەدا...
بۆیە ژیانیان هەڵبژارد...
دەستەیەک جەنگاوەریان نارد... تا لە سوپای عەباسیدا

بەشداری کا...
گشت هێزەکان... کەوتنە گەلەکۆمەکی لە شۆڕشی زنجیەکان...
دەرەبەگ... بەرژەوەندییان کەوتبووە بەر هەڕەشە...
خۆبەخشەکان... زاناکانیان فەتوایان دابوو کە شۆڕش
لە ڕێ لاچوون و لادانە...
شەڕیش دژی... ڕێگایەکی مسۆگەرە بەرەو بەهەشت...
چی داهاتی دەوڵەت و پروپاگەندە و شمشێر و
هێزی سەرکوتکردنە، گردبوونەوە...
تا ببنە شوورایەکی توند، بۆ گەمارۆی زنج...
چ ڕێگای ئازووقە هەیە... لە زنجیەکان داخران...
برسێتی زۆری بۆ هێنان...
بەناو دێهات و ڕووباری ئەو ناوەدا تارومار بوون...
لە برسانا... هەڵوەدای ماسی و خورما بوون...
لەشکری عەباسیەکانیش... هەر لە ڕاوەدوویاندا بوو...
بە کوشتن یا یەخسیرکردن...
گەمارۆکە هێندەی خایاند،
شووراکانی "موختارە"یان شەکەت کرد و...
عەباسیەکان لەملاولاوە کونیان تێ کرد...
لە کونەکانەوە ئاودیو بوون...
بەرەو ناوەڕاستی شار چوون...
دەستیان بە کوشت و کوشتار کرد...
ئەوەی بەردەستیان کەوتایە، ئەیانسووتان...
کاتێکیش خۆرئاوا ئەبوو... ئەگەڕانەوە...
چەند سەرێکی بڕاوی کوژراوانیش... بەدەستیانەوە...

خەلیفە... ڕیزەکانی خۆی ڕێک خستەوە...
سەد و پەنجا کەشتیی شەڕی کۆکردەوە...
لەشکرێک... لە پەنجا هەزار سوارە و پیادە...
لە وشکانی و لە ئاوەوە هێرشیان برد...
لە شوورا ڕووخاوەکانی "موختارە"وە...
شاڵاویان بۆ ماڵ و خانووی زنجییان برد...

شەڕێکی سەخت هەڵگیرسا...
هێرشێکی بەرفراوان...
بەرگرییەکی دلێرانە...
ئەو ناوە بوو بە گۆمی خوێن...
چەند کوڕ و کچێکی عەلی یەخسیر کران...
لەشکر لەگەڵ خۆیان بردیان...

براوەکان... باس لە چارەنووسی ئەو کوڕ و کچانە ناکەن...
دیارە چونکە... بە دەردێکی زۆر دڕندانە براون...
شووراکانی شار تێکدران...
گشت دارخورماکان سووتێنران...
لەشکر بەرەو مزگەوتی گەورە ملی نا... بیڕووخێنێ...
زنجیەکان پۆل پۆل لەبەردەمیدا وەستان...
هەروەک ئەوەی بۆ نوێژکردن ڕاوەستابن...
خەنجەر لە یەکێکیان ئەدرێ...

گورز لە یەک دوانێکی تریان ئەوەشێنرێ...
هەندێکیان بە تیر ئەپێکرێ...
بەلادا دێن و ئەکەون...
جێی یەکتر پڕئەکەنەوە... تا زەفەر بە ڕیزیان نەبرێ...

براوەکان ئەگێڕنەوە...

جەستەکان لەبەردەمی ئاسندا پرزۆڵە بوون...
لەبەر زەبری پاچ و قوڵنگەکانیانا...
بەردەکانی مزگەوتەکە... یەک یەک کەوتن...
سەربازەکان خۆشحاڵ بوون بەوەی ئەیانکرد...
خوێن لە زامی زنجیەکان چۆڕاوگەی بەستبوو...
چ کۆیلایەتی و چ مەرگ... هەردوو تاڵ بوون...
وەلێ مەرگ لەوی تریان شیرینتر بوو...

خاوەنی زنج، ئەم نەیارە کەللەڕەقە...
سەرباری ئەو هەموو زامە، هەر بەرگەی گرت...
لەشکرەکەی خەلیفە کشایە دواوە، داوای هاوکاریی تری کرد...
خەلیفە بۆ پشتیوانی لەو لەشکرە،
دە هەزاری دیی بۆ ناردن...
لەشکرێکی زەبەلاحی پێکهاتوو لە
تورک و ڕۆم و بەربەر و سودانی...
لوئلوء سەرکردایەتی ئەکردن
کە تازە لە سوپای ئیبن تۆلۆن جیابووبۆوە...

ئاگری جەنگ تەشەنەی سەند...
لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ... لەم دیوار بۆ ئەو دیوار...
لەپڕێکا... لەناو جەرگەی تەپوتۆز و دووکەڵەوە...
ئەسپسوارێ... بە غارەوە...
قیژەون وەک ڕق و بوغز و کینە...
کەللەسەرێ بە دەستیەوە...
ڕەنگ سەرتاپا سوور وەکو خوێن...
هاواری کرد...
ئەمە سەری عەلیی کوڕی محەمەدە...

خەلیفە کەللەسەرەکەی بەدەستەوە گرت...
لێی وردبۆوە...
سەرێک قەت دانەنەویوە...
ڕمێکی هێنا و... سەری ڕمەکەی تێدا چەقان...
وەک ئاڵای لەخۆباییبوون...
بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان...
خەڵکی هەموو لێیان ڕوانی...
لەبەرخۆیانەوە وتیان...
عەلیی کوڕی محەمەد... کوژرا...
خەلیفە بە سواری کەشتییەکەوە،
بە ڕووباری ئەبو خەسیبدا گەڕایەوە...
کەللەسەرەکەی "عەلی"یش لە سەری ڕمێک چەقێنرابوو...
دوو زنجیش لە پشتیەوە،

لە چوار مێخە هەڵکێشرابوون...
تا بنە پەند بۆ ئەوانەی
لەڕێلادەر و تەوەللان...
خەڵکی لەمبەر و ئەوبەری ڕووبارەکە ڕاوەستابوون
لەو دیمەنەیان ئەڕوانی... دەستیان ڕائەوەشان و
لە دڵیشەوە ئەگریان...

براوەکان ئەگێڕنەوە...
زنجیەکان سەری خۆیان هەڵگرت و
ڕوویان لە چۆڵ و بیابان کرد...
لە برسانا و لە تینووانا...
ئەوەی مرد مرد...
ئەوەی لە ژیانیشا ئەما...
عەرەبە چۆڵنشینەکان... دەستوپێیان کۆت ئەکرد و...
بۆ ژیانی کۆیلایەتی... ڕادەستیان ئەکردەوە...

براوەکان ناگێڕنەوە...

خوێنی ئەو بێگوناهانەی
بە ناهەق ڕژایە سەر خاک...
چووە ناخی زەوییەوە
تا خۆی گەیاند بە ڕەگوڕیشەی درەختێ...
کە بەر ڕەگوڕیشەکە کەوت،
باریک و بنێسی کرد و... نەخۆشی خست...

لقوپۆپی وشک بوونەوە...
چی گەڵای هەیە هەڵوەرین...
بەمجۆرە بوو کە دەوڵەتی عەباسیەکان...
بەر لە کاتی خۆی و هەر زوو...
هێزوتینی لەبەر بڕا و... بە ساڵا چوو...

ئاگر ئەبێتە ڕێنیشاندەرم

تاریکایی... لە پێڵووەکانمەوە تا ئاسۆ درێژ ئەبێتەوە...
خەم لە چاومدا... خۆڵەمێشە...
ڕۆئەچمە قووڵاییەکی بێ بنەوە...

ئەوانەی ژیان سەرشار ئەکەن... ژیانیش سەرشاریان ئەکا...
خەونەکانیان...
هیواکانیان...
هزرەکانیان...
ئاوێتەی خاکوخۆڵ بووە و... ڕۆنیشتووە...

بەڵا لە شمشێرەکان دا... چەند خوێنی خەڵکیان خواردەوە...
بەڵا لە عەدالەت...
نرخی چەند گرانە!!
بەڵا لە زەوی، جێی دووانی تیا نابێتەوە...
زۆردار و زۆرلێکراو...

زەوی تینووە، هەم خوێنی دلاوەرەکان ئەخواتەوە...
هەم... ترسنۆکەکان...

زەوی تەنگ بوو و چووەوە ناو یەک...
نە مەودایەک هەیە شتم لەبیر بەرێتەوە و...
نە باڵێک... پێی بفڕم بۆ ئاسمان...
"أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء ؟"[١]
ئەوەی سەیری زەوی بکا... پێیەکانی خۆی ئەبینێ...
ئەوەی لە ئاسمان ڕامێنێ...
بینینی ئەکشێ... تا ناکۆتا...
ئەوەی عاشق بێت، جودایی
ئەبێتە مایەی مەراق بۆی...

ئەوەی بچێتە سەروو شتەکان...
شتەکان ئەچنە دامێنی خوارەوەی ئەو...
ئەوەی کە نەژی... نامرێ...
ئەوەی کە نەیبێ... نادۆڕێ...

یەکەمین... ئەوەی کە هیچی لەپێش نەبووە...
دواهەمین... ئەوەی کە هیچی بەدوادا نایەت...
زیندووە و نامرێ...

کۆچ...

---

١ "کەسێکی تیادا دەکەیتە جێگرەوە کە خراپەی تیادا بکات و خوێنی تیا بڕێژێت؟!"

کۆچ لەسەر زەوی... غوربەتە...
بۆ ئاسمان... ژوان...

لە دوورەوە ئاگرێ بەدی ئەکەم...
بەڵکو گرێکی لێ بێنم...
یان ئاگرەکە... ببێتە ڕێنیشاندەرم...

کۆچ...
کۆچ بەرەو ماڵێک... میوانەکانی ڕێزلێنراون...
بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێنەوە...
کۆچ بەرەو کەعبە... لە مەککە...
شاخێک لە ئاو ئەمپارێزێ...

نەوافیل... قوربانیی عاشقە بۆ مەعشوقی...
قبووڵکردن... بەخششی بەخشندەیە بۆ کەسێ کە هەوڵ ئەدا...
گەر خۆشی ویستم...
بە گوێی ئەو... ئەبیستم...
بە چاوی ئەو... ئەبینم...

دارعەساکەی مووسای کەلیم...
عەسایەک خۆی پێ ڕائەگرێ...
بۆ مەڕەکانی... گەڵای پێ ئەوەرێنێ...
لە کاتی خۆیشیا... ئەو شتانەقووت ئەدا کە ئەیکەن...

هەنگینێ کردگار
لەڕێی خواناسێکەوە دونیا ئەگۆڕێ...

حەج عەرەفەیە...
ئەوەی خوا بناسێ، حەج ئەکا...
ئەوەی حەجیش بکا، خوا ئەناسێ...

حەللاج بەرەو مەککە چوو... لە پەنا کەعبەدا جێگیر بوو...
پەنای بۆ کونجێکی دلۆڤان برد...
بەو هیوایەی...
تیلماسکێ لە نووری هەق... ڕووناکی بکاتەوە...

کاروانەکە شەو کەوتەڕێ... بەرەو مەککە...
لە گەردوگوڵی بەیانا... بەدەم ئەڵڵاهوئەکبەرەوە
بە چەند گردێکا سەرکەوتن...
ئینجا بەدەم وتنی سوبحانەڵڵاوە...
بە دۆڵەکانا لێژ بوونەوە...
بۆ ماوەی چەند شەو و ڕۆژێ...
ڕێیان تەی کرد... تا گەیشتنە "زاتو عیرق"
لەوێ وەستان...
خۆیان بۆ چوونە ناو مەککە ئامادەکرد...

بە منالی... شوشتەری فێری کردبوو...
هەر ڕەسمێ مانایەکی هەیە و...
هەر کردارێکیش ئاماژەیەکە...

ویستی لە ئاوێکی پاکدا... خۆی بشوا...
هەم کردار و هەم ئاماژە...
شتنی ڕوخسار... پاکبوونەوەی ناخ...
چاو و بینین...
گوێ و بیستن...
لە چڵکی دونیا پاک ئەبنەوە...

ناو سینەی پاک ئەکاتەوە و
لە دڵیشیدا... چی گوناهی کەبیرەیە،
دەریدێنێ...

ڕێی تێئەچێ... گوناهبارێ... بچێتە ناو بەهەشتەوە...
بەڵام ئەوەی گوناهی کەبیرە وا لە دڵیا...
هەرگیز ناچێ...

جگە لە خوا... دڵی لە گشت شتێکی تر خاڵی ئەکا...
"کاتێکیش دڵ خاڵی ئەبێت لە ئەغیار
سەرشار ئەبێت لە زانین و لە ئەسرار"
پێ ئەنێتە جیهانی مەلەکوتەوە...

پارچە قوماشێکی سپیی هێنا...
لە جەستەی خۆیەوە ئاڵان...

ڕەسمەکەی... ئیحرامە... و[1]
ئاماژەکەشی... کفن...
دەوڵەمەند و هەژار تیایدا یەکسان ئەبن...
بەنی عەباس و هەروەها زنجیەکان...
لەخۆیەوە پێچای و دای بەسەر شانیا...
چەند هەنگاوێ چووە پێشێ...
دونیا وا لە پشتییەوە و...
ئاخیرەتیش لە پێشییەوە...
ڕاوەستا...
قاچی ئەوەندەی چیایێ قورس بووە...
ئەیەوێ بەرزی کاتەوە...
هەنگاو بنێ بۆ پێشەوە...
لێ ناتوانێ...
دونیا کۆمەڵێک گوریسە و بەرەو دواوە ڕایئەکێشێ...
هەقیقەتیش... بۆ پێشەوە بانگی ئەکا...

بیری کردەوە...
یەکەم هەنگاو... بۆ ئاخیرەت...
ڕاستگۆ ئەبم...
حەز و ویستی ئەم دونیایە لە ناو دڵم هەڵئەکەنم...
هەنگاو ئەنێم...

---

١ ئیحرام لە کاتی حەجدا یەکێکە لە ڕێوڕەسمەکان و واتە جگە لە سپیپۆشی، حەرامکردنی ئەو شتانە لە خۆ کە پێشتر لە خۆ حەرام نەبوون.

یاخود...
وەرئەچەرخێم و... ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو جێیەی لێوەی هاتووم...

کاروانەکە کەوتە جووڵە...
هاوەڵانی بانگی ئەکەن...
بێ وەڵامە...
گوێی لێ نییە...
لە ئەعرافە...
لەنێوان بەهەشت و ئاگرایە...
لە بەرزەخا...
لەنێوان مەرگ و ژیانا...
یەکێکیان هەڵئەبژێرێ...

... ناخی دڵی ڕۆشن بۆوە...
ژیان خەونێکە... کۆتاییەکەی بەئاگاهاتنەوەیە...
ئاخیرەت... ژیانێکی ئەبەدییە...
ئەم دونیا دوونییەش فانییە...

ڕایکرد و دەستی ڕاوەشان...
تا بگاتەوە بە کاروان...
بە ژیانێک... کە خاڵییە لە مردن...

من ڕێزدارترین میوانم...
میوانی خوا...

ئەلەرزێ...

چەند هەنگاوێک و... ئیتر تەواو نزیک ئەبمەوە...

سام و شکۆی کەعبە... ئەدرەوشێتەوە...

تەوافی کرد...
"لبیک"... بەڵێنە و پەیمان...
"لا شریک"... درکاندنە و دانپیانان...
"إن الحمد و النعمة لک"...
بە ڕێنوێنی و بەخششی تۆیە من لێرەم...
موڵک هی تۆیە... نەک یەکێ تر...
"لبیک"...

ڕاکردن...

سەرکەوتم بەرەو "سەفا"...
نە ئاو... نە سەراب...
بۆ "مەروە"...

ڕامکرد...
نە ئاو... نە سەراب...

دایکێ... شیرەکەی وشکی کردووە...
منالێ... لە تینووانا بەکوڵ ئەگری...
کوونەیەک... ئاوی تیا نەماوە...
خۆرێک... گڕی گرتووە...
مردن... لەو ناوە نزیکە...
بەخێرایی هەنگاو ئەنێ...
دایک... وەک ئەوەی... جانەوەرێ پێوەی دابێ...
بە هەر چوار لادا ڕائەکا...
بەبێ ئەوەی بزانێ بەکوێ ئەگا...
لەنێوان سەفا و مەروەدا...
سووسەی دڵۆپێ ئاو ئەکا...
بەخێرایی هەنگاو ئەنێ...

حەللاجیش...
بەخێرایی هەنگاو ئەنێ...
لەنێوان سەفا و مەروەدا...
هەر ڕائەکا و نزا ئەکا...

دایکەکە پڕ بە گەرووی هاوار ئەکا...
زەوی کەڕە و... هیچ نابیسێ...
دڵی پڕە لە کەسەر و...

چاویشی پڕە لە ئەسرین...
دایکەکە... دائەنیشێ... هەر هەناسەبڕکێیەتی...
لە منالەکەی ڕائەمێنێ...
ڕەنگە ئەمە دوا نیگا بێ...

حەللاج ڕائەکا و... نزا ئەکا...

ساواکە ئەگری...
توند پێ بە زەویدا ئەدا...
لەناکاوا... کانیەک هەڵئەقوڵێ...

حەللاج ڕائەکا...

دایکەکە ڕائەکا...

ئاوەکە بە دەوری منالەکەدا... فیچقە ئەکا...
دایک دێت و چنگی بۆ پڕئەکا لە ئاو...
بەو ناوەدا پرژە ئەکا...

حەللاج ڕائەکا... ئەگری...
هیچ نزایەک ناگا بە گریانی منالێکی شیرەخۆرە...
خودایا... توو گەورەیی خۆت...
بمکەرەوە... بە منالە پاکەکەی جاران...

یان کۆرپەلە... وەک سەرەتا...
خودایا... وەک ئەو کاتە بە بۆم...
کە هێشتا لەدایک نەبووم...

ڕۆژی قوربانی...

وتی...
"یَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَىٰ"
کوڕم... خەونم بینی تۆم سەرئەبڕی... بیری لێبکەوە، تۆ ئەڵێی چی؟
ئیسماعیل، ئەو کوڕەی لە تاو گریانی...
سەرچاوەی زەمزەم هەڵقوڵا...
وتی: بابە...
ئەو فەرمانەی پێت دراوە جێبەجێی کە...
ئەوکات ئەزانی من لە ئارامگرتووانم...
ڕادەستبوونە بە فەرمانی خوا...
خواش جەزای چاکەکاران ئەداتەوە...
"وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ"

حەللاج ژاوەژاوێکی بیست...
کاتێ ئاوڕی دایەوە...
تەماشای کرد... بە چەند پیاوێ...
گایەکی زۆر قەبە و سەرشێت ڕائەکێشن...

هەرچەند ئەکەن... گاکە لەجێی خۆی ناجووڵێ...
بەرهەڵستیی ئەو چارەنووسەی خۆی ئەکا...
شەپۆلی دەریایەکی شێت...
بەلای چەپ و بەلای ڕاستدا...
هەموویان ئەهێنێ و ئەبا...
بێ هێز ئەبن...
بەملا و بەولادا ئەکەون...

کابرایەکی ڕیوەڵە دێ...
گوریسێکی بەدەستەوە...
سەرێکی بۆ گا هەڵئەدا...
لە قاچەکانی گیر ئەبێ و...
لەناکاوێکدا ئەکەوێ...
لەولاوە چەند پیاوێکی تر...
دەست ئەدەنە گوریسێک و...
هەردوو قاچی دواوەی پێ ئەبەستنەوە...
گاکە تین ئەداتە بەرخۆی...
بە چەشنی بوومەلەرزەیەک...
جارێک خۆی ڕائەپسکێنێ...
نەخێر دووجار...
تا هێز لەبەریا نامێنێ و خامۆش ئەبێ...

حەللاج نزیک ئەبێتەوە...
سەیری ئەکا...

لە چاوانیا هێورییەک بەدی ئەکا... کە نەیدیوە...
ڕادەست بووە و
لەوەی ڕووی داوە تێئەگا...

ملی بۆ چەقۆکە شل کرد...
چاوەڕێی کرد...
ئەوە مەرگە بانگمان ئەکا...
چاریش نییە... پێمان خۆش بێ یاخود ناخۆش...
ئەبێ خۆمانی ڕادەست کەین...

فرمێسکێ لە چاوی حەللاجەوە... کەوتە خوارێ...
ئاوڕی دایەوە...
ڕۆیی...
ئەمە کۆتایی هەموومانە؟!

قورئانەکەی ئەکاتەوە و... ئەخوێنێتەوە...
"وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لا يُظْلَمُونَ"[١]
عاریفەکان ئەڵێن...
ئەمە دوا ئایەتی قورئانە...
کە لە ڕۆژی قوربانیدا و...
دوای سەربڕین دابەزیوە...

---

١ بترسن لەو ڕۆژەی کە تیایدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا ، دواتریش هەر کەسە پاداشتی کاروکردەوەی خۆی وەردەگرێت و ستەمی لێ ناکرێ.

حەللاج ئەو ئایەتەی بەوەوە بەستەوە کە بینیی...
لە ئاماژەکەی تێگەیی...
گریا...
خەڵکی حەجی خۆیان هەیە و... منیش هی خۆم...
ئەوان قوربانی ئەبەخشن...
وەلێ من ڕۆح و خوێنی خۆم...

بە دەوری کەعبەدا تەوافی کرد...
ماڵئاوایی کرد...
گریا و ڕۆیی...
لە هەژمەتیی عیشقیشا...
نزیک ئەوێ و لەو دەڤەرە... جێنشین بوو...

ئەوەی حەج بکا... وەک ئەو ڕۆژەی لێ دێتەوە...
کە تیایدا لەدایک بووە...
بەبێ دوێنێ و... بەبێ گوناە...

تۆبە بریتییە لەوەی
گوناهی خۆت لەبیر نەچێ...
نەخێر... بەڵکو لەبیرت چێ...
چون ئەوەی دێتە دونیاوە...
بێ گوناە لەدایک ئەبێ...

شەوی بیابان... تیشکی ڕۆژ ئەکوژێنێتەوە...
نەسیمەکەی...
چرپەی ئەستێرەکانە بۆ ڕۆحەکان...
بەگوێیاندا ئەچپێنێ...
لە ئامێزیان ئەگرێ...
ئەیانفڕێنێ و... خۆیشی لەگەڵیاندا ئەفڕێ...
بەرز و بۆ دوور...
بۆ جیهانێ... لە سامال...
زەویش بۆ شەوگەڕ... قەد ئەبێ...

شەو خامۆش بوو...
لەنێو گەرماکەی کەعبەدا...
حەللاج دوو ڕکات نوێژی کرد...
دانیشت...
بیری لە دروستکردنی...
زەوی و ئاسمان و خۆی کردەوە...

ئەوەی هەقیقەت لە ناخی خۆیا نەبینێتەوە...
لە شوێنی دوورا نایبینێتەوە...

وەک منالێ... ئەمەوێ فێری قسە بم...
مانای قسە...
سوژدەی برد... واتە... گوێڕایەڵ بوو...

سوژدە واتە گوێڕایەڵی...
هەموو ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە پێگەکانی باڵایی
خوێندوومنەتەوە... دوو وشەن...
سوژدە ببە و نزیک بەوە...
ئەوە ڕێگای ڕۆیشتنە بۆ لای خودا...
هەم سەرەتا و هەم کۆتایی...
خۆشترین نزیکبوونەوەی بەندەی خۆم بەلامەوە
ئەوەیانە کە فەرزەکان بەجێ دێنێ...
هەنگاو ئەنێ... کۆچ ئەکا... بەرەو باڵا ئەچێ...
بە نەوافیل نزیک ئەبێتەوە...
لەبەر دەرگای خۆشەویستدا ڕائەوەستێ...
بانگ ئەکا...
لە دەرگا ئەدا...
خۆشەویست گوڵێک و... دوو گوڵی بۆ هەڵئەدا...
دڵ... بۆنی عەتری لێ دێ...
لەناو گوێی یاردا نیشتەجێ ئەبێ...
بە گوێی ئەو ئەبیستێ...
لەناو چاویدا نیشتەجێ ئەبێ...
بە چاوی ئەو ئەبینێ...
لەناو دەستەکانیا... بۆیە هەر بەر خێر ئەکەون...
بەڕێی هیدایەتدا ئەڕوا...
چی داواکا... پێی ئەبەخشم...
هانام بۆ بێنێ... پەنای ئەدەم...

کاتێکیش بۆ لای یار ئەچێ...
یار دەرگای بۆ واڵا ئەکا و...
بەڕاکردن بەرەو لای دێ...
توند لە ئامێزی خۆی ئەگرێ...

هەزار میل... هەزار هەزار میل...
هەر بە دوو هەنگاو تەی ئەکرێ...
سوژدە ببە و...
نزیک بەوە...
باڵێک لە باڵی تر ناچێ... هەڵتئەگرێ...
باڵی عیشق و خۆشەویستی...

بۆیە حەللاج بڕیاری دا...
تا خوا حەزکا و تا بۆی بکرێ
لای کەعبەوە هەوار بخا...
تاکو بۆنی موبارەکی ئەوێ بگرێ...

قورئانی بەدەستەوەیە و... ئەم ئایەتە ئەڵێتەوە...
"فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا"
"کاتێ ڕێوڕیسمی ئایینی بەجێ دێنن، یادی
خودای خۆتان بکەن، وەکچۆن یادی باوانتان ئەکەن، یان بگرە
گەلێ زیاتر..."
یـ.. ا... د...؟!
شتێ یاد ئەکرێ، لەیاد چووبێ...
یادچوونەوەش ڕووداوێکە... بەسەر زانینێکی پێشوودا دێ...
بە یادکردنەوە نامێنێ...
یادی خوا کەن...
یادچوون لە زانینی دەربکەن...
هەمووش زانییان...
هەندێکیان لەیادیان چۆوە و...
هەندێکیان زانینیان پاراست...
هەندێکیش... کەوشەنی ئەقڵیان تێپەڕاند...
بیرۆکەکەیان پاراست و جڵەوی ڕێگایان فەوتاند...
باوەڕیان بە خواوەندێ هێنا و
لە شێوەی بتێ... یان بەردێ... پەیکەرێکا...
یاخود دارێ... یان گیاندارێ...
خوداوەندیان وێنا کرد و
بۆشی بوون بە پەرستیارێ...

ئەوەی کەوشەنی ئەقڵیشی پاراست
بووە لایەنگری هەق و...
باوەڕی بە خودای ڕاستەقینە هێنا...
ئەو خودایەی کە تاک و تەنیا و دانسقە و فریادڕەسە...
پێش هەموو شتێ هەبووە و...
بەدوایدا هیچ شتێ نایەت...
خاوەنی ئەم دونیایەیە و...
شکۆدار و چاکەکارە...
چی وەسفی شکۆ و هەیبەتە هەیەتی...
چی وەسفی چاکە و ڕەحمەتە هەیەتی...
هەم گەورەیە و هەم میهرەبان...

کەشتییەک گەر دوو کەشتیەوانی هەبێ...
چارەنووسی نوقمبوونە...
ئەم گەردوونەش... گەر دوو خوداوەندی هەبێ...
چارەنووسی کاولبوونە...

زانین پێشتر کامڵ بووە و... بەر لە سروشت...
بەرلەوەی ڕۆح ڕۆبچێتە ناو جەستەوە...
بەرلەوەی قوڕ... بەتوانا بێ و...
ببێتە خاوەنی کردار...

ڕۆح ڕۆچووە ناو قوڕەوە...
ئاوێتەی بوو...

جووڵەی تێکەوت...
ئەو جووڵەیە فریوی دا...
چون وایزانی... بەتوانایە و... بووەتە خاوەنی کردار...
ئەوەی لەبیرچووەتەوە کە ئەیزانی...
پەیمانی لەیاد چۆتەوە...
من خودای ئێوە نیم؟
وتیان: بەڵێ...
ئەم ئایەتانەی گەردوون... چ نین... جگە لە زیکر و بیرهێنانەوە...
پێغەمبەرەکانیش... چ نین... جگە لە زیکر و بیرهێنانەوە...
جیاوازیی شەو و ڕۆژیش هەر چ نین... جگە لە زیکر و بیرهێنانەوە...

نوقمی دونیای تێڕامان بوو...
لە یادی خودای دانادا... کەوتە مەلە...
"وەکچۆن یادی باوانتان ئەکەن"
باوانی من... دایک و باوکمن...
مناڵ چۆن دایک و باوکی خۆی دێتەوە یاد...
برسیی ئەبێ... دایکی شیری ئەداتێ...
سەری ئەنێ بە سنگییەوە...
بە بیستنی ترپەی دڵی...
هێور هێور ئەبێتەوە...
کاتێکیش شەو لە خەو ڕادێ...

له تاریکییه‌که ئه‌ترسێ...
به‌کوڵ ئه‌گری...
هه‌ینێ دایکی... ده‌ستێکی بۆ درێژ ئه‌کا...
ئه‌ترسێ و باوه‌ش به‌ دایکیدا ئه‌کا...
هه‌ست به‌ دڵنیایی ئه‌کا...

باوکی...
هێزێکه‌ به‌توانا...
توانای گشت کارێکی هه‌یه‌...
باوک له‌ چاوی مناڵدا...
به‌هێزترین و باشترین و جوانترینه‌ له‌م جیهانه‌دا...
ئه‌و به‌رکه‌ماڵیی ڕه‌هایه‌...
به‌ نوستوویی هه‌ڵیئه‌گرێ...
کاتێ ئه‌چن به‌ملاولادا...
به‌ ده‌ستی خۆی ده‌ستی ئه‌گرێ...
پۆشاک و نانی بۆ دێنێ... یاریی بۆ ئه‌کڕێ...
ئه‌ڵێی... باران ئه‌بارێنێ...
بۆیه‌ "وه‌کچۆن یادی باوانتان ئه‌که‌ن"
یادی خوادی گه‌وره‌ بکه‌ن...
یادی پێداویستی و... خۆشه‌ویستی و...
بگره‌ زیاتر...

حه‌للاج ناوی خۆشه‌ویستی... زیاتر له‌ جارێ هێنا...
دڵی جووڵا... یادی کرده‌وه‌...

دووپاتی کردەوە...
لەبەرخۆیەوە چەند جارێ... دووپاتی کردەوە...
یاد لە خەونی بێدار بۆوە...
قسە خامۆش بوو... دڵ خامۆش بوو...
ئەوەی یادی بکەوێتەوە... یاد ناکا...
چون... لە یادی ناچێتەوە...

لەو یادەیدا بەردەوام بوو... بەبێ دڵ و بەبێ زمان...

لە سەرەتای ڕێگادا بووم...
هەر شتێکم بدیایە، بەدوایدا خودام ئەبینی...
ئەم حاڵەم وا بەردەوام بوو... تا باڵاییم بەدەست هێنا...
کە باڵاییم بەدەست هێنا... هەرچیەکم بدیایە... خواشم لەگەڵیدا ئەبینی...
ئینجا باڵاتر ئەڕۆییم...
کە باڵاییم بەدەست هێنا... هەرچیەکم بدیایە... پێش ئەوە خۆشم ئەبینی...
ڕۆژانێ لە تەمەن ڕۆیین... لەگەڵیشیدا شەوانێ...
من باڵاییم بەدەست هێنا...
ئەوەی لەبەرچاوم ون بوو...
شت و یاد و بینینیان بوو...
ئەوەی بە تەنهاش ئەمبینی... هەر خودا بوو...
بەتەنها خودا و هیچی تر...
ئەو خۆی جاران چۆن بوو... ئێستاش وابوو...

و أيّ الأرض تخلو منك حتّى

تعالوا يطلبونك في السمـاء

تراهم ينظرون إليك جهـراً

وهم لا يبصرون من العماء

"چ سەرزەمینێ هەیە تۆی تیا نەبیت

تا هەڵسن و بیانەوێ لە ئاسمانا بەدواتا بگەڕێن

تۆ ئەوان ئەبینی کە بەڕواڵەت سەیرت ئەکەن

وەلێ چون کوێرن، ئەوان تۆ نابینن"



EDIT




EDIT

# نووسینی کتێبەکان

Where did you go to college?

Activity Log

Update Info

بۆ زانیاریتان:ئەم ئەکاونتە وەک پەیج بەکاردێت

ئامانج: خزمەت کردنە بە خوێنەر 📖📚📋📗📘📙📚

# ڕۆژوو

ژنەکە بە بارەکەی ناو سکیەوە... بەرەو شوێنێکی دوور ڕۆیی
حەللاجیش بە بارەکەی خۆیەوە بەرەو شوێنێکی دوور ڕۆیی

بەرەو قەدی دار خورمایەک... لەوێ دانیشت...
حەللاجیش لەبەر سێبەری کەعبەدا... دانیشت...

ژنەکە قەومەکەی خۆی هاتەوە یاد و... گریا...
کاشکی بەر لەمە ئەمردم... بریا...
حەلاجیش زەمزەمە ئەکا...
ئەوسا بەتەواوی لە یاد ئەچوومەوە...

ژنەکە وادەی خۆی هات...
گەر بنیادەمێکت بینی، پێی بڵێ...
ئەگری و لەبەرخۆیەوە زەمزەمە ئەکا...
من ڕۆژووی بێدەنگیم بۆ خوا نەزرکردووە و
ئەمڕۆ لەگەڵ هیچ مرۆڤێکا نادوێم...
وەکو ڕۆژووەکەی مریەم...
حەلاجیش ئەو ڕۆژووەی نەزر کرد...

خامۆشی...
بێدەنگی...
لەناو دەریایەکی قووڵا... کەوتە مەلە...
سەفەر دووره و چارۆکەکەی منیش قوڕە...
سەد خۆزیا هەڵۆیەک ئەبووم...
ئەفڕیم و لە شەقەی باڵم ئەدا...
ئەبوومە ڕۆحێک و بەناو... ئەستێرەکانا ئەگەڕام...
بەو ئومێدەی... ئەوە ببینم کە نایبینم و
ئەوە ببیسم کە نایبیسم...
هەردوو چاوم ئەبوونە چرا... لەناو ئەستێرەکانا...
تا ئاسۆ و ئەودیوی ئاسۆ ببینم...
کازیوە... ڕوون ئەبێتەوە...
بوولێل ئەڕوات و نامێنێ...
بەربەیان دێ...
سپێدەی دونیا و... سپیدەی ڕۆح...
دارخورماکە ڕائەتەکێنم...
خورمایەکی تازە بەسەر سەرمدا ئەبارێ...
"يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ"
پرسیاری دۆخەکانی مانگت لێ ئەکەن بڵێ ئەوە بۆ دیاریکردنی کاتە بۆ خەڵک...
هیلال پەیدائەبێ...
بەڕۆژوو ئەبین...
ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورە ئەبێ...
تا ئەبێ بە چواردە...

ئینجا ڕۆژبەڕۆژ کەم ئەکا و...
دوعا و نزای ئیمانداران دەست پێ ئەکا...
باڵندەکان لە شەقەی باڵ ئەدەن...
لە دەرگای ئاسمان ئەدەن...
ئاسمان دەرگای خۆی بۆ گشتیان واڵا ئەکا...
شەوی قەدر... شەوی شەوان...
پڕ لە بەخشش و ڕێزلێنان...
سڵاواتە... تا دەمەدەمی بەربەیان...

مناڵ بووم...
شاڵێکم لە خۆمەوە ئەپێچا...
لەگەڵ باوکما... بەشەو بۆ مزگەوت ئەچووین...
مزگەوتەکەمان بە چرا ئەڕازایەوە...
ڕووناکیی ئەو چرایانە... لەگەڵ نەسیمی شەودا سەمایان ئەکرد...
بیرمە جارێکیان لێم پرسی...
باوکە شەوی قەدر چییە؟
وتی شەوێکی پیرۆزە...
لەو شەوەدا دەرگای ئاسمان
بۆ ئەوای بەڕۆژوو بوون، واڵا ئەبێ...
هەروەکو پاداشتێ بۆیان...
منیش چونکە بەڕۆژوو بووم...
لە خۆشییا شاگەشکە ئەبووم...
سەیرم کرد و... چاوەڕێم کرد...

بەڵکو ئەمە خوایە دەرگای ئاسمان بکرێتەوە و
بە چاوانی خۆم ببینم...

چەندەها هیلال کۆچیان کرد...
چەندەها مانگ...
چەندەهاساڵ...
ساڵ بەدوای ساڵدا تێپەڕی...
باوکم کۆچی دوایی کرد و...
پڕ بە دڵم بۆی غەمگین بووم...
گەورە بووم و گەورەتر بووم...
کەچی هێشتا هەر چاوەڕێم...
بەڵکو ئەمە خوایە دەرگای ئاسمان بکرێتەوە و
بە چاوانی خۆم ببینم...

لە هەواڵەکانی حەللاجەوە...

حوسەینی کوڕی مەنسوور چووە ناو مەککە... ئەوە یەکەم سەردانی بوو...
ساڵێکی ڕێک... لە ناوەندی ئەنجومەندا نیشتەجێ بوو...
جگە لە دەسشۆری و تەواف... بۆ شوێنێکی تر نەئەچوو...
گوێی نە بە خۆر و... نە بە باران نەئەدا...
هەموو دەمەو ئێوارانێ...
گۆزەیەک ئاویان بۆ ئەبرد...
تا تینووێتیی پێ بشکێنێ... لەگەڵ نانێ...

چوار گازی لە نانەکە ئەگرت...
دوو قومی لە ئاوەکەش ئەخواردەوە...
قومێک بەرلەوەی نان بخوا و...
قومێک دوای نان...
ئینجا پاشماوەی نانەکەی لەسەر گۆزەکە دائەنا...

ڕێگاکە

نەفس ئەسپێکی سەرکێشە...
ئیرادە جڵەوی ئەکا...

لەنێوان سەرکێشیی نەفس و توندوتۆڵیی ئیرادەدا...
شەڕێک دەست پێ ئەکا...
مرۆڤ ئەکەوێ...
جارێک و دووان و سیان...
ئیرادەی ڕاستەقینە سەرلەنوێ...
سواری زینی ئەسپی سەرکێش ئەبێتەوە...
کۆڵ نادا تا ڕامی ئەکا...
تا سەرکێشی... ئەبێتە گوێڕایەڵی...
ئەقڵیش ئەبێتە بەندێک و...
نەفس بەدوایدا ڕائەکێشێ...

ڕێگاکەی حەللاج...
زیکر و...
نوێژ و...
ڕۆژوو و...
جڵەوکردنی ئارەزووەکانی نەفسە...

حەللاج گفتی خۆی بردە سەر...
بەپێوە بێ... دانیشتبێ... لەسەر لابێ...
بەردەوام زیکری خوا ئەکا...
بگرە هەناسەکانیشی بوون بە زیکر...
شەو و ڕۆژ نوێژ دائەبەستێ...
ڕۆژوو ئەگرێ...
بە شتێکی کەم ڕۆژووەکەی ئەشکێنێ...
چەند تیکەیەک... لالۆچێکی گەدەی بگرێ...
نە لەبەر خۆرەوە بۆ سێبەر ئەچێ و...
نە لە سەرماوە بۆ گەرما...
بەرگی ئەم دونیایەی لە خۆی داماڵیوە...
ئەمە ڕواڵەتی زوهدە...
ناواخنیشی ئەوەیە... خۆشەویستیی ئەم دونیایە لە دڵی خۆتا هەڵکەنی...

هەر سەرگەرمی مەشق و... خۆڕاگرتن بوو...
دونیا خۆی بۆ ئەڕازانەوە...
ئەم هیچ تەماشای نەئەکرد...
بانگی ئەکرد... گوێی نەئەگرت...
ئیدی دونیا... نائومێد بوو...
خۆی حەشاردا و... لەچاو ون بوو...

هاوڕێکەی ئەڵێ:
من حەوت ساڵ هاوڕێی حەللاج بووم. جگە لە سرکە و لە خوێ،
من نەمبینی دەم بۆ زادێکی تر بەرێ...
سیپاڵێکی لەبەرئەکرد، کڵاوێکیش بە سەریەوە...
کاتێ جلێکیان ئەدایێ، وەری ئەگرت، تا بیدا بەکەسێکی تر
شەو نەئەنوست... بە ڕۆژیش تەنها سەعاتێ...
ئەیوت...
ئەوەی ئەیەوێ بە ئاکام بگا...
ئەبێ دونیا لە پشتیەوە ئەفەرۆز کا...
شاگردێکی خۆی لێی پرسی...
ئامۆژگاریت بۆ من چییە؟
وتی: نەفست...
ئەگەر تۆ جلەوی نەکەی... جلەوت ئەکا...

لە دوا ڕۆژانی ژیانیدا بە هاوڕێیەکەی خۆی ئەڵێ...
من لە ماوەی پەنجا ساڵدا نوێژی دوو هەزار ساڵم کرد...
هەر نوێژێک... قەزایەک بوو بۆ هی پێش خۆی...

هاوڕێیەکەی لێی ئەپرسێ:
ئینسان چۆن بە خودا بگا؟
وەڵامی ئەو ئەمە ئەبێ:
تەنها دوو هەنگاو و ئەگەی...
پشت لە دونیای دوونی بکە و...
ئاخیرەتیش... ڕادەستی خاوەنی بکە...

جارێکیان لەکاتی نوێژدا... هەموو قورئانی خەتم کرد...
دواتر وتی:
هەرکەسێ وابزانێ... بە خزمەت ئەو قایل ئەکا...
واتە نرخی بۆ قایلبوونی داناوە...
لەکاتێکا... قایلبوونی خوادی گەورە... بەخششێکە
بە هیچ نرخێک ناپێورێ...

ساڵ تێپەڕی...
سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژ...
لەو ساڵەدا... حەللاج
ڕۆژەکەی بەڕۆژوو ئەبوو...
بە شەویش هەر بێدار ئەبوو...
ئەو گوتەیەی بیرئەهاتەوە کە ئەڵێ:
"قەومێ وەک حەز خودای گەورە بپەرستن...
ئەوە پەرستنی بازرگانانە...
قەومێ لە ترسا خودا بپەرستن...
ئەوە پەرستنی کۆیلەکانە...
قەومێ بۆ سوپاس خودا بپەرستن...
ئەوە پەرستنی مرۆڤە ئازادەکانە...
هەروەها ئەڵێ...
قەومێ تەنها لەبەر خۆشەویستی خودای گەورە بپەرستن
ئەوە پەرستنی عاشقەکانە...

شەوق و ئەڵها ماندووی ئەکا و لە ڕۆژێکا
بەتەنها سەعاتێ ئەنوێ...
باڵا ئەبێ... بەرەو لای خوداوەند ئەچێ...
ڕێبوارێکە لە هیچ جێیەک هەوار ناخا...
لەگەڵ خودای خۆیدا ئەدوێ...
داوا ئەکەم توو پیرۆزیت کە هەر تایبەتمەندیی خۆتە...
دڵم لەم دنیا هەڵکەنە و هۆگری دنیای خۆتم کە...

عاشقێکم... بێ لە مەعشوق... نایەوێ لەگەڵ کەسدا بێ...

ئەوەی عاشق بێ و بڕوانێ...
وەکو قەیسی کوڕی ملەوەحی لێ دێ...
کاتێ ئەڵێ:
ڕوانیمە لەیلا و وێنەکەی
لەناو چاوانما تۆمار بوو...
چاوم نووقاند تا نەیبینم...
بە چاوی نووقاویشەوە...
لەیلا هەر لەبەرچاوما بوو...

یاخود ئەڵێ:

باوکم بردمی بۆ مەکە...
بە چواردەوری کەعبەدا تەوافمان ئەکرد...
وتی...

ئەپاڕێمەوە لە خودا...عەشقی لەیلا... لە دڵت دەرکا...
منیش خۆم بە دیواری کەعبەدا هەڵپەسارد و نزام کرد تا...
عەشقی لەیلا... لە دڵمدا زیاتر بکا...

ئەوەی عاشق بێ و لە مەعشوقەکەی جودا بێ...
لە خەفەتدا... هەردوو چاوی، سپی سپی هەڵئەگەڕێ...
کاتێ کراسەکەی یوسفیش... بە سەر دەموچاویا ئەدەن...
بینا ئەبێ...
ئەمە حاڵی کەسێکە عاشقی وێنە بووبێ...
ئیدی ئەبێ حاڵی کەسێ چۆن بێ...
کە عاشقی خولقێنەری وێنەکە بێ...

پەیامبەر لەبارەی "سوهەیبی کوڕی سینان"ی ڕۆمییەوە ئەڵێ:
سوهەیب گەر خوای نەناسیبا، سەرپێچیی نەئەکرد..."
حەز و هەوەسی ئەو دژ بە خواستی خودا نیە...
ئەوەی ئەو ئەیخوازێ... خودا ئەیخوازێ...
چاکە سروشتی خۆی هەیە...
هەروەکو بۆنی گوڵەباخ...
وەکو گمەگمی کۆتر...

حەللاج دائەنیشێ و بیرئەکاتەوە...
دڵۆپێ ئاو لە بەردەمیا... کەوتە زەوی...
تیشکی خۆر تێکەڵ بە دڵۆپە ئاوەکە ئەبێ...
وردەوردە دڵۆپە ئاوەکە بچووک ئەبێتەوە و نامێنێ...

باوکە... بۆ کوێ چوویت...
کوڕم لەتەک گەواڵە هەورێکدا...
بەرەو خاکێکی دوور ڕۆیشتم...
ڕۆژێ ئەو گەواڵە هەورە دائەبارێ و...
ئەبێتە باران و دەغڵ و دان...
من وەک ئەو دڵۆپە ئاوەم...
کە خۆری هەقیقەت هەڵهات...
"من" نەمام و "ئەو" مایەوە...
لەگەڵ ئەو هەورەدا ڕۆیشتووە خودی من...
بەو ئومێدەی... کە ڕۆژێک بێ دابباری و
ببێتە باران و دەغڵ و دان...
لە خاکێکی دوورا...
ئەوەی بەتەنیا خۆی بڕوا...
هەر لەگەڵ خۆیدا ئەڕوا...
ئەوەی لەگەڵ خوادا بڕوا...
هەر لەگەڵ خوادا ئەڕوا...

هاتم بۆ مەکە و لە دەوریا نیشتەجێ بووم...
هەروەکو پەرستیارێ...
لە خودی خۆم چوومە دەرێ...
ئەڕۆم و بە بانگەوازی هەقەوە ئەگەڕێمەوە...

# ساڵێك تێپەڕی

تەقوایەکی زۆر و چەند پاروویەکی بچکۆلە...
خۆی تەیار کرد و هاوڕێ لەگەڵ کاروانێکا...
بەرەو باکوور... بۆ عێراق چوو...
پاشان گەڕایەوە مەککە... تا ئەوە دوا وادەی بێ...
تەواف...

لە کەعبە ڕائەمێنێ...
چاوانی پڕ ئەبن لە ئەشک...
بۆ بەردەڕەشەکە ئەچێ...
ڕائەوەستێ...
وەرچەرخا و کەعبە کەوتە لای چەپیەوە...
بە ناوی خوا... ئەڵڵاهوئەکبەر...
خودایا باوەڕم پێتە...
تەواف ئەکا...

بە منالی لەگەڵ باوکما ئەم سەرزەمینە گەڕاوم...
لە شەوی سارد و سەرمادا... بۆئەوەی گەرمم بێتەوە...
خۆم بە باوکمەوە ئەنووساند...
ئەو کاتانەی دوور ئەبووم لێی... هەستم بە غەریبی ئەکرد...

خودایا لێیان ببووره و لەگەڵیاندا میهرەبان بە...
وەکچۆن ئەوان بە منالّی بەو چەشنە منیان گەوره کرد...

ژیانی جارانی... هێنایەوە بەرچاوی خۆی...
چۆن هەمیشە لەگەڵ ئەمدا... هەر لە کۆچ و سەفەردا بوو...
کۆمەڵێ منالّ... خەریکی ئەزبەرکردنی قورئان بوون...
ئەیانخوێندەوە...
خودایا... بە شەوق و تاسە و خەمەکانمەوە
وا هاتمە حزوورت...
کاتێکیش ئەگەڕێمەوە... لە عیشقانا داگیرساوم...
گەر زەڕەیەک لەو ئاگرەی لە دڵمایە
فڕێ بدەمە سەر کێوێ... ئەتوێتەوە...
گەر ڕۆژی قیامەتیش لەناو ئاگرا بم...
عیشقم ئاگرەکە خامۆش ئەکا...

خودایا... داوات لێ ئەکەم...
توو ئەو نوورەی ڕوخسارت کە دڵی عاریفان
پێی ڕووناک ئەبێتەوە...
وێڵی چۆڵی سەرسامیم مەکە...
خودی خۆمم بۆ مەگەڕێنەرەوە... دوای ئەوەی کە لێت
ڕفاندنم...
خودی خۆمم پیشان مەدە... دوای ئەوەی لێت شاردمەوە...
تا بەشم لە خۆشەویستی... هەر سوێ نەبێ...
لە عیشق هیجران و...
لە زانین حەسرەت...

تەواف ئەکا و نزا ئەکا...

خودایا ئەو دادپەروەرییەی بە خۆتت ڕەوا بینیوە...
بە منیشی ڕەوا ببینە...
ئەو زوڵم و زۆرەی لە خۆتت حەرام کردووە...
لە منیشی حەرام بکە...

بۆ حەوت جاران تەوافی کرد...
دەستی ماڵئاوایی بەرزکردەوە...
بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە...
بەرەو دواوە ئەکشێتەوە...
چاوی هەر بە کەعبەدا هەڵواسرابوو...
تا تەواو دوورئەکەوتەوە و ئەوێی جێهێشت...
پێغەمبەری دێتەوە یاد کە کۆچی کرد بۆ مەدینە...
چۆن بەرلەوەی جێی بهێڵێ... ڕووی کردە مەککە و وتی...
تۆ باشترین سەرزەمینی خودای گەورەی...
خۆشەویسترین دەڤەریشی لەلای من...
ئەگەر بە ناچاری نەبێ... جێت ناهێڵم...

لەبەرخۆیەوە نزای کرد...
خودایا... ئەمە دواهاتنی من نەبێ بۆ ئێرە...

بەپەلە ڕۆیی و... خۆی گەیاندە کاروانەکە...

سالانی بێسەروبەری...
ئەو سالانەن کە تیایاندا... فیتنە و کوشتن
ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونن...
سالی دووسەد و حەفتا و دووی کۆچی...

لەم سالەدا...

گرانی ڕووی لە بەغدا کرد...
ڕۆن و سابوون و خورما... زۆر بە زەحمەت دەست ئەکەوتن...
خەلکی بڕستیان لێ بڕا و وورووژان و ڕژانە سەر شەقامەکان...
هێزی سەربازی بۆیان چوون...
ئەوانەی کوژران، کوژران و خەلکێکی تر بریندار بوون...

لەم سالەدا...

شەش سەرکردەی زنجیەکان... لە مالی کابرایەکدا دەسبەسەر بوون...
ئەو کابرایە ناوی فەتح ئەلسەعیدی بوو...
خەلیفە مۆفەق نامەی بۆ فەتح نووسی...
تا سەری بڕاوی ئەو شەش کەسەی بۆ بنێرێ...
فەتح ڕۆیی و... غولامەکانی ڕاسپارد...
یەکەیەکە لاشە بێسەرەکان فڕێدەنە ناو زێرابی مالەکەوە...

ئینجا هەر شەش سەرە بڕاوەکەی نارد بۆ مۆفەق...

لێیان ڕاما...

بە دارێک کە بە دەستییەوە بوو...

یاریی بە کەللەسەرەکان کرد...

بەوەش هەر تینوویێتیی نەشکا...

داوای لاشەکانیانی کرد...

لاشەکانیان لە زێرابەکە دەرهێنا...

ئاوسابوون و بۆگەنیان مرۆی کاس ئەکرد...

هەموویان نارد بۆ خەلیفە...

ئینجا ئەویش بڕیاری دا...

هەر شەش لاشە بێسەرەکە...

لەناو جەرگەی شاری بەغدا...

لەسێدارە بدا...

کاروانەکە بەرەو باکوور ڕێ تەی ئەکا...
کاروان ئەڕوا و... دڵی ئەم پێشی ئەکەوێ...
حوسەینی کوڕی حەللاج... لاوێکە تەمەنی
نزیکەی سی ساڵێک ئەبێ...
لاوێکی پێگەیشتووە...
چاوی لە خراپە نییە...
لە کاری ناڕەوا دوورە...
پەرستن شەکەتی کردووە و... شەونخونی، لاواز و بنێس...
لەژێر باری شەوقی ڕۆحدا داهێزراوە و...
دڵی سست و لاواز بووە...

ئەڵێی هەزار ساڵی ڕەبەق
بەسەر خەڵوەتەکەیدا ڕۆییوە...

دوای هەزار ساڵ...
پێئەچێ دنیا گۆڕابێ...
لە شەونشینییەکانا... گوێ بۆ قسە و باسی ڕێبوارەکان
ڕائەدێرێ...
دۆخەکە هەر هەمان دۆخە و... بگرە بەدتر...
دەستی ستەم تا بێ درێژتر ئەبێت و... توندوتیژتر...

چیرۆکەکە...
زۆردار و ستەملێکراو و شۆڕشگێڕە...
بە تەنها ناوی کاراکتەرەکان تیایدا ئەگۆڕێ و هیچی تر...
خەلیفە لەناو دەریای شەهوەتدا مەلە ئەکا و...
خۆی لە دەست داوە و زۆر شتی تریش لەدەست ئەدا...
دەستوپێوەند... سەرباز و سیاسیەکان... سەرگەرمی زوڵم و تاڵانین...
میللەت... لە هەتیوەکانی سەر خوانی نەگریسان...
سەرلێشێواوترە...

شۆڕشگێڕان... یا کوژراون... یان لە سێدارەدراون...
یاخود قەتڵوعام کراون...

شەوق و تاسەم بۆ مەککە هەر تەواو نابێ...
ڕۆژی، بەڕۆژووبوونە و... شەوی، بێداری...
توێشوو... لە حەساری کەعبەدا... توێشووی کارە...
ئازیزترین کەسیش لای خوا ئەو کەسەیە
کە بۆ منداڵەکانی خۆی... کەڵکدارە...

کاروانەکە بەرەو باکوور ڕێ تەی ئەکا...
بەرەو سەرزەمینی ئەهواز...
کاروان ئەڕوا و دڵی ئەم پێشی ئەکەوێ...

لەم ساڵەدا...

جووڵە کەوتە ناو باقیی زنجەکانەوە...
کوڕی "خاوەنی زنج"یان کردە سەرکردەی خۆیان...
کوڕەکە ناوی "ئەنکلای" بوو...

مۆفەق لەشکری کردنە سەر... کوژران...
سەری بڕاویان بۆ نارد و... لاشەکانیش...
لە بەغدا لە سێدارە دران...

هەواری مناڵی لە ڕۆحدا ڕۆئەنیشێ...
بەرامەی وەکو هی دایکە...
بۆنێکی هەمیشە بێگەرد...

شوشتەر...

وا لە ئاسۆ دەرئەکەوێ...
گومەز و منارەکانی
بۆنی خەڵکەکەیان لێ دێ...
ئەڵێی ئەبو عەبدوڵڵای شوشتەری
هێشتا هەر دانەویوەتەوە و...
سوژدە ئەبا...

حەللاج... گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی...
ژوورێکی تەنگ... وەلێ پڕ لە خۆشەویستی...
بێ پەنجەرە... لێ ڕۆشن بە ڕەزامەندی...
پاڵکەوت و تا ڕۆژی دوایی حەسایەوە...

بۆ بەیانی...
دەستی کرد بە گەڕان بەناو شاردا...
چووە گەڕەکە هەژارنشینەکان...
سەری لە مزگەوتەکانیان دا...
تەماشای کرد... مزگەوتەکان هەم بێ دەرگان، هەم بێ دیوار...
بە شەو و ڕۆژ کراوەن و پەناگەیە بۆ پەرستیاران و هەژار...
بۆ ئەوانەی جێیەک نییە تا بسرەون...
لە دڵی خۆیدا ئەڵێ...
مزگەوتە بێ دیوارەکان... فریشتە ئەچێتە ناویان...
منیش لەگەڵ ئەوانەدا... ئەو هەژار و فریشتانەدا...
بانگەشەی خۆم دەست پێ ئەکەم.

نوێژ تەواو بوو...
هەستا و... کەوتە پەیڤین...

خۆر ڕووناکییە و...
مانگ ڕۆشنایی و... دۆخی جیاجیا
تا بە هۆیەوە ژمارەی ساڵەکان و ژماردن بزانن...
ئەمانە هەموو ئایاتن بۆ قەومێ کە ژیر بن...
ئایا جیاوازی لە خەڵکی خوادا ئەبینی؟

خەڵکی هەڵقە هەڵقە دائەنیشتن گوێیان ئەگرت...
لە پەیڤی گەش و... پاک و ڕۆشن...

لە ئایەتەکانی گەردوونا ئایەتەکانی ژیان ئەخوێنینەوە...
ئاسمانی بەرز ڕاگرت و هاوسەنگی و تەرازووی دانا...
لە تەرازوو لامەدەن...
بناغەی ڕاستی هەر شتێ... دادپەروەرییە...
چ ئاسمان و چ زەوی... تەنها بە دادپەروەری ڕاست ئەبێتەوە...
ئەوەی دادپەروەری ببەزێنێ... لە تەرازووەکە لائەدات...

گەرچی دەوڵەتی عەباسی پێگەیی و بووژایەوە...
خۆی ڕاگرت و ڕەگی داکوتا...

گەورە بوو و سنووری بەزاند...
لێ دۆخی جیاجیامان بۆ مانگ داناوە...
تا ئەچێتە دۆخێک کە لە هێشووی خورمای کۆن دەچێت...
لقێکی وشکەوەبوو... چەماوە و خواروخێچ...

ژیانی دونیا وەکو ئاوێکە لە ئاسمانەوە باراندبێتمان...
ڕووەکی زەوی تێکەڵی بوو و گۆڕا بۆ پووشوپەڵاشێک
بەدەم باوە...

خەڵکەکە سەریان لە قسەکانی سووڕمابوو...
تیایاندا بوو...
گوێی ڕائەدێرا و ئەیبینی و ئەو قسانەی ئەزبەر ئەکرد...

بەرپرسی پۆلیس بە سیخوڕەکانی خۆی وت...
- شوێنی بکەون و چاودێریی بکەن...
بۆ کوێ ئەچێ و بۆ کوێ ناچێ...
چی ئەڵێت و چی ناڵێ...
کەسانێک بکەنە ناویانەوە تا پرسیاری لێ بکەن...
ڕەنگە ئەمە لە پاشماوەی زنجەکان بێت...
یان لە فیتنەئەنگێزەکان...

حەللاج چووە مزگەوتەکە...
نوێژی کرد و بۆ خۆی دانیشت...
کەوتە زیکرکردنی خوا...

هەستا و دەستی بە قسە کرد بۆ خەڵکەکە...
یەکێ لێی پرسی:
چۆن عەدالەت دامەزرێنین؟
وەڵامی دایەوە و وتی:
هەق بە مافخوراوان بدەین...
سامان بگەڕێنینەوە بۆ هەژاران...
ئاسایش بۆ ژیانی خەڵک...
زەکات بۆ ئەهلی شایستە...
وەڵامی ستەم بدەینەوە و خوێن نەڕێژین و پەیمانەکان بپارێزین...

خیلافەت پەیمانە...
ئەوەی کە خەلیفەی پێغەمبەر بێ
ئەبێ شوێنپێی ئەو هەڵگرێ...
خیلافەت... موڵک نییە بە میراتی بۆ نەوە بمێنێتەوە...
ئەوەی شایانێتی... شایستەترینە لە ڕووی زانست و فەزڵ و کردەوەوە...
خیلافەت مافی هەموو موسڵمانێکی چاکی دادپەروەرە...
شایستەترین کەس بە خیلافەت ئەو کەسەیە
لە یەکەم ڕۆژی خیلافەتیا... لە ترسی خوا بگری،
لەوەی نەوەک دەسەڵات خراپ بەکاربێنێ...
کاتێکیش مرد... نە درهەمێ، نە دیناری... بە میراتی...
لە دوای خۆی... لێی جێ نەمێنێ...

یەکێ لە سیخوڕەکانی ناو خەڵکەکە لێی پرسی:
تۆ پێت وایە زاناکان شایستەترینن؟
- ئەی کێ بێ جگە لەوان؟
بەو مەرجەی کار بەوە بکەن کە ئەیزانن...
دەنا کەسێ... خۆی ون و سەرلێشێواو بێ...
چۆن ئەتوانێ کە چاوساغی کاروانێ بێ؟!

لاوێک دانیشتووە، گوێی لەوە نییە کە ئەوترێ...
بە سەرسوڕمانەوە... لە جلوبەرگەکەی حەللاج ڕائەمێنێ...
خیرقە و باڵاپۆشی سۆفییانەی...
وتی... گەورەم...
باسی مەقامات و ئەحواڵمان بۆ بکە...
حەللاج وتی...
ڕێگاکە هەنگاوێکە...
ئەوەی باوەڕ بە خوا بکا... ئەویش باوەڕی پێ ئەکا...
نە مەقامات و نە ئەحواڵ...
ئەوەی لە تەرازوودا ئەمێنێتەوە تۆزقاڵێ چاکەیە و هیچی تر...
یان... چەند ڕکاتێک لە نیوەی شەودا و موناجاتی یار بۆ یار...

دوو پیاو لە قوژبنێکی دووری مزگەوتەکەدا چرپەچرپیانە:
ئەگەر شێخی سۆفیان، ئەبو عومەری مەکی گوێی لەم پیاوە بێ...
ئەو خیرقەیە لە بەری دائەکەنێ کە پێی داوە...

حەللاج وەک ئەوەی گوێی لێیان بووبێ...

من خۆم ئەم خیرقەیە دائەکەنم و
جلی هەژاران ئەپۆشم...

خیرقەکە لە شانی ئەکاتەوە...
ئینجا قسەکەی تەواو ئەکا...
خوا سەیری ڕواڵەتتان ناکا...
ئەو لە دڵ و کردەوەکانتان ئەڕوانێ...

کابرایەک هەستایە سەرپێ...
- گەورەم... باسی دادپەروەری ئەکەی
لەکاتێکا من بەزۆر سەرانە و زەکاتم لێ ئەسەنن...
- ئەمە شتێکی گەلێ سەیرە... چۆن؟!
- من جوو بووم، بووم بە ئیسلام...
کەچی وتیان... بوویت بە ئیسلام هەتاکو سەرانە نەدەیت...
بۆیە ئێستا بەزۆر، سەرانە و زەکاتم لێ ئەسەنن...
-خوا پێغەمبەری بۆ باجسەندن نەناردووە...
نابێ بە زۆر زەکات لە هیچکەس بسەنرێ
سەبارەت بە وەرگرتنی سەرانەش لە موسڵمانبوو...
یان باج لەوەی کە کار ئەکا و کە خەریکی کشتوکاڵە...
ئەمە هەژارکردنی زیاتری هەژاران و
دەوڵەمەندکردنی زیاتری دەوڵەمەندانە...

زەوتکردنی دارایی موسڵمانانە...
کە تۆش هەر یەکێکیت لەوان...

- هەر ڕێک وای وت؟!
یەکێ وەڵامی دایەوە:
بێ کەموکورت...
بەرپرسی پۆلیس دەهری بوو و هەستایە سەرپێ...
لە ژوورەکەدا هات و چوو...
- حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاج...
لە هەموو کەسێ ئەخوێنێ...
یەکێ لەگەڵ بەرپرسی پۆلیسدا دانیشتبوو...
پیاوێک ناوی حامیدی کوڕی عەباس بوو...
باجگرێکی دڵڕەش و... پڕ ڕق و کینە...
وتی: ئەمە کابرایەکی خەتەرناکە...
هێرش ئەکاتە سەر سوڵتان و یار و یاوەرانی...

ناحیەتولجەبەل... شارێکی بچکۆلەیە...
حەللاج بە مزگەوتەکانیدا ئەگەڕێ...
دوای ئەوەی لە مزگەوتێکدا... نوێژ لەگەڵ جەماعەت ئەکا...
جێی ئەهێڵێ...

تاریکی...

چەند پیاوێ لێی نزیک بوونەوە...
نەیدەناسین...
بێ ئەوەی سڵاوی لێ کەن:
- بەرپرسی پۆلیس تۆی ئەوێ...
چەند ڕوخسارێکی بێ ئەدگار...
تاریکیی شەو و هی دڵیان... سیمایانی شاردۆتەوە...

کۆمەڵێک ڕێگای تەنگەبەر...
شوێنێکی دوور...
لە ئەنگوستەچاوی شەودا... خانوویێ...
مەیدانێ...
چەند ژوورێکی تاریک و تەنگ...
کۆمەڵێ دەرگای داخراو...
دەرگایەکیان بۆ کردەوە...
چووە ژوورێ...

دەرگاکەیان لەسەر داخست...
بە بێدەنگی دانیشت...
لەبەرخۆیەوە وتی... دیارە ئەمانە لە وشە ئەترسن...

بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی...
- تۆ قەرمتیت؟
- نەخێر.
- یان... دیارە لە لایەنگرانی زنجیەکانیت...
- نەخێر.
- با... ئێمە ئەزانین... ئەزانین...
بەرپرسی پۆلیسەکە وتیەوە...
- ناو و ناوبانگت ئەزانین... بۆ کوێ ئەچی و بۆ کوێ ناچی...
تەنانەت ئەو خەونانەشت ئەبینین کە شەو ئەیانبینیت...
ئەو قسانە چین لە مزگەوتەکانا ئەیانکەیت؟
- زانستن...
کە پرسیاریان لە زانا کرد... ئەبێ وەڵام بداتەوە...
کە وەڵامیشی دایەوە... ئەبێ ئەوەی هەقە بیڵێ...
کە هەقیشی وت... هاوڕێی لێ ئەکا...
بەرپرسی پۆلیسەکە ئەڵێ...
ئێمە هەمیشە دەرگاکانمان بۆ هاوڕێکانمان واڵایە...
حەللاج ئەڵێ...
من چووم بۆ دەرگایەکی تری جیا لەم دەرگایانە...
ئەوەی کەسێ تر ببینێ، جگە لەوەی عاشقی بووە...
مانای وایە عاشق نییە...

بەرپرسی پۆلیس لە ترسانا قیژاندی...
چەند پیاوێ چوونە ژوورەوە...
- بیبەن... بەر جەڵدەی بدەن و پاشان بەرەڵای کەن...
حەللاج هەستایە سەرپێ...
بە بێدەنگی لەگەڵ جەللادەکانا ڕۆی...
کاتێ گەیشتە دەرگاکە...
گوێی لە دەنگی بەرپرسی پۆلیس بوو وتی:
- ئەوە دیارییەکی بچووکە... لە ئێمەوە بۆ تۆ...
تا لە یادت نەچینەوە...
وەستا...
دەنگەکە بەردەوام بوو...
- زمانت جڵەو کە... با نەبێتە مایەی کوشتنت...
حەللاج ئاوڕی نەدایەوە...
لە دەرگاکە چووە دەرێ... بەرەو مەیدانەکە...

هەندێجار بێدەنگی ئەبێتە چەکی ستەملێکراوان...
حەفتا جەڵدەیان لێ دا...
هاواری نەکرد...
ئاخ و ئۆفی نەکرد...
نەیناڵاند...
بە بێدەنگی و خامۆشیەکەی...
جەللادەکانی تێکشکاند...

جێ قامچیەکان لەسەر لەشی...
بوون بە خەتی سووری شینباو...
ئەو ئێستاکە...
دڵی شۆڕشگێڕێ وا لە سنگیا و...
خەون و خولیای عاشقێ وا لە کەللەیدا و...
پۆشاکیشی... جلوبەرگی گەدایانە...

بەتەنیا... بەرەو سنوورە خەتەرناکەکان ئەڕوا...
سنوورە دوورەکانی خۆرهەڵات...
بەناو هۆزە ناعەرەب و ناموسوڵمانەکانا... ئەگەڕێ...
بانگەشە بۆ ئیسلام ئەکا...
سەربازێک پێی ئەڵێ...
بەمزووانە... ئەم ناوچانە داگیر ئەکەین... بۆچی
تیایاندا ئەگەڕێیت؟
حەللاج وتی...
ئەو ناوچەیەی کە بە شمشێر داگیر بکرێ...
درەنگ یا زوو...
هەر بە شمشێر ئازاد ئەکرێ...
بەڵام دڵەکان بە کتێب و دادپەروەری ئاوەدان ئەکرێنەوە...

زۆریان لەسەر دەستی حەللاج
بوون بە ئیسلام...

ئەمیش لەناویاندا ژیا...
فێری کتێب و حیکمەتی ئەکردن...

پاش پێنج ساڵ...
سۆزی غەریبی بۆ ئەهواز... بانگی ئەکا...
بۆ نیشتمان و کەسوکار...
بۆیە هەروەکو ڕێبوارێ، بەرەو ئەوێ ڕی تەی ئەکا...

# ئەگێڕنەوە و ناگێڕنەوە

ساڵ بوو بە دووسەد و حەفتا و هەشت...
لەو ساڵەدا...
قەرمتیەکان کەوتنە خۆیان...

گەورەکان ڕۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر ئەبوون و...
جووتیارە هەژارەکانیش..."یان هەڵاتوو...
یان ستەملێکراوێ کە هەر ناهەقیی بەرامبەر ئەکرێ و
ئەویش دانی بە خۆیدا گرتووە...
یان زەویوزارەکەی خۆی ڕادەستی دەرەبەگێ کردووە
تا خۆی لە شەڕی بپارێزێ..."

جووتیارەکان پەنایان بۆ دەسەڵاتداران ئەبرد...
بڕێک پارەیان ئەدانێ تا لە زۆر و ستەمی
باجگران بیانپارێزن...

قەرمتیەکان کەوتنە خۆیان...

مێژوونووسەکان ئەڵێن:

”ئەوانە دەستەیەک زندیقی خوانەناسن...
شوێنپێهەڵگرانی فەیلەسووفانی فارسن...
ئەوەی حەرامە حەڵاڵی ئەکەن و
لایەنگری هەموو ئەوانەن کە بە ناهەق ئەقیڕێنن...“

هەروەها ئەگێڕنەوە...
”سەرکردەی قەرمتیەکان فەرمانی بە شوێنکەوتووانی ئەدا
لە شەو و ڕۆژێکدا پەنجا جار نوێژ بکەن...“

ئەوانە زندیقی خوانەناسن... یان پەرستیاری بەئیمان...
مێژوونووسەکان ئێمەیان... پڕکردووە لە سەرسوڕمان...

ئەگێڕنەوە...
”حەمدانی کوڕی ئەشعەس... سەرکردەی قەرمتیەکان...
بە زوهد و خوداپەرستی ناسرابوو...
لایەنگرەکانی بە خۆیان ئەوت:
ئەوانەی بەپشتی خوا سەرکەوتوون...“
هەر ئەمانە ”کۆمەڵێک مزگەوتیان بۆ موسڵمانان دروست کرد و
منداڵەکانی خۆیان فێری قورئان ئەکرد...“

ئەگێڕنەوە... کە ئەمانە
”ئەرکە شەرعیەکانیان بەتاڵ کردۆتەوە و...
ئەڵێن گوایە نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج و هەموو فەرزەکان
نەوافیلن نەک فەرز...“

مێژوونووسانی سوڵتان ئەگێڕنەوە...
حەقیقەت لەنێوان دێڕەکانا... لە دەستیان ڕائەکا...
لەناو دێڕەکانیشا...
ئەوە ئەنووسن کە سوڵتان شاد ئەکا...

قەرمتیەکان لەدوای خۆیان هیچ ئاسەوارێکیان جێ
نەهێشتووە...
لەکاتێکا ئەوان... چەندین زانا و نووسەر و بیرمەندیان
هەبووە...
کە خاوەنی کتێب و بیروبۆچوونی خۆیان بوون...
ئاخۆ لەگەڵ ڕۆژگاردا تیاچوون و...
زەمەن پێچاونیەتەوە...
یان عەباسیەکان پێچاویانەتەوە...
شتێکی سەیرە...
ئاخۆ عەباسیەکان لێهاتووترینی خەڵک بوون
لە سووتاندنی کتێب و...
لەناوبردنی ئاسەواری بیرمەندان و...
ڕێگرتن لە خەڵک کە تەنانەت ناوی خۆیشیان بهێنن...

قەرمتیەکان کەوتنە خۆیان...

"لە ئەنجامی لاوازیی خەلیفەوە و
گەمەکردنی تورک بە پایەی خیلافەتەوە و

"داگیرکردنی وڵات و بێسەر و بەرییەوە...

مەسەلەکەیان گەورە بۆوە و...

دەوڵەتی خۆیان دامەزراند...

لە عیراقەوە تا بەحرەین...

جوتیارانیان لەدەست ئاغاکان ڕزگارکرد...

زەویوزارەکانیان گەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان...

هەموو کەسێ لەو دەوڵەتەدا کار ئەکا...

ژنان و پیاوان...

تەنانەت منداڵەکان...

بەرامبەر بە کرێیەکی ڕۆژانە... باڵندەی ماڵان پەروەردە ئەکەن...

هەموو لە کار و کرێدا وەکو یەک وان...

ئەوەی لە پێویستیی خەڵکیش ئەمێنێتەوە...

ئەخرێتە بەیتولماڵەوە... بۆ هەمووان...

دادپەروەرییەکی تەواو...

نەداران و هەژاران وەدووی کەوتن...

ستەم... پووشوپەڵاشی ڕواند...

بۆیە ئاگر گشت ئەو ناوەی تەنییەوە...

# ڕووئەدات

لە موحەڕەمی ئەمساڵدا...
مۆفەق ئەبو ئەحمەد... ئەو سەرکردەیەی دژ بە زنجیەکان
شەڕی کرد و بەسەریاندا زاڵ بوو...
چوو بۆ بەغدا...
تووشی نەخۆشیی جومگەژان بووبوو...
هەموو جەستەی تەنیبۆوە...
ڕوویکردە ماڵەکەی خۆی و هەر لەوێ نیشتەجێ بوو...
قاچەکانی بەڕادەیەک هەڵئاوسان...
بیست کەس لەسەر چرپاکەی هەڵیانئەسان...
ڕۆژێکیان پێی وتن:
"وا هەست ئەکەم لێم بێزار بوون...
بریا یەکێک ئەبووم وەک ئێوە...
ئەمتوانی بە ئاسانی بخۆم و بخۆمەوە و
بەبێ ئازار پاڵ بکەوم..."
بەڵام مۆفەق بەبێ ئازار پاڵ نەکەوت...
مرد...
دوای خۆی، پەیمان درا بە کوڕەکەی...
ئەبولعەباس ئەحمەد... تا لەجێی ئەو دابنیشێ و

نازناوی موعتەزیدی پێ درا...
ئەگێڕنەوە...
لە "کارە باشەکانی"...
"بە فەرمانی سوڵتانی ئیسلام ئەبولعەباسی موعتەزید
کتێبەکانی کەلام و فەلسەفە و مەنتیق لەناو خەڵکدا
یاساغ کران..."
لەم ساڵەدا...
کاتێ کە پیاوێکی زنجی... پەنای بۆ برد تا دالدەی با...
موعتەزید فەرمانی دا...
بە ستوونێکەوە بیبەستنەوە...
پاشان... ئاگریان بە چواردەوریدا کردەوە...
تا پێستی لەشی هەڵقرچا...
ئینجا فەرمانی دا سەری ببڕن و لە خاچی بدەن و
بۆ ماوەی حەوت ڕۆژی موحەڕەمیش
هەر بە دارەوە بمێنێتەوە...

پاشان ساڵ بوو بە دووسەد و حەفتا و نۆ...
لەو ساڵەدا... خەلیفە موعتەمید کۆچی دوایی کرد...
هۆی مردنیشی ئەوەبوو... کە ئەو شەوە...
شەرابێکی زۆری خواردبۆوە و... نانێکی زۆری خواردبوو...

ئینجا بوو بە ساڵی دووسەد و هەشتای کۆچی...
لەو ساڵەدا...
دارولخیلافە لە بەغدا بنیات نرا...

ئەوێ ماڵی پووران بوو... ژنەکەی مەئمون...
موعتەزید داوای کردبوو...
پووران بە شایستەترین فەرش و ڕاخەر
دارولخیلافەی ڕازاندبۆوە و...
پڕی کردبوو لە کەنیزەک و خزمەتکار...
کلیلەکانی بۆ موعتەزید نارد...
وەختێ چووە ناوی... ئەبلەق بوو...
ئەمیش شوورایەکی بە دەوری بیناکەدا هەڵچنی...

حەللاج بە خۆی و تاسە و شەوقیەوە... ئەچێ بۆ ئەهواز...
دەنگۆی خراپیان خستۆتە دوای و...
کۆمەڵێ نەیاری بۆ پەیدابوون...

ئەو وتی...
خیلافەت مافی گشت موسڵمانێکی باشە
کە بەڕاستی عەدالەت جێبەجێ بکات...
بۆیە ئەوانەی لە ئەهلولبەیت بوون... تووڕە بوون
وتیان... ئەو کابرایە خولیای دەسەڵاتی هەیە و
تەماحی حوکمکردنە...

لە دەوڵەتی بەنی عەباس ڕاما...
لەبەرئەوەی کە نزیکی پەیامبەر بوون و خۆیان بە نەوەی ئەو ئەزانی...
فەرمانڕەواییان داواکرد...
لەگەڵ شیعە بوونە هاوپەیمان... دژی بەنی ئومەیە...
وەلێ کاتێ... جڵەوی حوکمیان گرتە دەست...
دەسەڵاتیان قۆرخ کرد و... حاشایان لە هاوپەیمانانی دوێنێیان کرد...
دەستیان دایە جەور و ستەم...
غەدریان لە خەڵک ئەکرد...
لەبەر زۆریی تاوانی کوشتنەکانی...
یەکەم خەلیفەیان بە خوێنڕێژ ناوی دەرکرد...

لە دەوڵەتی بەنی عەباس ڕاما...
نکووڵیی لە مافیان کرد لە خیلافەتا و... وتی...
خیلافەت مافی گشت موسڵمانێکی باشە
کە بەڕاستی عەدالەت جێبەجێ بکا...
ئەهلی تەسەووف... لێی تووڕە بوون...
خیرقەی فڕێ دا و... دەستوورەکانی پشت گوێ خست...
ئەوان وتیان... ئەمە پیاوێکی ساحیر و جادووگەرە...
لافی زانینی نهێنییەکان لێ ئەدا...

حەللاج کە لاو بوو ڕۆژێکیان چووە لای عەمرو مەکی... شێخی سۆفیەکان...
عەمرو لێی پرسی: ئەم کوڕە لاوە... لەکوێوە هاتووە؟
وەڵامی دایەوە... گەر بینینت پشتبەستوو بووایە بە خودا...
هەموو شتێکت لە شوێنی خۆیدا ئەبینی...
چونکە خودای گەورە... هەموو شتەکان ئەبینێ...
ئیماندار لە نووری خواوە... تەماشای شتەکان ئەکا...

چووە دەرەوە بۆ ناو خەڵکی... تێکەڵیان بوو...
لە بازرگان و پیشەساز...
لە کاتب و لە باجگران... لەگەڵیاندا دائەنیشت و
ئەکەوتە قسە و ڕاز و نیاز...

پێیان وت:
تۆ تێکەڵ بە خەڵک ئەبیت!!
وتی منیش وەکو مەسیح ئەڵێم:
"نەخۆش لەکوێ بوو، پزیشکیش هەر لەوێ ئەبێ"
زیکر و وێرد و خەڵوەت... ئامانج نییە...
دەرمان بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشە...
کاتێ دەروون چاک و پاک بۆوە...
خاوەنەکەی ئەچێتە ناو دونیاوە و کاری باشی تیا پەخش ئەکا...
ئەم دونیایە... وڵاخێکە بۆ ئەو دونیا...
کابرایەک چووە لای پێغەمبەر و پێی وت:
بەدەست خۆی نییە دڵی ڕەقە، چی بکا باشە...
ئەویش لە وەڵامدا وتی:
دەست بەسەر سەری هەتیودا بێنە و
خواردن بدە بە هەژاران...

حەللاج بە پێچەوانەی زانایانی ڕواڵەت وەستایەوە...
چونکە ئەوان... بایەخ بە ڕواڵەتی دەق ئەدەن و
نکووڵی لە ئاماژەکانی و لە لێکدانەوەی ئەکەن...

ئەو وتی:
ئیبنوعەباس، خوا لێی ڕازی بێ، کاتێ لێی ئەپرسن...

"فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ ۚ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا..."[1]
مانی چییە؟
لە وەڵامدا ئەڵێ: ئەمە ئاماژەیە بۆ نزیکبوونەوەی وەفاتی پێغەمبەر و...
چوونی بۆ لای هاوەڵی باڵا...

حەللاج هەر لەو ڕۆژەوە لە زانایانی ڕواڵەت جودا بۆوە کە تیایدا بەندەی چاکەکار...
ئەو بەندەیەی "آتَيْنَاهُ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنَا وَعَلَّمْنَاهُ مِنْ لَدُنَّا عِلْمًا..." لە مووسا درووودی لێ بێت،
جیا بۆوە...[2]
مووسا ویستی شوێنپێی بەندەی چاکەکار هەڵبگرێ...
"إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً ...
وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَى مَا لَمْ تُحِطْ بِهِ خُبْراً ..."[3]

هەردووکیان ڕۆیشتن

مووسا کردەوەی سەیری لە بەندەی چاکەکار بینی...
کەشتییەکی کون کرد و غوڵامێکی کوشت...
چوونە ناو دێیەکەوە... داوای خواردنیان لە خەڵکی دێ کرد...

---

[1] ستایشی پەروەردگارت بکە و داوای لێبوردنی لێ بکە، چونکە خوا زۆر لێبوردە و تۆبە وەرگرە.
[2] ئاماژەیە بۆ ئایەتی ٦٥ لە سورەتی ( الکهف)ی قورئانی پیرۆز.
[3] هەمان سورەت، ئایەتی ٦٧ و ٦٨ .

کەچی خەڵکی دێ هیچ خواردنێکیان نەدانێ...
بەندەی چاکەکار دیوارێکی بۆ چاک کردنەوە کە خەریکبوو
هەرەسی ئەهێنا...
مووسا ئەمەی پێ ناخۆش بوو...
بەندەی چاکەکار وتی:
"هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبرًا"
"ئەمە جودایی من و تۆیە
ئەوەت بۆ لێکئەدەمەوە کە نەتتوانی
سەبری لەسەر بکەی"...
"أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَردتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍغَصْباً"
"کەشتییەکە هی کەسانێکی هەژار بوو لە دەریادا کاریان ئەکرد...
ویستم عەیبداری بکەم، چونکە پادشایەک هەبوو کە
بەزۆر هەموو کەشتییەکی زەوت ئەکرد"...
"وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَا أَنْ يُرْهِقَهُمَا طُغْيَانًا وَكُفْرًا"
"غوڵامەکەش، دایکوباوکی باوەڕدار بوون
ترساین هەردووکیان لەسەر ڕێ لابدا و بێباوەڕیان کا..."
"وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ"
"دیوارەکەش هی دوو غوڵامی هەتیو بوو کە لە شارن،
لە بنی دیوارەکەدا گەنجێکی تیایە بۆیان، باوکیان پیاوێکی
باش بووە و خوداش ویستی ئەو دووانە گەورە بن و

ئەو گەنجە وەک بەخششێک لە خوداوە
دەربهێنن بۆ خۆیان"...

بۆیە "جودایی من و تۆ" جوداییەکی ئەبەدی بوو...

لەولاوە دەسەڵات...
چاوی خستبووە سەر حەللاج و...
بۆ کوێ ئەچوو... چاودێریی وردی لەسەر بوو...

حەللاج حەزی بە دوژمنایەتیکردن و دەمەقاڵێ نەبوو...
بە موریدێکی وت:
کەسانێک هەن من بە کافر ئەزانن و...
کەسانێکیش بە وەلی...
ئەوانەی من بە کافر ئەزانن زیاترم خۆش ئەوێن و
خوداش زیاتری خۆش ئەوێن لەوانەی بە وەلیم ئەزانن...
موریدەکەی پرسی:
بۆچی؟
لەبەرئەوەی ئەوانەی من بە وەلی ئەزانن متمانەی تەواوەتیان بە منە...
ئەوانەی بە کافریشم ئەزانن لە دەمارگیرییانەوەیەبۆ دینەکەیان...
ئەوەی بۆ دینەکەشی دەمارگیرە
لای خوا خۆشەویستترە لەوەی متمانەی تەواوەتی بە کەسێ نەکا...

لەمجۆرە ئاخاوتنانەیدا بەردەوام بوو...
دەرگای ململانێیەکی بێ پایانی لێ والا بوو...
لایەنگر و موریدی زۆر بوون...
بانگەشەی ئەو... بۆ چاکسازی و... دادپەروەری و...
گەڕانەوە بۆ سروشتە پاکەکەی ئیسلام بوو...

ساڵ بوو بە دووسەد و هەشتا و یەک...
لەو ساڵەدا...
قەترولنەدا... کچەکەی خومارەوەی سوڵتانی میسر
هات بۆ بەغدا...
باوکی بۆ موعتەزیدی ناردبوو...
جیازییەکی زۆریشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو...
هەر لە ئاڵتوونەوە بگرە تا زیو...
تا قوماش و... کەلوپەلێکی بێشومار...
باوکی... سەد و پەنجا هەزار دیناریشی پێ دابوو...
تا لە عێراق هەموو ئەو شتانەی پێ بکڕێ
کە لە میسر دەست ناکەون...
لەم ساڵەدا...
نرخی شمەک بەرز بۆوە و
گرانییەکی قورس هاتە ئاراوە...
مرۆڤەکان یەکدییان ئەخوارد...

# ئەچێت بۆ حەج

زۆر بە تاسەی مەککەوە بوو...
وەرزی حەج نزیک بووەوە...
حەللاج بڕیاری دا لە ڕێپێوانێکی گەورەدا
لەگەڵ چوارسەد لایەنگریدا... بەرەو لای خودا بچن... بۆ مەککە...
تەوافی کرد...
لەنێوان سەفا و مەروەدا هاتوچۆی کرد...
لەسەر عەرەفات ڕاوەستا و نزای کرد...

ڕۆژی قوربانی...
قوربانیی کرد... وەک ئەوەی خۆی بکاتە قوربانی...
پاک و بێگەرد... گەڕایەوە بۆ سەرەتا...
وەک ئەو ڕۆژەی کە تیایدا لەدایک بووە...

ئینجا ساڵ بوو بە دووسەد و هەشتا و دوو...
تیایدا قەترولنەدا بوو بە هاوسەری موعتەزید...

بەڵام لە زولحیجەدا...
خومارەوەی کوژرا...
کارەکەرێکی خۆی زەفەری پێ برد و لە پێخەفەکەیدا کوشتی...
دوای خۆی... حەنەشی کوڕی حوکمی کرد...
ئەویش کوژرا و ماڵەکەی تاڵان کرا...
پاشان هارونی کوڕی خومارەوەی چووە جێی...
بەڵێنی دا کە گشت ساڵێ...
بڕی هەزار و پێنجسەد دینار
بۆ خەلیفە ببا...
موعتەزید خوێنی خەزووری فرۆشت...

حەللاج نامەی بۆ دەسەڵاتدارانی مەڵبەندی خیلافەتی بەغدا نووسی...
بانگهێشتی کردن...
چاکسازی بە چاککردنی تاکەکەسێ نابێ...
ئەستێرە پەرشوبڵاوەکان ڕۆژ دروست ناکەن...
شەو هەر بە شەوی ئەمێنێتەوە...

کاری چاک واتە چاکسازی لە کۆمەڵگادا...
دامەزراندنی دادپەروەری کە بناغەی فەرمانڕەواییە...

تەسەووف واتە...
کۆمەڵێ هەنگاو لەناو دەروونددا و...
کۆمەڵێ هەنگاو بۆ دەرەوەی دەروون...

بۆ ناو خەڵک و بۆ ناو ژیان...
چۆن ئەکرێ کەسی ئیماندار... لە قوژبنێکدا دانیشێ و...
بە زیکر و تێڕامانی خۆی... بەختەوەر بێ...
لەکاتێکا... خەڵکانێک هەن لە چواردەوری...
برسی و ستەمدیدە و بێبەشن...
ئەو کەسەی بتوانێ بنوێ
لەکاتێکا... دراوسێکەی برسییە و بێدەرەتانە...
ئەو کەسە باوەڕدار نییە... بێ ئیمانە...

ڕێی ئێمە ڕێی ئەبو زەڕی غەفارییە...
نکووڵیی کرد لەوەی ئیسلام...
لە خزمەت دەوڵەمەندا بێ...
ئەو خۆی بەتەنیا قورئانی هەڵگرت...
هەر بە تەنیاش... بانگەشەی بۆ عەدالەت کرد...
هەر بە تەنیا نەفی کرا...
هەر بە تەنیا لە وڵاتی غەریبیا گیانی سپارد...
بۆ ڕێزلێنان... لە ڕۆژی قیامەتیشا...
هەر بە تەنیا زیندوو ئەکرێتەوە...
ئەمە یەکێکە لە گەورە پەرستیارە ڕاستگۆکان...

لەکاتێکا تۆفانەکە بەڕێوەیە...
پیاو چۆن ئەبێ... خۆی لە بەینی چوار دیواردا...
قەتیس بکا؟!
چۆن ئەبێ ئینسان بایەخ بە ژیانی ئەوانی تر نەدا...

بۆ دەسەڵاتدارانی نووسی... داوای لێ کردن
فەرمانی خوا بەجێ بێنن... لە پێناوی ماڵی دنیادا
خۆیان دووچاری تالووکە نەکەن...
هەندێکیان وەڵامیان دایەوە و
کاردانەوەکانیان باش بوو...
لەوانە... دوو یاریدەدەری وەزیری دەوڵەت...
عوبێدوڵڵای کوڕی سلێمانی کوڕی وەهەب...
هەروەها حەمدی قینائی...
کە کابرایەکی دەستڕۆیشتوو بوو
لە دەرباری خەلیفەدا...

داوایان لێ کرد بۆ بەغدا بچێ و...
هەر لەوێش نیشتەجێ ببێ...
داواکەی قبووڵ کردن و...
بەرەو شاری بەغدا کەوتەڕێ...

بەغداد

دەوڵەمەند و پارەدارانی ئەو شارە
گەندەڵییان تیایدا بڵاوکردبۆوە...
ڕاستیان ئەوت:
بەغدا بووکێکە ڕازاوە...
وەلێ ئەو ڕازاوەییە... دادپەروەریی نوقسانە...

بەغدا...
سەروەتی دنیای خستۆتە سەر لەپی دەستی...
کاروانەکانی ڕۆژهەڵات... بە ئاوریشمەوە ڕووی تێ ئەکەن...
تیایاندایە لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا
عەتر و بخورد هەڵئەگرن...

هەم سەروەتی دەوڵەمەندان تیایدا لە حەد تێپەڕیوە...
هەم نەداریی هەژارانی...

دەریایەکە لە ڕێباز و بیروباوەڕ و دینی جیا...
ئاگری ململانێ تیایدا... بڵێسەی سەندووە...

ڕیسێکە لە دەزووی جیاواز... ڕەنگی دژواز...
هەم پڕە لە زانا و دیندار و سۆفی...
هەم لە زندیق و بێباوەڕ و خودانەناس...

کۆمەڵێک وێنەی هەڵگەڕاو...
خانمانی کۆشک... کەنیزەک...
فەرماندە سەربازییەکان... خەسێنراوان... زۆرداران...
خەڵکیش بێنەوا و ستەملێکراون...
ئاگرەکە لەژێر خۆڵەمێشەکەدایە...
هاکا گڕی گرتەوە...

حەللاج لەم بارودۆخەدا...
ئەگاتە بەغدا و لەگەڵ خۆیا
بانگەشەی عەدالەت ئەبا...

لە گەڕەکی شوشتەرییەکانا...
لە بەشی خۆرئاوای دیجلەی پیرۆزا... خۆی و کەسوکار و
لایەنگرانی نیشتەجێ بوون...
لە تەنیشت گۆڕی شەهیدانەوە و... لای مەزاری ئەحمەدی
کوڕی حەنبەڵەوە... ئەو تێکۆشەرەی
حەڤدە ساڵ دلێرانە ڕووبەڕووی خیلافەتی عەباسی
وەستایەوە...

ئەشکەنجە درا و زیندانی کرا و... بەر جەڵدە درا...
وەلێ ئەو... لە وتنی هەق هەر لای نەدا...

گۆڕەکان...
دوا مەنزڵن بۆ ئەوانەی ڕۆیشتن و کۆچیان کرد...
چ خەون و چ خولیاکانیان ئاوێتەی گڵ و گڵکۆ کرد...

مەرگ...
تیرێکە و لە کەوانی خۆی دەرچووە...
لە ساتێکی دیاریکراودا... نیشانەکەی خۆی ئەپێکێ...
چرکەساتێکە هەر دێ...
تیایدا مرۆڤ... لە خۆشەویست و لە برای جودا ئەبێ...
هیچ شتێ فریای ناکەوێ...
هەموو ئەو کەس و شتانەی خۆشی ویستوون... جێیان دێڵێ...
فریشتەکان نەفسی لێ ئەسێننەوە...
هەردوو قاچی جووت ئەبن و...
ئیتر ئاوا... بۆ لای خودا...

چاوەکان... بێ دەسەڵاتانە سەیرئەکەن...
هەناسەکان... بێ دەسەڵاتانە توند و کپ ئەبن...
خۆشەویستەکەت... گڵ ئەکا بەسەر گۆڕەکەتا...
هەنگینێ...
بریا لە ژیانما هەر کاری باشم ئەکرد...

هەم دڵ و هەم جەستە خامۆش ئەبن...
ئەودەم... نە زیکر و... نە نوێژ و... ڕاوەستان...
نە خواپەرستی و گوێ پێدان...

حەللاج لەنێو گۆڕەکانا... چاوەڕوانە،
شەو پەردەی دابداتەوە و...
بێدەنگی باڵ بەسەر گۆڕستانا بکێشێ...
بەدەم نزا و گریانەوە... لە خودا نزیک بێتەوە...

هاوڕێکەی ئەگێڕێتەوە...
مانگەشەوێ... چوومە سەر گۆڕەکەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەڵ
خوا لێی خۆش بێ...
تەماشام کرد... کابرایەک بە پێوە... بەرامبەر بە قیبلە
ڕاوەستاوە...
کاتێ لێی نزیک بوومەوە... سەیرم کرد...
حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاجە... ئەگری و ئەڵێ...
"ئەی ئەوەی بە خۆشەویستیت مەستم ئەکەی...
کە لێت نزیک ئەبمەوە... سەرسامم ئەکەی...
تۆ دانسقەی لە مێژینەیت... لە ڕاستبێژیشدا تاقانەیت...
کارەکانت لەڕووی دادەوەیە نەک میانڕەوی...
حزووری تۆ بە زانینە نەک بە گواستنەوە...
دیارنەمانت بە خۆشاردنەوەیە نەک بە کۆچکردن...
نە شتێک وا لە ژوورتەوە تا سێبەری خۆیت بەسەردا بکێشێ...

نە لە ژێرتەوە تا بتکاتە کۆڵ و بتگوێزێتەوە...
نە شتێک وا لە بەردەمتا تا سنوورێکت بۆ دابنێ...
نە لە دواشەوە تا بتگاتێ...
خودایا، توو حورمەتی ئەم گۆڕە پەسەندانە و ئەم پایە پرسیارلێکراوانە...
داوات لێ ئەکەم... دوای ئەوەی منت لێ فڕاندم... بۆم نەگەڕێنیتەوە...
دوای ئەوەی نەفسمت لێ شاردمەوە... چیتر پیشانم نەدەیتەوە...»

حەللاج بە پەیژەکانی ڕۆحدا هەڵئەزنێ...
لە خوا نزیک ئەبێتەوە...
دڵی... لە ئەڤین و عیشق و نزیکییا... ئەتوێتەوە...
جگە لە خوا... کەس نابینێ...
ئەچێتە گۆڕەپانەکان...
بۆ ناو خەڵکی...
خەڵکی بۆ لای خوا بانگ ئەکا...
هەموو شتێ ڕوو لە نەمانە... هەر ڕوخساری خودا نەبێ...

لەگەڵ خەڵک کۆئەبێتەوە...
وەزیر و باجگر و کاتبەکان...
ئەو کەسانەی سەر بە کۆشکن...
یەکە یەکە بانگیان ئەکا... بۆ ڕاستکردنەوەی خیلافەت...
پیادەکردنی عەدالەت...

قورئان وا بخوێنەرەوە
وەکچۆن بۆ تۆ دابەزیبێ...
ئەوە شتێکە... هەر بە خۆتەوە پەیوەستە...
ئەرکەکە هەر وا بەسەر شانی خۆتەوە...

قورئان ئەخوێنێتەوە...
" يَاأَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنْذِرْ "
ئەی ئەو کەسەی خۆت بە پۆشاک داپۆشیوە...
هەستە و خەڵک ئاگادار بکەرەوە...

تەپوتۆزی شەو لە خۆی ڕائەتەکێنێ و
هەڵوەدایە... سپێدەیەکی تازەی تر سەرهەڵبێنێ...
ئەمە ئەرکی سەرشانێتی... بەتەنها خۆی...
نەک ڕۆژێ بێت لێی بپرسن...
ئاخۆ تەمەنی خۆی... چۆنچۆنی بەسەر بردووە...
ئەو زانستەی هەیبووە... چیی پێ کردووە...
ئەو ڕۆژەی هەر ژنێ شیردەر... سەرسام ئەبێ
بە شیری خۆی... کێی پەروەردە کردووە...

هەڵئەسێ...
تۆڕێک لە کاربەدەستانی ناو دەسەڵات ئەچنێ...
ئەوانەی کە هاوباوەڕین...
حەمدی قینائی...
پسپۆڕ لە کاروباری دەوڵەت و خیلافەتدا...
باجگرێک، کاتبێکی دەوڵەت...
لە ئەهوازیش... محەمەدی کوڕی سەعیدی کەڕنەبائی...

ئەبو عیمارەی هاشمی... شەریفی هاشمیەکان لە بەسرە...
لایەنگرەکانی زۆرن و...
دەنگی بیستراوە...

حەللاج خۆی لە شیعەکان نزیک کردەوە...
بە زمان و بیری خۆیان... لەگەڵیاندا کەوتە قسە...
ئەوان... بونیادی دەوڵەت و
زۆربەی کاربەدەستانین...

# جونەید

لەدەستدانی کەسی ئازیز... تینوویێتییەکە قەت ناشکێ...
بە یەکجاری سەفەر ئەکا...
دڵ باڵی مەلێکە... باڵەفڕێ ئەکا...
سوێ قۆزاخەیەکە... وا بە دەوری کەسێکدا جەرگی سووتابێ...

جونەید... شێخی سۆفیان و ڕابەری دیار...
کچێکی هەیە لەگەڵ کوڕێکدا کە تەمەنی دوانزدە ساڵە...
باڵندەیەکی بچکۆلەی بێ باڵ...
هەڵەیەکی کرد... سزا درا...
دەوڵەتی عەباسییش... سۆز و بەزەیی لا نییە...
سزاکەی سەرقرتاندن بوو...
ژان و سوێ چووە دڵەکەی جونەیدەوە... لەگەڵ ترسدا...
هەر بەو ژانە بەسوێشەوە... هەموو تەمەنی بەسەربرد...
وردەوردە مەراق ورد و خاشی ئەکرد...

شێخێکی گەورە و گرانە...
باسی لە تەسەووف ئەکرد...
لە ئەحواڵ و لە مەقامات...

لە شەرع و ئەحکامەکانی...
بەڵام دیواری ترس لە سیاسەت دایبڕیبوو...
حەللاج ئەو کاتەی چوو بۆ لای... هێشتا لاوێ بچکۆلە بوو...
شێخ هەستی کرد... لە دڵی موریدەکەیدا...
ئاگرێک جۆشی سەندووە...
ئەو ئاکامەکەی ئەبینی... لە چوارمێخە هەڵکێشانی...

دوای وانەکە... موریدەکە ڕووی کردە شێخ و وتی...
چی ڕێ لە وێنەکێشانی سروشت ئەگرێ...
جونەید وتی...
بە قسەکانتا وادیارە تۆ لاپەرەسەنیت...
حەللاج گریا و چووە دەرێ... بەرەو گۆڕستانەکە و
لەوێ دانیشت...

ساڵ هات و چوو...

حەللاج گەڕایەوە بەغدا...
لێ ئەمجارە... پیاوێک بوو جێگای متمانە...
مورید و هەواداری هەبوو...
ناوبانگ و بانگەوازەکەی... پێش خۆی کەوتبوو...
قسەکانی سەبارەت بە خیلافەت و... بە چاکسازی...
دیسانەوە... هەوڵی دا جونەید ببینێ...

چوو و لە کۆڕیدا ئامادە بوو...
زانیی... هێشتا ترس دڵی جونەیدی جێنەهێشتووە...
خۆی بۆ زانست و نووسین و وانە تەرخان کردووە...
دوور لە کاروباری دەوڵەت و دونیا...
بۆی دەرکەوت جونەیدیش وەکو
هەموو سۆفیەکانی تر...
نکووڵی لە بانگەوازەکەی ئەم ئەکەن...
خۆیانی لێ بەدوور ئەگرن...
لۆمەی ئەکەن کە تێکەڵی ئەهلی ئەم دونیایە ئەبێ
وەک ئەوەی ئەوان وا ناویان ئەبەن...
یان بە ئەهلی حوکم و دەسەڵات...
ئەمە دوا پەیوەندی بوو لەگەڵ جونەید...
ئەو پیاوەی بە بێدەنگی ژیا و...
هەر بە بێدەنگییش... کۆچی دوایی کرد...

دوای ئەکەون

شبلی...
ئەمیرێکی تورکە...
لە دەرباری خەلیفەدا دەستی ئەڕوا...
بەرلەوەی حەللاج ببینێ... خۆشی ئەوێ...
ڕۆیشت بۆ لای...
گوێی لە وتارەکانی گرت...
دانیشت و قسەی لەگەڵ کرد...
ئینسان چۆن بگات بە خودا؟
وەڵامی دا:
دوو هەنگاوە و ئەگەیتە جێ...
ئەم دونیا بخەرە پشتگوێ...
ئەو دنیاش ڕادەست بە خاوەنانی بکە...

شبلی سەری دانەواند...
زانیی کە ڕێگا بۆ لای خوا...
زوهدە لەم دونیا و لەو دونیا...

سەبارەت بە یەکتایی لێی پرسی...
ئەویش لە وەڵامدا وتی

خوای گەورە... تاک و تەنیایە...
تاقانەی لەمێژینەیە...
خواوەندێتی هەر هی ئەوە...
هیچ شتێ ئاوێتەی نابێ و... هیچکەسێ تێکەڵی نابێ...
نە شوێن و نە کات ئەیگرێتە خۆی...
نە وێنا ئەکرێ و نە پەی پێ ئەبرێ و نە وچان ئەگرێ...

ئینجا وتی...
دڵت بپارێزە لە هزری و زمانت لە زیکری...
بەکاریان بێنە بۆ - شوکر -ی...

شبلی سەری سوڕما...
یەکتایی گەر ئەمە نەبێ... ئەدی چییە...
بۆیە وەکو فێرخواز و... هەم خۆشەویست و هاوڕێیەک...
دوای حەللاج کەوت...

حەللاج قوتابخانەیەکی نوێی تایبەت بە خۆی دامەزراند...
تا ببێتە پەیوەست لە بەینی بێداریی شەو و کاری ڕۆژدا...
خەڵوەت و کاردا...
زیکری نهێنی و ئاشکرا وتنی هەقدا...
سۆفیەکان لێی تەکینەوە... لەبەرئەوەی ئەوان ئەڵێن
تەماحێک وا لە دەروونیا...
دەسەڵاتیش ترسی لێ بوو...
چونکە بە ناوی ئاسمانەوە بانگەوازەکەی خۆی ئەکرد...

ساڵێک و...
بانگەشەکەی... ڕەگوڕیشەی خۆی لە زەویدا داکوتی...
بەڵام... بەردەوام دەنگێ... بۆ کۆچکردن بانگی ئەکرد...
هەڵۆکە بەرەو بەرزایی ئەفڕێ...
بەرەو کەشکەلانی فەلەک ئەچێ...
لە ئاسۆیەکەوە بۆ ئاسۆیەکی تر...
ئەم جیهانە هەمووی... زەمینێکە...
نە سنوور و نە لەمپەر...
خەونەکە وا لە ئاسۆدا...
هەڵۆکە بەرەو خەونەکە ئەفڕێ
بە شکۆ و جۆشوخرۆشەوە...
لە شەقەی باڵ ئەدا...

# رحمة للعالمين

حەللاج بڕیاری کۆچ ئەدا...

باوەڕی وایە کە جیهان خاکی بانگەوازی ئەوە...
هیچ شتێ مرۆڤ یەکناخا
دوو شت نەبێ...
خۆشەویستی و لێبوردەیی...
ئەڕوا بۆ دوور... بۆ خۆرهەڵات... بۆ هیندستان...
بانگەوازی پەیامبەریش لەگەڵ خۆیا...
" إنما بُعثتُ رحمة للعالمين"
من وەک ڕەحمەتێ بۆ گشت دونیا نێردراوم...

خەڵک و میران و فەرمانڕەوایان
بانگ ئەکا بۆ لێبوردەیی...

ئینجا ئەڕوا... بۆ خوراسان و تورکستان...
لە پایتەختی تورکستان ئەمێنێتەوە...
لەگەڵ میرانی ئەو دەڤەرە کۆئەبێتەوە و
پەیامی خۆی ئەدا پێیان...

بەرلەوەی بگەڕێتەوە بەغدا،
لە خوراسانەوە ئەگەڕێتەوە و بە نیشابوور و نەهاوەندا
ئەگوزەرێ...
دڵی پڕە لە یادگاری...
بۆ میرانی ئەو وڵاتە ئەنووسێ و بۆی ئەنووسن...
سەرگەرمی کتێب نووسین ئەبێ و...
مژدەی ڕۆژی دادپەروەرییان ئەداتێ...

# لە سێبەری کەعبەدا

لاإله إلا الله...
ئەوەی ئەمە بڵێ واتە شایەتی لەسەر خواوەندی و
یەکتایی خوای گەورە ئەدات...
بەمەش لە ڕاستی دوورئەکەوێتەوە...
چونکە بوونەوەری فانی ناتوانێ شایەتی لەسەر جاویدان
بدات...
ئەوەی کە زیندووە و هەرگیز نامرێ...
مەخلووق ناتوانێ شایەتی لەسەر خولقێنەری خۆی بدات...
ئەوەی ئەمەش ئەڵێ با شایەتی بۆ خۆی بدا بۆ باوەڕی بە
خوایەکی تاک و تەنیا... ئەوا زانین بەدەست دێنێ...
هەرکەسێکیش زانیی... واتە ڕۆشن بۆوە...

لا حول و لا قوة إلا بالله...
هیچ مانایەکی نییە ئەوە نەبێ کە تین و هێز هەر هی خوا
خۆیەتی.

لە لێکدانەوەی "بسم الله"دا... حەللاج ئەڵێ:
"بسم الله" لای تۆ... وەکو "کُن" وایە لەلای خوا...

گەر باوەڕت هەبوو چاک ئەکەی بڵێی بسم الله...
بە وتنی بسم الله... شتەکان دێنە دی...
وەکچۆن بە وتنی "کُن" لای ئەوەوە دێنە دی...
ئێمەش پەنا بۆ بسم الله ئەبەین...

حەللاج ماوەیەک لە بەغدا مایەوە
بەڵام ئەوەندەی نەخایاند...
دەنگی ئیبراهیم بانگی حەجی بەگوێی خەڵکدا دا...
بەرەو پیری ئەو بانگەوازەی خوا ئەچێ
لە دەنگەکەی ئیبراهیمدا...

لبّيكَ لبّيكَ يا سرّي و نجوائـــي
لبّيك لبّيك يا قصدي و معنائـي
أدعوك بلْ أنت تدعوني إليك
فهلْ ناديتُ إيّاك أم ناديتَ إيّائـي
إن كنتَ بالغيب عن عينيَّ مُحْتَجِباً
فالقلب يرعاك في الأبعاد و النائي

"سەرم لەڕێتە ئەی نهێنی و ڕازی من
سەرم لەڕێتە ئەی ئاکام و مەبەستی من
بانگت ئەکەم، بگرە تۆ بانگم ئەکەی
بەڕاست تۆ بانگت کردم یاوەکو من؟
گەرچی تۆ نادیاریت و چاوانی من ناتبینێ
لێ هەمیشە ئاگای لێتە، لە دوورونزیک دڵی من"

له سێبەری کەعبەدا دوو ساڵ ئەمێنێتەوە...
ڕائەمێنێ...
ڕۆحی بە ئاوی زەمزەم ئەشۆرێ...
خۆی پاکژ ئەکاتەوە...
سەرگەرمی پارسایی ئەبێ...
هەنگاوێکە و ناومە...
لەمپەرێکە و بڕیومە...
گەر هەموو دنیام بۆ بڕازێننەوە...
ئاوڕی لێ نادەمەوە...
گەر ئەو دنیاشم بۆ بڕازێننەوە...
هەر ناچم بۆی...
هەوڵی من بۆ لای مەعشوقە...
بەڵکو تەواو لێی نزیک ببمەوە و...
لێم قایل بێ و...
بگەمە ویساڵ...

ئیماندار کاتێ خراپەکانی دەروونی ئەمرن...
بۆ خودا و... بە هێزی خودا...
ئەوەی ئەوێ کە مەعشوق ئەیەوێ...
ئەوە ئەڵێ کە مەعشوق ئەیڵێ...
دوو ئیرادە ئەبن بە یەک...
ئەوسا... "من" نا، بەڵکو "تۆ"
من نامەوێ... تۆ ئەتەوێ...

دوای ئەوەی نەفس و خولیاکان ئەفەوتێن و نامێنن...
چ نیم من... جگە لە دەنگی هەق...
هەنگینێ... من چ نیم
جگە لە هەق...

لەسەر عەرەفات ڕاوەستا و کەوتە نزا...

"خودایا من تۆ پاک و بێبەری ئەکەم لەو شتانەی بەندەکانت ئەیکەن تا خۆیانت لێ نزیک بکەنەوە... لەو شتانەش کە پەرستیارەکانت ئەیڵێن تا جەخت لە یەکتاییت بکەنەوە. هەروەها لە تەسبیحاتی هەموو ئەوانەی ئەڵێن "سبحانک" و " لا اله الا الله " و هەموو ئەو شتانەی کە ئەولیا و دوژمنەکانت سەبارەت بە تۆ ئەیڵێن. خودایا، تۆ خۆت ئەزانی من لە سوپاسکردنێکی شایستە بۆ تۆدا چەند بێتوانام. کەواتە تۆ خۆت وەرە ناو وجودی منەوە و خۆت لەناو بوونما سوپاسی خۆت بکە، کە ئەمە سوپاسکردنی ڕاستەقینەیە و سوپاسێکی تری لەمجۆرە نییە..."

وادەی کۆچە...
ماڵئاوایی یەکجاری لە مەککە ئەکا...
بەرەو قودس... میعراجی ئاسمان... شۆڕ ئەبێتەوە...
ئینجا دێتەوە بۆ بەغدا... مەڵبەندی ململانێکان...
تا چیرۆکێک دەست پێ بکا و...
بە ڕشتنی خوێنێک کۆتایی بێ
کە تا ئاخیرەت دڵۆپ دڵۆپ لێی ئەتکێ...

# بەرەو نیشتمان

شەوق و تاسە ئەتوێنەوە و ئەبنە وشە
داوای ویساڵی یار ئەکەن...
خۆشەویستی ئەبێ بە شیعر و ئەڕژێ...

یا نسیم الصبح قولي للرشا
لم يزدني الورد الا عطشا
لي حبيب حبه وسط الحشا
ان يشا يمشي على خدي مشا
روحه روحي و روحي روحه
ان يشا شئت و ان شئت يشا

"بە کارژۆڵە بڵێ، ئەی بادی سەبا
کە ئاو هێندەی تر من تینوو ئەکا
من یارێکم هەیە ئەڤینی وا لەناو دڵا
گەر ئەیەوێ بەسەر ڕوومەتمدا بڕوا دەبا بڕوا
ڕۆحی ئەو ڕۆحی منە و ڕۆحی منیش ڕۆحی ئەو
کە ئەو ویستی، من ئەمەوێ، کە منیش ویستم، ئەو"

له نەشئەی خۆشەویستیدا، عاشق خۆی بیر ئەچێتەوە و خۆی ناناسێتەوە...
بگرە تەنانەت مەعشوقیش...

أنا من أهوى و من أهوى أنا
نحن روحان حللنا بدنا
فاذا ابصرتني ابصرته
و اذا ابصرته ابصرتنا

"من هەر ئەوم ئەوێ و ئەویش منی ئەوێ
ئێمە دوو ڕۆحین لەناو بەدەنێ
بۆیە کاتێ منت بینی ئەو ئەبینی
کاتێکیش کە ئەوت بینی من ئەبینی"
شەوق و ئەڵها... عاشق لەناو خۆیدا نوقم ئەکا...
لە ئازارا... هاوار ئەکا...

كفى حزناً أني أناديك دائباً
كأني بعيد أو كأنك غائب
واسأل منك الفضل من غير رغبة
فلم أر مثلي زاهداً وهو راغب

"دەبا بەس بێ خەم و کەسەر، کە دڵ دایم بانگت ئەکا
هەروەک ئەوەی کە من دوور بم یا تۆ دوور بی و دەست پێت نەگا

من هەمیشە بێ ئارەزوو داوای ڕەندی لەتۆ ئەکەم
هیچ زاهیدێکم نەدیوە وەک من ئارەزووی تۆ بکا"

ساڵ بوو بە دووسەد و نەوەد و دوو... تیایدا

حەللاج گەیشتەوە بەغدا...
خانوویەکی چاک کردەوە تا تیا بژی...
ئەحمەدی کوڕی پێی ئەڵێ:
باوکە! هەست ئەکەم گۆڕاویت!
ماڵێک لە ماڵی فانیدا سەرلەنوێ چاک ئەکەیتەوە؟
لە وەڵامدا ئەڵێ: کوڕم...
من لەو دنیاوە بۆ ئەم دنیا گەڕاومەتەوە تا چاکسازی بکەم.

# عیشق و ئاشووب

لەگەڵ عەتری بەربەیاندا
شیعری حەللاج گوڵی گرت و بۆنی ڕۆیی...
سۆفیان و عاشقان بە ئاوازەوە وتیانەوە...
ئیبنو داود بیستی...
وتییەوە...
گەر ئەیەوێ بەسەر ڕوومەتمدا بڕوا دەبا بڕوا...
ڕۆحی ئەو ڕۆحی منە و ڕۆحی منیش ڕۆحی ئەو...

ئایا ئەمە بەرجەستەکردن و یەکبوون و
دەرچوونێکی ئاشکرا نییە لە شەریعەت؟!
ئەمە پیاوێکە خوێنی حەڵاڵە...

چوو بۆ لای خەلیفە مەعتەزید تا بۆی تێبچێنێ...
موعتەزید بیری کردەوە و ئینجا وتی:
تۆمەتی کفر پێویستی بە بەڵگەیە...
تاوێک بێدەنگ بوو و وتی:
ئەم حەللاجە پیاوێکی حیکایەتخوێنە...
لە مزگەوتەکانا حیکایەت و درۆ و دەلەسە بۆ خەڵک ئەکا...

نموونەشی زۆرن...
موعتەزید فەرمانی دەرکرد...
بۆ لەمەودوا بە هیچ جۆرێ
لە حیکایەتخوانان نابووریٚ...

محەمەدی کوڕی داود...
فەقیهێکی ڕواڵەتخواز بوو...
ڕواڵەتخوازییش ڕێبازێکە گرنگی بە ڕواڵەتی دەق ئەدا و
باوەڕی بە لێکدانەوە نییە...

ئیبن ڕۆمی ئەگێڕێتەوە:

لای داودی کوڕی عەلی بووین، وەختێ محەمەدی کوڕی هات
بۆ لای... ئەو هێشتا منداڵ بوو، ئەگریا...
باوەشی پیاکرد و لێی پرسی: بۆچی ئەگریت؟
وتی: منداڵەکان پێم ئەڵێن...
وتی: چیت پێ ئەڵێن؟
وتی: شتێکم پێ ئەڵێن...
وتی: پێم بڵێ چییە، تا ئیتر نەهێڵم وابڵێن...
وتی: پێم ئەڵێن چۆلەکە...
داود پێکەنی...
کوڕەکەی وتی... تۆ لە منداڵەکان خراپتریت لەگەڵمدا... بەچی
پێئەکەنیت؟

داود وتی: کوڕم نازناوەکان لە ئاسمانەوە دێن، تۆش چۆلەکەیەکیت و هیچی تر...

مناڵەکە کە گەورە بوو... چۆلەکەیەکی نێرەمووکی لێ دەرچوو... حەزی لە پیاوێک کرد ناوی محەمەدی کوڕی جامعی سەیدەلانی بوو... کتێبی "گوڵ"یشی بۆ ئەو نووسی... کتێبێکە سەبارەت بە خۆشەویستی... لە سەد بەشدا... هەر بەشەی پەندێکی عەرەبی بووە بە ناونیشانی:

من مُنع من النَّظر استأنس بالأثر...

"ئەوەی نیگای لێ قەدەغە بکرێ، هۆگری ئاسەوار ئەبێ"

من غاب قرينه... كثُر حنينه...

" ئەوەی هاودەمی لێ ون بێ... سۆزی غەریبیی زۆر ئەبێ..."

ما خُلق الفراق إلا لتعذيب العشاق...

"جودایی تەنها بۆ ئەشکەنجەدانی عاشقان دروست بووە"

من وفى له الحبيب... هان عليه الرقيب...

"ئەوەی یاری ئەمەکدار بێ، ئەبێ بێباک لە نەیار بێ"

حەللاج لەناو بازاڕدا هاوار ئەکا...

"خەڵکینە...

کاتێ هەق دڵ داگیر ئەکا... ئەوانی دیی لێ دەرئەکا...

کاتێ هۆگری یەکێک بوو... لەوانی تر دووری ئەخا...

کاتێ بەندەیەکی خۆش ویست...

دژی ئەو... هانی بەندەکانی تری ئەدا...

بۆ ئەوەی ئەم زیاتر خۆی لێوە نزیک کا...
لێ نازانم، منێک کە تاکو ئێستاکە
بۆنێکی خوام پێ نەگەیشتووە و نیگایەکی نەداومەتێ...
خەڵکی بۆ دژایەتیم ئەکەن و لەپێناوی چییا؟“

ڕۆژێکیان محەمەدی کوڕی جامعی سەیدەلانی...
دڵبەرەکەی داود... چوو بۆ حەمام...
دەموچاوی خۆی چاک کرد...
دەستی دایە ئاوێنەیێ و سەیری خۆی کرد...
دەموچاوی خۆی داپۆشی و چوو بۆ لای ئیبنو داود...
ئیبنو داود ترسا لەوەی دووچاری بەڵایەک بووبێ و
جوانیی ڕوخساری بردبێ...
نائارامانە لێی پرسی: چی ڕووی داوە؟
کوڕەکەی جامع پێی وت:
هەر ئێستاکێ دەموچاوی خۆم لە ئاوێنەیەکدا بینی و
حەزم کرد تۆ یەکەم کەس بیت کە بمبینیت...
دەموچاوی خۆی پیشان دا...
ئیبنو داود لە جوانیی ئەو دەموچاوە و
لە حەسرەتی عیشقیدا بۆی
لە هۆش خۆی چوو...
پاشان بە کوڕی جامعی وت:
لەبەرئەوەی پێش من خۆت سەیری دەموچاوی خۆتت کردووە
چیتر بە کەڵکی من نایەیت...
ناشمەوێ کەس خۆشەویستیم لەگەڵ بەش کا...
ئیبنو داود دواتر لە مزگەوتێکدا ئەڵێ...
هۆی لە هۆش خۆچوونەکەم ئەوەبوو
هەستم بە ئیرەییەکی ترسناک کرد...
ئەبێ کەسی ئیمانداریش بەمجۆرە بێ لەگەڵ خوادا...

حەللاج لەناو بازاڕی بەغدادا هاوار ئەکا...
ئەهلی ئیسلام فریام کەون...
دەسبەردارم نابێ تا لەگەڵ ڕۆحی خۆمدا ئولفەت بگرم...
نامبات بۆ لای خۆیشی، تا لە ڕۆحم ئارام بگرم...
ئەمەش نازێکە بەرگەی ناگرم...

أقلب قلبي في سواک فلا أری
سوی وحشتي منه و انت به انسي
فها انا في حبس الحیاة ممنع
عن الانس... فاقبضني الیک من الحبس

لە هەموو ناودڵم ورد ئەبمەوە بۆ غەیری تۆ، هیچ نابینم
جگە لە تەنیایی و نامۆییم لێی و تاقە ئولفەتم تیایدا تۆی
ئەوەتانێ من لەناو زیندانی ژیانا لە هەموو کەسێ دوورم
لەم زیندانە دەرم کە و بمبە بۆ لای خۆت، کە فریادڕەسم تۆی

محەمەدی کوڕی داود...
ڕووی کردە گەورەی قازییەکانی بەغدا... بەشی خۆرئاوا...
تۆمەتی کفری خستە پاڵ حەللاج و داوای دادگایی کرد...
تۆمەتێک کە سزاکەی... کوشتنە...

ئیبنو سورەیج...
یاریدەدەری گەورەی قازییان...
کە لە قوتبەکانی ڕێبازی شافیعییە لە بەغدا...
حەللاجی خۆش ئەوێ و پێی سەرسامە...
لە مزگەوتی ڕەسافەدا...
مشتومڕ لەنێوان ئەو سێ کەسەدا دامەزرا...
هێرش و بەرگریکردن...

ئیبنو داود وتی:
گوێتان لە شیعری حەللاج بووە...
ئیبنو سورەیج وتی:
جا کێ گوێی لێ نەبووە؟!
ئیبنو داود قسەکەی پێ بڕی...
کابرایەکی کافرە... باوەڕی بە حلول و یەکبوون هەیە[1]

[1] حلول و یەکبوون( الحلول و الاتحاد) دوو زاراوەی سۆفییانەن، بەکورتی حلول واتە کە ڕۆحی یەکێک بچێتە ناو ڕۆحی یەکێکی ترەوە، یەکبوونیش واتە دوو ڕۆح یەکبگرن.

دادگاییکردنی پێویستە بۆ پاراستنی شەریعەت و دین...
ئیبنو سەرەیج کەمێک بێدەنگ بوو... گوێی ئەگرت... پاشان وتی حەللاج ئەڵێ:
خوای تەبارەک و تەعالا، سوپاس و ستایش بۆ ئەو، زاتێکە یەکتایە، لە مێژینەییدا تاکوتەنیایە و کەس لێی ناچێ، لە خواوەندێتیدا تاقانەیە، نە هیچ شتێک ئاوێتەی دەبێت و نە کەس تێکەڵی دەبێت، نە شوێن و نە زەمەن دەیگرنە خۆی، نە هیچ بیرۆکەیەک لە توانایدایە تەقدیری بکا و نە هیچ ختوورەیەک دەتوانێ وێنای بکا و، نە هیچ نیگایەک پەی پێ دەبات و نە هیچ مەودایەک..."
ئیتر کابرایەکی وا چۆن باوەڕی بە حلول و یەکبوون ئەبێت...
ئیبنوداود لە وەڵامدا وتی بەڵام ئەو لە شیعرێکیدا ئەڵێ:

حويتُ بكُلّي كلّ حُبِّك يا قُدْسي

تكاشفني حتّى كأنّك في نفسي

هەموو بوونی تۆم لەناو هەموو بوونی خۆما گرتۆتە خۆ، ئەی قودسی من

بەجۆرێ خۆتم بۆ ئەخەیتە ڕوو، کە هەر ئەڵێی وای لەناو دەروونی من

ئیبنو سورەیج وەڵام ئەداتەوە:
لە پەخشانێکیشیدا ئەڵێ... "ئەوەی وا ئەزانێ خواوەندبوون تێکەڵ بە مرۆڤبوون و مرۆڤبوون تێکەڵ بە خواوەندبوون ئەبێت، ئەوە کفری کردووە. لەبەرئەوەی خوا خودی تایبەت بە خۆی هەیە و سیفەتی تایبەت بە خۆی هەیە کە جیای ئەکەنەوە لە خاوەن ئاکار و سیفەتی تر، بۆیە لە هیچ شتێکدا

لەوان ناچێت، چ لێکچوونێک ئەتوانرێ وێنا بکرێ لەنێوان مێژینەدارێک و دروستکراوێکدا، هەر کەسێکیش لافی ئەوە لێبدات کە خوا لە شوێنێکدایە یان لەسەر شوێنێکە یان پەیوەستە بە شوێنێکەوە، یان وەک ویژدان وێنا بکرێ یاخود لە خەیاڵاتدا خەیاڵ بکرێ، یان بخرێتە ژێر سیفەت و وەسفێکەوە، ئەوا ئەو کەسە بە کافر ئەژمێردرێ."

ئەم پیاوە پیاوێکی عاشقە... ئیبنو داود...

ئیبنو داود لە وەڵامدا وتی:

عیشق بۆ جوانیی وێنەیەک ئەبێت، هەرکەسێکیش لافی عیشقی خودا لێبدات، ئەوە بەرجەستەکردنێکە بەرەو شوبهاندن و خەیاڵکردنی خواوەندێتییەکی ماددیمان ئەبات...

لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو...

... عیشق جەهلێکە دووچاری دڵێکی بۆش ئەبێت کە بە هیچ کارێکی بازرگانی یان پیشەسازییەوە خۆی خەریک نەکردبێت...

ئیبو سورەیج  قسەکەی پێ ئەبڕێت:

ئەو پیاوە سێ جار حەجی کردووە و مێزەری بەستووە... چەند ساڵ لە پەنا کەعبەدا نیشتەجێ بووە... بە ڕۆژ بەڕۆژوو بووە و... بە شەو بێدار... هیچ بازرگانی و کار و کاسبییەک... ئەوی لە زیکری خوا خافڵ نەکردووە... دڵی هەر بە خواوە مەشغوڵ بووە... هەموو قورئانی لەبەرە، زانایە تیایدا، لە فیقهدا لێهاتووە، شارەزای حەدیس و ئەخبار و سوننەتە، ڕۆژوو ئەگرێ، شەو بێدار ئەبێت و وەعز ئەدا و ئەگری و هەندێ قسە ئەکا

کە من لێیان تێناگەم، بۆیە من حوکمی کافریی بە سەریدا نادەم... عیشقیشی بۆ خوا، شتێکە پەیوەندیی بە نیازەوە هەیە کە تیایدا هەم خۆشەویستی هەیە و هەم نهێنی...
ئیبنو داود نەیزانی چی بڵێ...

# پەپوولە

حەللاج لە حەسرەتی عیشقدا سرەوتی لێ بڕاوە...
سوێی شەیدابوون وا لە دڵیدا...
بە شەقامەکانی بەغدادا دێت و دەچێ و هاوار ئەکا:
خەڵکینە... فریام بکەون... چونکە خودا لە خۆمی ڕفاندووم...
خودی خۆمم بۆ ناگەڕێنێتەوە و بەرگەی حزووریشی ناگرم،
لە هیجرانیش ئەترسم، نەبادا غایب و بێبەش بم...
واوەیلا... واوەیلا بۆ ئەو کەسەی پاش حزوور غایب ئەبێت و
پاش ویساڵ دووچاری هیجران ئەبێ...
جەستەم لە نووری زاتی ئەودا فەنابووە...
نە چاوم هەیە و نە ئاسەوار...
نە هەواڵ و... نە ڕوخسار...

ئەگری...
خەڵکیش بۆی ئەگرین...

عیشق ئازار و غوربەتە...
جودایی دڵی سست ئەکا...
ئومێدی بە ژوان نامێنێ...

ڕێگاکان عاشق وێڵ ئەکەن...
ئەڕوا... ناگا...
دەس لە ملان ئەکا... دوورئەکەوێتەوە...
هەرچەندێ ئەخواتەوە... تینووێتیی ناشکێ...
عیشق ئازار و غوربەتە...
مەعشوق نزیک ئەبێتەوە...
ئەم بەرەو ئاسمان ئەفڕێ و لە شەقەی باڵ ئەدا...
مەعشوق دوور ئەکەوێتەوە...
ئەکەوێتە خوارەوە... بۆ سەر زەوی...

کاتێ نزیک ئەبێتەوە...
ئاوەز و دڵ دائەسەکنێن...
چاوی، کەسی تر نابینێ...

کە دووریش ئەکەوێتەوە...
ئاوەز و دڵ تەواو سەراسیمە ئەبن...
چاوی، کەسی تر نابینێ...
هەر بە یادی مەعشوق و ساتی ژوانەوە
ئەژی و... خەون ئەبینێ...

لەگەڵ ئازاری جودابیدا... ئەژی...
لە چاوەڕوانیی ژواندا... ئەژی...

کە لە مەعشوق نزیک ئەبێتەوە... فەنا ئەبێت...
لە بیری ئەچێتەوە خۆی کێیە و... مەعشوق کێیە...

جودایی...
بە تینوویێتی لە سارادا وێڵ ئەبێ...
لە خۆی ئەپرسێ...
ئاخۆ عیشقی مەعشوقەکەی...
خەیاڵاتە یاخود ڕاستی...
لەنێوان خەیاڵات و ڕاستیدا...
وەڵامێکی دەست ناکەوێ...
لە مزگەوتا هاوار ئەکا:
"گەر تۆزقاڵێک لەوەی وا لەناو دڵمایە، فڕێی دەمە
سەر کەژ و کێوەکانی ڕووی زەوی، ئەتوێنەوە...
گەر لە ڕۆژی قیامەتدا بمخەنە ناو ئاگرەوە...
ئاگرەکە ئەسووتێنم..."
هاوار ئەکا...
هۆ خەڵکینە...
خوا خوێنی منی بۆ ئێوە حەڵاڵ کردووە... بمکوژن...
پاداشت ئەدرێنەوە و منیش ئیتر ئەحەسێمەوە...
ئەگری...
خەڵکیش بۆی ئەگرین...

هاوڕێیەکی حەللاج کە ناوی جوندوب بوو، ئەگێڕێتەوە:
نیوەشەوێکیان لە بەغدا بارامی کوڕی مەرزەبانی مەجوسی
هات بۆ لام... کابرایەکی دەوڵەمەند بوو، پریاسکەیەکیشی پێ
بوو، دوو هەزار دیناری تیا بوو... پێی وتم:
وەرە لەگەڵما... ئەچین بۆ لای حەللاج... لەوانەیە شەرم لە تۆ
بکات و... ئەو پریاسکەیەت لێ
وەربگرێت...
لەگەڵیدا چووم... ڕۆیشتینە لای... لەسەر بەرماڵەکەی
دانیشتبوو و قورئانی ئەخوێندەوە... داینیشاندین و وتی:
چۆنە بەم ناوەختە هاتوون؟
منیش پێم وت کە بۆ چ شتێک چووین بۆ لای. بەڵام ئەو
پارەکەی قبووڵ نەکرد... ئیتر منیش زۆرم لێ کرد کە هەر ئەبێ
قبووڵی بکات... ئەویش زۆر خاتری منی ئەویست... بۆیە
قبووڵی کرد... بەڵام وتی: تۆ مەڕۆ...
من مامەوە و... مەجوسی ڕۆیشت...
حەللاج لەگەڵمدا هاتە دەرەوە تا گەیشتینە مزگەوتی
مەنسوور... چووینە ناو مزگەوتەکەوە و پریاسکەکەشی پێ
بوو... هەژارەکان نوستبوون... حەللاج هەموویانی لە خەو
هەڵساند و پارەی ناو پریاسکەکەی بەسەریاندا باراند...
وتم: یا شێخ... با تا سبەی بەیانی سەبرت بکردایە.
وتی: هەژار کە شەوی لەناو دووپشکاندا بردە سەر، وا چاکترە
بە زانینەوە بیباتە سەر.

ئایینێکی سەرلێشێوێنراو...
دادپەروەرییەکی ون...
خەلیفە موکتەفی شیعر بە باڵای "عەبد"ێکی خۆیدا هەڵئەدا...

| | |
|---|---|
| من لي بأن أعلم ما ألقي | فتعرف مني الصبابة والعشقا |
| ما زال لي عبدا وحبي له | صيرني عبدا له رقا |
| العتق من شأني ولكنني | من حبِّه لا أملكُ العتقا |

حەللاج تەواو بەدەست دۆخەکەوە بێتاقەتە...
کۆشکەکان... ئەچن بە ئاسمانا...
خەونی هەژارەکانیش... بە ناخی ئەرزا...
دەرەبەگەکان لەم ئاسۆوە بۆ ئەو ئاسۆیان تەنیوەتەوە...
جووتیارەکانیش... کۆیلەن...
منداڵەکانیان... کۆیلەی دوارۆژ...
دەستانێ... پڕن لە پارە...
خەڵکانێکی برسییش کە لە ژمارە نایەن... بەدوای پاروویەک
ناندا وێڵن...

تەواو بەدەست دۆخەکەوە بێتاقەتە...
ئەبێ عەدالەت لە خاچەکەی دابگیرێ...
سامان وەک یەک بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێ...

زەوی هی ئەو کەسانەیە کە ئەیبووژێننەوە...
دەرگاکانی بەیتوماڵی تایبەت... بۆ هەمووان بکرێنەوە...
خیلافەت بۆ کەسانی شایستە بێ...

حەللاج کتێب و نامە بۆ هاوڕێکانی ئەنووسێ...
بۆ ئەوانەی ئەهلی حوکمن...
وەزیر و قازی و والی و سەرباز...
لە بەغدا و... لە وڵاتانی دی...
وشەکانی... لە دڵیەوە ئەدرەوشێنەوە...
لە پەڕەی دڵیان ئەدا...
باوەڕیان پێی هەیە... بڕیار لەسەر گۆڕین ئەدەن...

ئیبنو داود بیری کردەوە و وتی:
ئەمە نەیارێکە لە هیچ نەیارێکی تر ناچێ...
نووسەرە... شاعیرە... زانایە... فەقیهە...
پەیوەندیی بە زانایانی ئیسلامەوە کردووە و
لەگەڵیاندا گفتوگۆی کردووە...
شارەزای قوتابخانە و ڕێبازەکانە...
دوور لە چاوی دەوڵەت نەشونمای کردووە...
کۆمەڵێ میر و والی و لێپرسراو...
شوێنپێیان هەڵگرتووە...
هەرکاتێ ئەم لە پێناویاندا شۆڕش بکا،
هەژار و بێدەرەتانان بەدەم بانگەوازیەوە ئەچن...
خاک چاوەڕێیە و... دەسەڵاتیش ئەترسێ...
ئیبنو داود بیری کردەوە و وتی:
ئەو شتەی دەسەڵاتی نووستو بە ئاگا ئەهێنێتەوە... ترسێکی پەنهانە...
قەناعەت بە خیلافەت ئەهێنم کە حەللاج بەکرێگیراوێکی قەرمتیەکانە و لەژێر جبەی سۆفێتیدا خۆی شاردۆتەوە...
بانگەوازەکەشی بریتیە لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی سیاسی...
لەسەر شێوازی زنجیەکان و قەرمتیەکان...

ئەمە تۆمەتێکە ئەبێتە مایەی کوشتنی حەللاج...

عەبدوڵلای کوڕی تاهیری ئەزدی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ:
لە بازاڕی بەغدادا لەگەڵ جوولەکەیەکدا بوو بە دەمەقاڵێم...
ئیتر ئەوەبوو منیش قسەیەکی ناشرین هات بە دەممدا و پێم
وت... هەی سەگ... لەوکاتەدا حوسەینی کوڕی مەنسوری
حەللاج بەلاماندا تێپەڕی. مۆڕەیەکی لێ کردم و وتی:
سەگەکەت مەهێنەرە وەڕین... پاشان خێرا ڕۆیی و ئەو ناوەی
بەجێهێشت...

کاتێ دەمەقاڵێکەمان تەواو بوو... چووم بۆ لای... ڕووی خۆی
لێ وەرگێڕام... داوای لێبوردنم لێ کرد تا قایلم کرد...
ئینجا وتی:
کوڕم... ئایینەکان هەموو هی خوای گەورەن... هەر تایەفەیە و
بە ئایینێکەوە خەریکە نەک لەبەرئەوەی
خۆی هەڵیبژاردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی بۆی هەڵبژێردراوە...
بۆیە هەرکەسێ لۆمەی کەسێکی تر بکا و ئایینەکەی بەبێ
بنەما بزانێ، ئەو حوکمە بەسەر خۆیشیدا ئەشکێتەوە...
ئەوە بزانە کە چ ئایینی یەهودی و چ مەسیحی و چ ئیسلام و
چ ئایینەکانی تریش، بریتین لە ناو و نازناوی جیاواز و ئامانجی
هەموویان یەک ئامانجە.

ئیبنو داود ئەڵێ:

"ئەگەر ئەوە هەق بێت کە خوا بۆ پێغەمبەری ئێمەی ناردووە، دروودی خوای لەسەر بێت و ئەوەی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی هەق بێت، ئەوا کەواتە ئەوەی حەللاج ئەیڵێت بێ بنەمایە..."

هەرچۆنێك بێت جەژنە...

پاش مانگی ڕۆژوو... جەژن دێ...
ئاسمان ئەیلێتەوە...
ئەڵڵاهوئەکبەر... ئەڵڵاهوئەکبەر...
لا إله إلا الله...

حەللاج ئەگاتە شوێنی نوێژ...
نوێژکەران خەریکی ئەڵڵاهوئەکبەرن...
هەژارەکان لە دەرەوەن...
بێوەژنەکان...
هەتیوەکان...
برسیەکان...
چاوەڕێی کەمێک خۆراکن...
چاوەڕێی زەکاتی ڕۆژووانن... کە وەک خێر و پاکبوونەوەیە...
حەللاج لە دەموچاوەکان ڕاما...
برسێتی جەستەی هەژارەکانی خواردووە و
هەر پێست و ئێسکن و هیچی تر...

زەوی پڕە لە خێر و فەڕ...
لە خاک ئەڕوێ...
لە ئاسمان ئەبارێ...
دەوڵەت ئەمسەر و ئەوسەری خۆری لەژێر دەستدایە...
هەرچی خێر و فەڕە وا لەناو دەستەکانیا و...
کەچی شەقامەکان پڕن لە هەژار...
ئینسان بۆچی ئەو شتە ئەشێوێنێ کە خوا چاکی کردووە؟!

ئەو هەموو سامانەی کە لە موسڵمانان و ئەهلی زیمەت[1] کۆی ئەکەنەوە
بەشی خەلیفە ناکا؟
خەزێنەی وەزیرەکان لێیان ئەڕژێ...
هەروەکو دیجلەی پاش باران...
تاکەی...
تاکەی خوایە...؟!

دایک... هاوسەرەکەی لە بەرەی جەنگ لە دەست داوە...
لە خاکێکی دوورەوە... گەواڵە هەورەکان چوون بۆ لای و بە سەریدا بارین...
کەچی باجی کێڵگەکەی... گەڕایەوە بۆ دەسەڵات...
هەتیوەکان... باوکیان لە شەڕێکدا لەدەست داوە کە خوا

١ ئەهلی زیمەت: مەبەست لێی ئەو جوولەکە و مەسیحیانە بووە کە لەژێر سایەی حوکمی ئیسلامدا ژیاون.

حەرامی کردووە...
لە دەوری دایکیان گرد ئەبنەوە...
بەڵکو بەخشندە... سۆز و بەزەیی و بەخششی خۆیان بداتێ...
ئیمام دووعای تەمەندرێژی بۆ خەلیفە ئەکا...
نوێژکەران ئەڵلاهوئەکبەر ئەکەن...
خوایە ئەمە بتپەرستی نییە...
ئەی پەیامبەرت نەیوتووە:
زەویت بۆ کردووم بە مزگەوتێک و بە پاکی...
زەوی مزگەوتە...
چاکەکردن تیایدا... نوێژە...
دەستهێنان بە سەری هەتیودا... نوێژە...
لابردنی ستەم لەسەر ستەملێکراو تیایدا... خواپەرستییە...
خودایا... لە بێدەسەڵاتیم ببوورە...
خودایا... ببوورە گەر ستەملێکراوێکم بینی و نەمتوانی ڕزگاری کەم...
خودایا... تا چاوێکی پڕ فرمێسک لەسەر ئەم زەوییە مابێت، ئاخۆ بۆم هەیە پێبکەنم؟!

شێخ زۆر بە غەمگینی و سەنگینی ڕۆی...
هەموو ئاوڕیان لێ دایەوە...
غەمگین و سەنگین...
ئەوان هەموو جلەکانیان ڕازاوە و ڕەنگاوڕەنگ...
ئەمیش ڕەشێکی تاروتەنگ...
لەپڕێکا...

لەبەردەمیاندا... ڕاوەستا...
چمکی کراسەکەی خۆی گرت
بە خەمباری و...
بە دەنگێکی تێکشکاوەوە... هاواری کرد
ئەمە جلوبەرگی کەسێکە
جەزای کردەوەکانی بدرێتەوە...

ئەگێڕنەوە...
حەللاج ڕەمەزان بەڕۆژوو ئەبوو و
ڕۆژی جەژن دەرئەچوو و
ئەیوت...
ئەمە جلوبەرگی کەسێکە
جەزای کردەوەکانی بدرێتەوە...

# خەلیفەی کوڕێژگە...

ساڵ بوو بە دووسەد و نەوەد و پێنج...
تیایدا...
خەلیفەی عەباسی موکتەفی بیللا کۆچی دوایی کرد...
وەک ئەوترا... پیاوێکی قۆز و چوارشانە بوو...
پێست کاڵ و قژخاو...
شاعیریش بوو...

وەختێ زانیی لە دەمەدەمی مەرگدایە،
هەواڵی براکەی پرسی...
جەعفەری کوڕی موعتەزید...
زانیبووی کە باڵق بووە...
قازیەکانی بانگ کرد و گەواهیی پێ دان پاش مەرگی،
براکەی جێی بگرێتەوە...
ئیتر ئەوە بوو دوای سێ ڕۆژ...
بە دەردی گەرووەخڕە سەری نایەوە...

جەعفەری کوڕی موعتەزید کە نازناوی موقتەدیر بیللای پێ درا... وەکو خەلیفە دانرا... هەژدەیەمین خەلیفە بوو لە

دەوڵەتی عەباسیدا... دەمەوسەحەر... هەر دوای وەفاتی براکەی... بە خەلیفە دەستنیشان کرا... ئەوکات تەمەنی سیانزە ساڵ و مانگێک و بیست و یەک ڕۆژ بوو... بەر لەو، کەس لە تەمەنێکی وا منالدا نەبووبوو بە خەلیفە... کاتێ فەرمانڕەوایی گرتە دەست... لە بەیتولمالی تایبەتدا... پانزدە هەزار هەزار دینار هەبوو... لە بەیتولمالی گشتیشدا... بەتەنها شەشسەد هەزار دینار... لە بەنی ئومەیە و ڕۆژگاری بەنی عەباسیشەوە... گەوهەری بە نرخی بۆ کۆبووبۆوە... هەمووی بەسەر ژنە دۆستەکانی و هاوڕێکانیدا تەخشان و پەخشان کرد...
ئەمەش ڕەفتاری منال و والیە دەبەنگەکانە...

هەر ئەم کوڕە دەبەنگە... دواتر...
فەرمانی لەسێدارەدانی حەللاج ئیمزا ئەکا...

"کوڕە دەبەنگەکە" ناتوانێ فەرمانڕەوایی بکا...
دایکی... "شەغەب" خانمی بە ڕەچەڵەک یۆنانی... لەودیو پەردەوە
حوکمی ئەکرد...
فریای کوڕەکەی ئەکەوت و پایەی فەرمانڕەوایی بۆ قایم ئەکرد...
چی دەسوپێوەند و هاوپەیمانەکانی خۆی بوو... لەوانە: موئنیس ئەلقوشوری، کە کابرایەکی عەسکەریی لێهاتوو بوو، ئەویش بە ڕەچەڵەک یۆنانی بوو...
لە دەرباری موعتەزیدی باوکی موقتەدیردا گەورە بوو...

لەگەڵ ئەمیری سوپادا و وەکو یاریدەدەری پۆلیس دەسبەکار بوو...

خەسێنرابوو... ئەچوو بۆ ناو "حەریم" و لەگەڵ ژنەکاندا

داوی ئەنایەوە و پیلانی ئەگێڕا...

دیارە هەر لەبەرئەمەش بوو... بۆ حەوتساڵێک

لە کۆشک دوورخرایەوە بۆ حیجاز...

ئەوەبوو شەغەب ناردیەوە بە شوێنیدا... تا

بگەڕێتەوە و ببێت بە یەکێک لە پاسەوانەکانی خەلیفە...

کوڕەی سیانزدەساڵ...

هەر خەریکی بەزم و ڕابواردن بوو...

کەنیزەکەکانی کۆشک دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو...

بەسەر کۆشک و کاروباری خەڵک و سیاسەت و

خەرجکردنی پارەی تایبەت و گشتی و...

داوەت و ئاهەنگەکانا...

# کوڕی موعتەز

بانگەوازەکەی حەللاج فراوانتر ئەبێ...

تاقمێ لە پیاوانی سوپا و دەوڵەت کۆئەبنەوە و
لەسەر ئەوە ڕێک ئەکەون کە موقتەدیر لاببەن و
عەبدوڵڵای کوڕی موعتەز بکەن بە خەلیفە...
لەگەڵ کوڕەکەی موعتەزدا ڕاوێژ ئەکەن...
قایل ئەبێ... بەو مەرجەی کە خوێن نەڕژێ...

کودەتاکە ڕێک ئەخرێ...
پارەدارە جووەکان و خاوەن موڵکەکان و دەرەبەگەکان لە
ئاڕاستەی کودەتاکە ئاگادار ئەکرێنەوە...
ئەوان دەسبەرداری ئەبن...
شۆڕشەکە بە گەمارۆدراوی لەدایک ئەبێ...

کودەتاکە ڕێک ئەخرێ...
خەلیفە سەرگەرمی کاتبەسەربردنە...
لەسەر ڕێگای بەردەم کۆشکدا... لەگەڵ هاوەڵ و
خزمەتکارەکانیدا... بە سەوڵەجان و تۆپ یاری ئەکا...

حوسەینی کوڕی حەمدان، کە یەکێکە لە شۆڕشگێڕەکان و
سەرکردە سەربازییەکان، بەرەو ئەوێ ئەچێ تا بیکوژێ...
موقتەدیر کاتێ غەڵبەغەڵبەکە ئەبیستێ... بەرەو
کۆشک ڕائەکا و... دەرگاکە لەسەر خۆی دائەخا و...
لە ترسانا هەڵئەلەرزێ...

حوسەینی کوڕی حەمدان ئەگەڕێتەوە و لەگەڵ میران و
ناوداران و قازییاندا لە ماڵی مەخرەمی
کۆئەبنەوە و پەیمانی خەلیفایەتی ئەدەن بە کوڕی موعتەز و
نازناوی مورتەزا بیللای ئەدەنێ...
کوڕی موعتەز نامەی بۆ موقتەدیر نووسی... فەرمانی پێ دا کە
دارولخیلافەی ڕادەست کا...
موقتەدیر وتی بە چاوان...
حەسەنی کوڕی حەمدان... لەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا...
چوون تا کۆشکەکە وەربگرن...
کاتێ گەیشتنە ئەوێ... پاسەوانان و خزمەتکارانی کۆشک...
ڕووبەڕوویان وەستانەوە و شەڕ لەنێوانیاندا ڕووی دا...
تێکیان شکاندن و پیاوەکانی حەسەنیان کوشت...
تەنها حەسەن خۆی ڕزگاری بوو...

موئنیس هەواڵی شۆڕشی بیست...
پیاوانی خۆی لە کەشتیگەلێکی سەربازیدا کۆکردەوە...
بە ناو ئاوی دیجلەدا ڕۆیشت... بۆ لای کوڕی موعتەز و
پیاوانی...

هێرشی بۆ بردن لەناکاو... هەموویانی تارومار کرد و
لە کوڕی موعتەز دووری خستنەوە...
ئەوەی کوژرا؛ کوژرا و، ئەوەی هەڵات؛ هەڵات.
کوڕی موعتەز پەنای برد بۆ ماڵی کوڕی جەساس...

ڕاووڕووت و تاڵانی لە وڵاتدا تەشەنەی سەند...
چاک و خراپ تێکەڵ بوون...
تا موقتەدیر جڵەوی بارودۆخەکەی گرتەوە دەست...
وەزارەتی رادەستی ئیبنو فورات کرد...
ئیبنو فورات لە خۆشییاندا باڵی گرت...
چاوێکی کرد بە هەزار چاو...
بۆ ڕاوەدوونانی شۆڕشگێڕان و لەناوبردنیان...

هەواڵی پێ گەیشت...
کوڕی موعتەز خۆی لە ماڵی کوڕی جەساس حەشاردراوە...
ئیبنو فورات فیرقەیەک سەربازی بۆ نارد...
هێرشیان بۆ ماڵەکە برد...
خاوەنماڵ و داڵدەدراویان دەسگیر کرد...
بە کۆتوپێوەندکراوی... بردیانن بۆ لای خەلیفە...
خەلیفە لە کوڕی موعتەز وردبۆوە...
کۆت و زنجیر لە دەست و لە پێیەکانیدا...
ڕووی وەرگێڕا و بە کوڕی جەساسی وت:
بۆ پەنات دا؟!
قوربان داوای کرد پەنای بدەم...

خەلیفە بۆ تاوێک ڕاما...
بیکوژم یان بەلای خۆمدا ڕایبکێشم!!
دووەمیانی هەڵبژارد...
خەندەیەک هاتە سەر لێوی...
ئەمە لێبوردنێکە ئەبێتە مایەی ستایشی خەڵک...
ئافەرین...
ئاماژەی بۆ پاسەوانەکانی کرد...
ئەو کۆت و زنجیرە لە دەستوپێی بکەنەوە...
ڕێزی بگرن و با بچێتەوە بۆماڵی خۆی...

بەخشندەیی و لێبوردەیی موقتەدیر بوو بە قسەی سەر زمانی خەڵک ...
کەس ئەوە ناگێڕێتەوە کە ڕووی داوە...
کوڕی موعتەز هەر چاوەڕێی چارەنووسی ڕەشی خۆی بوو...
پاش ماوەیەک... لاشەکەیان ڕادەستی کەسوکاری کرد...

لە ترسانا، بەبێ پرسە لاشەکەیان بە خاک سپارد...

حوسەینی کوڕی حەمدانیش... کە سەرکردەی سەربازیی شۆڕشەکە بوو...
کاتێ زانیی لەشکرەکەی لێکترازاوە، ئەویش ون بوو...
ئەڵێن جارێکیان لە بەغدا و جارێکی تریش لە بەیزا دەرکەوتووە...
بەڵام دواتر هیچ ئاسەوارێکی نەما و لەیاد چووە...

ئیبنو فورات پرسیی:
ئەی حەللاج؟
بەرپرسی پۆلیس بە دڵنیاکردنەوەوە وتی:
وازمان لێ هێنا و... بەرەڵامان کرد...
ئەڵقەیەکە... بە زنجیرەیەکی درێژمان ئەگەیەنێ...
چاوی لێ ئەنووقێنین تا هەم خۆی و هەم پیاوەکانی خاترجەم ئەبن...
کاتێکیش کە خاترجەم بوون... لەسەر کار و تەگبیری خۆیان بەردەوام ئەبن...
هەینێ... تۆڕی خۆمان بۆ نێچیرە گرانبەهاکە هەڵئەدەین...
ئیبنو فورات زەردەخەنەیەکی هاتێ...
زۆرزانیت... تۆ هەمیشە زۆرزان بووی...

# پەنابردن

حەللاج لە بەغدا تەنیایە...
پیاوەکانی... لە ئەهلی فەرمانڕەوایی... ئەوانەی پێیان زانراوە...
هەموو پەرش بوون و بڵاو بوون...
کوڕی داود... بیری لەلای داو چنینە...
دەرفەت زۆرە بۆ نەخشە بێکۆتاکانی...
خیلافەت لە بۆسەدایە...
ئیبنو فورات چاوەڕێیە...

ڕۆحی شۆڕش... بەردەوامە...
دەنگی دادپەروەری لە شەوەزەنگی ستەمدا...
دەنگی حەللاج... هێشتا هەر زایەڵەی هەیە...

شۆڕشێکی تری نوێ بەرپا ئەبێ...
بە سەرکردایەتی سلێمانی کوڕی موخەلید...
کە یەکێکە لە شوێنکەوتووانی حەللاج...
بەڵام ئیبنو فورات بێدار بوو...
شۆڕشەکەی کپ کردەوە و کوڕی موخەلیدیشی گرت...

بازنەکە تا دێ تەسکتر ئەبێ...
زنجیرەکان نزیک ئەبنەوە...
حەللاج زانیی کە ئازادی و... ڕاوبۆچوونی و...
هزری و بانگەوازەکەی...
ئەبنە یەخسیری چواردیوار...
لەبەرئەمە بڕیاری دا کە کۆچ بکا بەرەو سووس
کە سەر بە ناوچەی ئەهوازە...
ئەیەوێ ڕووبکاتە بەیزا... دوور لە چاوی ئیبنو فورات و
سەربازەکانی خەلیفە...

دیار نەما...
چەشە و نێچیرەکەمان لە دەست دا...
بەرپرسی پۆلیس ئەمەی وت...
خەو ناچێتە چاومان تا ئەیدۆزینەوە...
هەموو دنیای بۆ ئەگەڕێین...
پۆستەچییەکان لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتا
شوێنپێیەکانی هەڵئەگرن... بۆنی ئەکەن...
پارە ئەدەین بە هەرکەسێ... کە بیدۆزێتەوە بۆمان...
ئێمە واین لە ڕۆژگارێکدا
زۆربەی خەڵکی ویژدانی خۆیان ئەفرۆشن...
هیچ شتێکیش هێندەی پارە
سیحری لەسەر خەڵکی نییە...

بەڵێنت پێ ئەدەم گەورەم... بەدەستوپێی بەستراوەوە و
بە سواری کەر یاخود حوشتر... بۆت بێنمەوە ئەم شارە...
پیلانگێڕان و سیخوڕان... هاتن و چوون...
زەوییان تەی کرد...
تەتەرەکان... ساڵانێک ئەملاولایان کرد...
وەلێ هیچ سوودێکی نەبوو و
هەواڵێکیان دەسگیر نەکرد...

لەم ساڵەدا... دووسەد و نەوەد و حەوتی کۆچی...

فەقیهی ڕواڵەتناس محەمەدی کوڕی داود مرد...
ئەو پیاوەی یەکەم کەس بوو داوای دادگایی حەللاجی کرد
بەو تۆمەتەی حەللاج عاشقی خودایە...
کوڕی داود بە عاشقی مرد...
بەڵام ئەو عاشقی محەمەدی کوڕی جامع بوو و
هەر بەو دەردەشەوە سەری نایەوە...
ئەگێڕنەوە...
کوڕی داود هێندە عاشقی محەمەد بوو...
کتێبی "گوڵ"ی بۆ نووسی...
کوڕی جامع دەوڵەمەند بوو...
نەبیستراوە مەعشوق مەسرەفی عاشق کا... تەنها کوڕی جامع
نەبێ...
ئیبنوسورەیجی قازی لە پرسەکەیدا وتبووی...

بەو خودایە... من بە تەنها ستایشی ئەو خۆڵە ئەکەم
کە زمانی محەمەدی کوڕی داودی خوارد...

والیی سووس... بە حاڵی حەللاجی زانی...
خۆشیئەویست و قەدری ئەزانی...
لە ڕووی خۆشەویستی و ئەمەکەوە... چاوی لە حەللاج
ئەپۆشی...
حەللاج لەسەر بانگەوازی بەردەوام بوو...
دروشمەکەی...
زەوی گۆڕاوە و بانگەوازەکە هەر یەک بانگەوازە...
هەژاری قەدەرێک نییە لە ناوچەوانمان نووسرابێ...
دادپەروەری قەدەرمانە...
داواکردنیشی... ماف و ئەرکی سەرشانمانە...

ڕۆژێکیان...
کابرایەک لە بەسرەوە گەیشتە بەغدا...
دەمامکی کردبوو...
دەموچاو و ویژدانی خۆی داپۆشیبوو...
قوتابییەکی حەللاج بوو...
بۆ لای ئیبنو فورات هاتبوو...
ئەمەوێ جەنابیان ببینم...
- بۆچی؟
- شتێکی گرنگ هەیە پێی ئەڵێم...
- ئەو شتە چییە؟...
- سوێندم خواردووە هەر بە خۆی بڵێم...

ئیبنو فورات وتی:
- با بێته ژوورەوە...
چووە ژوورەوە...
- ئادەی چیت پێیە بیڵێ...
- هەواڵێکی گرنگ بۆ پیاوێکی بەخشندە...
- چییە؟
- حەشارگەی حەللاج...

ئیبنو فورات دەمودەست هەستایە سەرپێ...
- کوا لە کوێیە؟!
کابرا وتی:
- لە سووس... گەورەم...
ئیبنو فورات پریاسکەیەک پارەی دەرهێنا و
بۆ ئەوی هەڵدا...

ساڵ بوو بە دووسەد و نەوەد و نۆی کۆچی...
لەو ساڵەدا...
خەلیفە موقتەدیر لە وەزیرەکەی... عەلی ئیبنو محەمەدی
ئیبنو فورات توورە بوو و لە کار لای دا...
فەرمانی دا... کە ماڵەکەی تاڵان بکەن...
بە شێوەیەکی زۆر ناشرین... ماڵەکەیان تاڵان کرد و...
ئابڕوویان ئەتک کرد...
عەلیی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەحیای

کوڕی خاقانی کرد بە وەزیر...
دواتر ئەویشی لادا و عەلیی کوڕی عیسای دانا...

لە شەوێکدا مانگ بە ئاسمانەوە نەبوو...
پۆلیس لە دەرگای ماڵی دا...
هێندە چاوەڕێیان نەکرد...
بە شەق دەرگایان کردەوە...
هەموویان چوونە ژوورەوە...

حەللاج دانیشتبوو... خەریکی نوێژ و نزا بوو...
وەرە لەگەڵمان...
هەستا... سەیرێکی کردن...
چووە دەرێ و
غوڵامەکەی بەدوایاندا...

# قەرمتییە... باش بیناسن

لە شەشی ڕەبیعولئەوەلیساڵی سێسەد و یەکی کۆچیدا...
کاروانەکە گەیشتە بەغدا...
حەللاج کۆت و زنجیرکراوە... لەسەر وشترێک دانراوە...
غوڵامەکەی دوای کەوتووە...
خەڵکی لە شەقام و کووچە و کۆڵانەکانا
گوێیان لە دەنگی جارچییەکە هاوارئەکا...
ئەمە یەکێکە لە بانگەشەکارانی قەرمتیەکان... باش بیناسن...
ئەمە پیاوێکی قەرمتییە...باش بیناسن...

ئەم جارە کاری حامیدی کوڕی عەباس بوو
کە لە واسیت باجگر بوو...
ڕقێکی زۆری لە حەللاج بوو...
لەو دادپەروەرییەش کە بانگەشەی بۆ ئەکرد...
دابەشکردنی سامان و
هەڵگرتنی باج لەسەر هەژاران...

ئەمە کابرایەکی قەرمتییە... باش بیناسن...

ئەم جارە...
بە دڵی موئنیسی بەرپرسی پۆلیس بوو...
وەلێ ببووە مایەی نیگەرانیی وەزیر عەلی کوڕی عیسا...
موئنیس... ئەیزانی کە بڕیاری دەسگیرکردنی حەللاج...
بڕیارێکە، وەزیرە ڕقئەستوورەکەی پێشوو، محەمەدی ئیبنو فورات داویەتی و... بڕیاری وەزیری تازە نییە... کینەیەک لە دڵی بەرپرسی پۆلیسدا گڕی گرتووە... سێ ساڵ گەڕان بەدوای حەللاجدا شەکەتی کردووە... ناپاکی... حەللاجی هێنایە بەردەستی... بەڵام سزای قورس... تینووێتییەکەی ئەشکێنێ و گڕەکەی... دائەمرکێنێ...

عەلیی کوڕی عیسا... سەراسیمەیە و بیرئەکاتەوە...
حەللاج ئارامی گرتووە و... چاوەڕوانە...

کوڕەکەی عیسا لە مەسەلەکەی کۆڵییەوە...
دەعواکە محەمەدی کوڕی داود... فەقیهی ڕواڵەتناس...
دژ بە حەللاج بۆ دادگای بەرزکردۆتەوە...
ئیبنو سورەیج... قازیی شافیعی... بەمشێوەیە حوکمی لەسەر داوە...
"حەللاج... پیاوێکی چاکە... موسڵمانێکی زانایە... حەدیس و فیقهی خوێندووە... تەفسیر و زانستی کەلام... سێ جار حەجی کردووە... ئەو شیعرانەی ئەیانڵێ حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی سۆفیان و پەیوەندیی بە دادگاوە نییە."
کوڕەکەی عیسا بە خوێندنەوەی ئەوە خاترجەم بوو...

لە کۆمەڵێک قازی کە باوەڕیان بەو فەتوایەی ئیبنوسورەیج بوو، دادگایەکی پێکهێنا...
دووانیان شافیعی بوون...
ئەو شیعرانەی حەللاجیان بە فرمێسکی عاشق و...
ژان و سوێی ئەڤیندارێکی جودا لە مەعشوق ئەزانی...
هەربۆیە قازییەکان پشتیان بە فەتواکەی ئیبنو سورەیج بەست کە لە دادگا حەللاج بێتاوان ئەکا...

حەللاج بەرامبەر قازییەکان ڕاوەستا...
لێیان پرسی:
تۆ قەرمتیت؟
وتی: نەخێر...
دەربارەی فیقهـ لێیان پرسی...
قسەی نەکرد...
دەربارەی حەدیس لێیان پرسی...
قسەی نەکرد...
دەربارەی تەفسیر لێیان پرسی...
قسەی نەکرد...

عەلیی کوڕی عیسا بە خەلیفەی وت:
"حەللاج دانی بەوەدا نەناوە کە پێی تاوانبار کراوە؟"
کوڕەکەی عیسا بیری لەوە کردەوە کە دارەکە لە ناوەڕاستەوە بگرێ...
بڕیاری دا بەناوزڕاندن و بەستنەوەی بە خاچەوە سزای بدا...
دوو ڕۆژ لە کەناری خۆرهەڵاتی دیجلە و...

دوو ڕۆژ لە کەناری خۆرئاوای...
حەللاجیان بە خاچێکەوە بەستەوە و بەرزیان کردەوە...

لە کتێبی "ئەخباری حەللاج"دا لەسەر زمانی ئەحمەدی
کوڕی فاتکەوە ئەگێڕنەوە...
"لە نەهاوەند بووین و ڕۆژی نەورۆز بوو...
دەنگی کەڕەنامان بیست...
حەللاج پرسیی... ئەوە چییە؟
وتمان... ڕۆژی نەورۆزە...
ئاخێکی هەڵکێشا و وتی... کەی نەورۆز ئەکەین؟
پرسیمان: مەبەستت لە کەی چییە؟
وتی: ئەو ڕۆژەی لە خاچ ئەدرێم"

ئەو ڕۆژەی کە بە خاچەکەوە بوو بەلایدا گوزەرم کرد...
لە سەرەوە سەیرێکی کردم و... وتی:
ئەحمەد نەورۆزمان کرد...
وتم: یا شێخ خەڵات کرایت؟
وتی: بەڵێ... بە کەشف و یەقین...
لە ئاستی ئەو خەڵاتەدا هەست بە شەرمەزاری ئەکەم...
بەڵام هەر زوو خۆشیی خۆم دەربڕی...

خۆشی...
ڕۆژی لەخاچدانی گەورە...
کاتێ جەستە ئەبێ بە خۆڵەمێش و بە هەوادا پەخش ئەبێ...

زیندانی...

کۆت و زنجیریان کردەوە...
لە خاچەکە دایانبەزاند...
بە شەکەتییەوە دانیشت...
هەوڵی دا هەستێتە سەر پێ... توانای نەبوو...
فەرمان بە جەستەی خۆی ئەدا... بە قسەی ناکا...
هەر چوارپەلی وشک هەڵاتوون...
چەند تاوێک و...
غیرەتی دایە بەرخۆی و...
هەستا و بەپێوە ڕاوەستا...

لەنێوان سەرکردایەتی و سیاسەتدا... هەنگاوێکە...
سیاسی... دارەکە لە ناوەڕاستەوە ئەگرێ...
سەرکردە... لە سەرێکیەوە... تەنانەت گەر بیشیدۆڕێنێ...

وەزیر... عەلیی کوڕی عیسا...
دارەکەی لە ناوەڕاستەوە گرتبوو...
هەستی ئەکرد... ئازارێ دڵی ئەگوشێ...

لە کۆشکدا... بە نیگەرانییەوە ئەهات و ئەچوو...
ئیبنو فورات دەسگیری کرد...
بێگوناه من بە خاچدا هەڵمواسی...
تا نەیارانی قایل بن...
بەڵام ئێستا...
گەر بەری بدەم... ئەیکوژن...
بریا هەر لە ئەهواز بووایە... دوور و ئازاد...
بەڵام تازە... کار لە کار ترازاوە...
شوێنێ نەماوە ئەم پیاوە... بە سەلامەتی تیا بژی...

کوڕەکەی عیسا ئاماژەی بۆ پیاوێکی کرد...
حەللاج ببەن... لە زیندانی کۆشکەکەی مندا دایبنێن...
پیاوەکە ڕۆیی و فەرمانەکەی ئاشکرا کرد...
کوڕەکەی عیسا لە دڵی خۆیدا وتی...
بەم کارە هەم نەیارانی ڕازی ئەکەم و
هەم ئەتوانم ژیانیشی بپارێزم...

هەرگیز لە خەونیشدا خەڵوەتێکی وام نەدیوە...

لە دەوروبەری خۆی ڕاما...
گەشتێک دەستی پێ کرد...
لە هەشت هەنگاو پێکهاتبوو...
هەنگاوی یەکەمساڵێک بوو...

یەکێک وتی...
سەردانی برایەکی خۆم کرد لە زیندانی بەغدا...
لە خامۆشیی ئەو شەوەدا گوێم لە ڕاز و نیازێک بوو...
کە گوێم شل کرد... بیستم یەکێک ئەڵێ:
"خۆشەویستم...
لە جێیەک کە خۆت پێت باش بوو
حەشارت دام...
سوێند بە هێز و قودرەتی تۆ...
هەرچۆنێ ئەشکەنجەم بدەن و بەڵام بە سەردا بهێنن...
من هەروەکو باشترین نیعمەت سەیری ئەکەم...
خوایە...
سڵ ئەکەمەوە لێت... لەبەرئەوەی گوناهبارم...
تکاشت لێ ئەکەم... لەبەرئەوەی ئیماندارم...
پشت بە ڕەندیی تۆ ئەبەستم... لەبەرئەوەی داوای بەخشینت ئەکەم...
متمانە بە بەخشندەییت ئەکەم... لەبەرئەوەی داوای میهرەبانیت ئەکەم...
دڵخۆشم بە ڕاز و نیازیشم لەگەڵتا... لەبەرئەوەی متمانەی باشم پێتە..."

پرسیم ئەوە کێیە...
وتیان...
حەللاجە... حوسەینی کوڕی مەنسوور...

وەردیانەکە چوار دیوار دائەخا...
دەرگای ئاسمان داناخرێ...
هەردوو دەستی بەرز ڕائەگرێ... نزا ئەکا...
خۆشەویستی هێزێکە زەوی و ئاسمانەکان ئەبڕێ...

بە پەیژەکانی ڕۆحدا سەرئەکەوێ...
بەرزئەبێتەوە بۆ باڵا...

هاوڕێکەی پێی ئەڵێ...
بۆ خوێنی خۆت بە شاردنەوەی نهێنییەکان ناپارێزی...
ئەویش وتی...
ئاشکراکردنی عیشق نیشانەی ڕاستبێژانە...

الحبّ ما دام مكتوماً على خطـرٍ
وغاية الأمْنِ أن تدنو من الحــذر
و أطيب الحبّ ما نمّ الحديث بــه
كالنارِ لا تأتِ نفعاً و هي في الحجـر
خۆشەویستی هەمیشە مەترسیی لەناوخۆیدا حەشارداوە
ئامانجی سەلامەتیش، نزیکبوونەوەیە لێی بەئاگاوە
باشترین عیشق ئەوەیە کە باس کرێ
نەک وەکو بێسوودیی ئاگرێ لەناو بەردێ

بایەزیدی بەستامیی برام... هێندەی توانیی... ئاشکرای کرد...
هێندەی توانیی... بە ڕاشکاوی درکاندی...
گەلێکی تریش... هەر وابوون و باکیان نەبوو لە درکاندن...
ئێستا ئەوان لە شوێنێکی ئارامدان و سەلامەتن...
هەموو ڕۆیین بۆ غەیب و نەگەڕانەوە...
لێ من... ئاگری نزیکی نەیسووتاندم...
ڕۆیشتم و گەڕامەوە...
پەیامبەر... خۆشەویستی خوا... شەو لای خودا ئەمایەوە...
بۆ بەیانی... دەرئەچوو و... خەڵکی فێرئەکرد...
دونیای چاک ئەکرد... نەمامی ئەڕوان...
وەختێ منیش گەڕامەوە...
بەهۆی نووری هەقەوە... ستەمم دی...
بۆیە منیش... ئەو شتانەم ئاشکرا کرد کە پێم دران...

عەباسییەکان... تا بڵێی ئیرەییبەرن...
خۆیان سەرگەرم کردووە بە کەنیزەک و...
کۆکردنەوەی باج و... خواردنی ماڵی موسڵمانانەوە...
ئەوان کاتێ... تووڕەییان لە ئاستی مندا جووڵا...
کە گەڕامەوە بۆ زەوی و... داوای چاکسازیم لێ کردن...
دەنا گەر هەر لە دونیای غەیب بمامایە و...
تەنها شیعرم بچڕیایە...
نە ئەیانخوێندەوە و...
نە ئەیانبیست و...
نە تووڕەش ئەبوون...

لە نزای شەوانیدا و لەبەرخۆیەوە ئەڵێ:
"إذهبا إلى فرعون إنه طغى..."[1]
بڕیار ئەدا نامە بۆ خەلیفە موقتەدیر بنووسێ...
"فقولا له قولا ليناً لعله يتذكر أو يخشى..."[2]
وەک باوکێک نامەکەی بۆ نووسی...
داوای دادپەروەریی لێ کرد...
داوای لێ کرد کە ڕێ نەدا سەروەت و سامانی خەڵکی زەوت بکرێ...
خانم شەغەب... دایکی موقتەدیر... نامەکەی خوێندەوە...
تیایدا ڕزگاریی کوڕەکەی بینی لە دەست تاریکی و ئاگری ستەمکاری...
ناردی بە شوێن حەللاجدا تا بچێت بۆ کۆشکی خەلیفە...

---

١ بچن بۆ لای فیرعەون، زۆرداری ئەکا ( سورەتی تەها ).
٢ قسەی نەرمی لەگەڵ بکەن، بەڵکو بیری بکەوێتەوە و بترسێ.( سورەتی تەها).

حەللاج پیاوێک بوو تینووی زانین...
بەدرێژایی تەمەنی... هەر خەریکی
زمان و دین و فەلسەفە و... پزیشکی و کیمیا بوو...

گەیشتە کۆشک...
خانم شەغەب دانیشتبوو... بە ئاستەم ئەیتوانی هەڵسێ...
"تا" هێزی لەبەر بڕیبوو...
تەواو لەشی داهێزرابوو...
حەللاج ڕۆیشتە ژوورەوە...
شەغەب بەدەست خۆی نەبوو... لەبەری هەڵسا...
هێمنییەک لە ڕۆیشتنیا...
سەنگینییەک لە ڕوخساریا...
بە ڕێزەوە لەگەڵی دوا...
حەللاجیش بە میهرەبانی...
لە شەغەب خانم ڕاما...
داوای ئاوێکی ساردی کرد...
پرژاندی بە دەموچاویدا...
لەسەر قەراغی پەنجەرەکانی ژوورەکە... گوڵ دانرابوون...
پەڕەی هەندێ لەو گوڵانەی لێکردەوە و...
تێکەڵ بە یەکتریی کردن... وەکو هەویر...
پاشان کردییە ئاوەوە...

ماوەیەک...

خۆی لە ئاوەکەی خواردەوە...
دەروونی ساف و ڕوون بۆوە...
دای بە خانم...
دانیشت و لەگەڵیا دوا...
هێدی هێدی هێور بۆوە...
کەوتە قسە لەگەڵ حەللاج...
وتی: بریا لەم دەرمانەت ئەدا بە موقتەدیری کوڕیشم...
چونکە ئەویش وەک من نەخۆش و بیمارە...

خەلیفەش ئەو دەرمانەی خوارد...

حەللاج لە زیندانەکەیدا سەلامەت بوو...

خانم شەغەب... فەرمانڕەوای ڕاستەقینە...
خۆی چاودێریی ئەوی ئەکرد...
کۆمەڵێک پیاوی بەتوانا... شوێنپێی حەللاجیان هەڵئەگرت...
لەوانە... نەسری قوشوری...
کە تا بڵێی بە ئەمەک بوو...
لایەنگرانی حەللاج زۆر بوون...
دوژمنانی تەکینەوە...
کەوتە نووسینی بیروڕاکانی...

ئەیخوێندنەوە... بۆ قوتابی و شوێنکەوتووانی...
ئەوانیش... شیعر و ئەوینیان
بەناو خەڵکیدا پەخش ئەکرد...

سەبارەت خۆشەویستەکەی... "محەمەد"ی چرا... نووسیی...
"چرایەک لە ڕووناکیی غەیبەوە دەرکەوت و گەڕایەوە...
مانگێک لەنێو مانگەکاندا خۆی پیشان دا...
هەسارەیەک کە بورجەکەی وا لە فەلەکی نهێنییەکاندا... هەق ناوی نا "ئوممی" چونکە هیممەتی لا کۆبووبۆوە، ناوی نا "حەرەمی" چونکە نیعمەتی مەزن بوو، ناوی نا "مەککی" تا توانای کردەوەی باشی هەبێ...

ساڵان تێپەڕین...
بوو بە ساڵی سێسەد و چواری کۆچی...
لەو ساڵەدا...
موقتەدیر... وەزیر عەلیی کوڕی عیسای لەکار لادا و
عەلیی ئیبنو فورات بوو بە وەزیر...
نەیار و دوژمنەکەی حەللاج...
ئەو کابرایەی... فەرمانی گرتنەکەی دا و بۆ ساڵانێک
ڕاوەدووی نا...

حامیدی وەزیر...

ڕۆژگار تا سەر بۆ ئینسانی گەندەڵ نابێ...
لەدوای ساڵێک و پێنج مانگ و نۆ ڕۆژ...
واتە لە ساڵی سێسەد و شەشدا...
موقتەدیر بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕاوێژکاران...
وەزارەتیان بە حامیدی کوڕی عەباس سپارد...
حامید ڕۆژی سێشەممەی سێیەم ڕۆژی جەمادی یەکەم چوو بۆ لای خەلیفە موقتەدیر... دوای ئەوەی خەڵکەکەی بەغدا چوونە پێشوازیکردنی... خەلیفە کردی بە وەزیر... بەڵام خەلیفە و چواردەوری ئەیانزانی کە حامید چووەتە ساڵەوە و پێویستیی بە کەسێک هەیە یارمەتیی بدا... بۆیە عەلیی کوڕی عیسای لە زیندانەکەی دەرهێنا و ناردی بۆ لای وەزیر حامید و پێی ڕاگەیاند کە کاتی خۆی، ئەوی لەسەر ناپاکی یان نکووڵییەک لە وەزیری لانەداوە، بەڵکو خۆی دەستی لە کار کێشاوەتەوە... ئێستا وا بۆتی ئەنێرم تا کاروباری دیوانەکانی ڕادەست بکەیت و یارمەتیت بدا... ئەمەش بۆ کاروبارەکانت چاکترە...

دوای چەند ڕۆژێک... هەردوو وەزیر دەستیان بەسەر هەزار هەزار دیناری ئیبنو فوراتدا گرت... کە لە کاتی وەزیریدا دزیبوونی...

لە لاویدا... حامید لەژێر باری قورسی دوو شتدا ئەینالاند...
کوندەیەک ئاو... کە بە کۆڵانەکانا ئەیگێڕا و ئاوی ئەفرۆشت...
خۆرەتاویش... کە بەردەوام لە جەستەی ئەدا...
ئەسووڕایەوە و... درهەمیش لە بەرچاویدا هەر ئەسووڕایەوە...
دەمەو ئەنگۆر...
هەردووکیان پێکڕا ئەکەوتن...
حامید ئەنوست... لە خەونیدا گازی لە درهەمەکە ئەگرت...
تا ون نەبێ...
ئای خودایا!! هەژاری چەند قێزەونە...
خوا ئەکا لێی ئەبمەوە...
ئەگەر مردووم، چیتر بۆی ناگەڕێمەوە...
جوانترین دیمەن لەلای من... درهەمە لە بان درهەم و لەبان درهەم...
خۆشترین دەنگ... زرەی درهەمەکانە و ژماردنیانە...
ئای کە ڕقم لە کوندە و کۆڵان و گۆڕەپانە...
ئای کە ڕقم لە ئاو و لە خۆرەتاو و هەژارانە...
ئای کە ڕقم لە ڕۆژێکە بۆنەکەی؛ ئارەقەی لەش بێ و...
لە سبەینێیەکە... ڕەنگەکەی؛ هیوا بڕانە...

حامید کوندەکەی سەرشانی فڕێ دا...
گەڕا بەدوای کارێکی تری نوێدا...
کارێکی بە دڵی خۆی دۆزییەوە...
لەلای وەزیر سەعیدی کوڕی موخەللەد

بوو بە کۆکەرەوەی باج و لە نزیکەوە...
بۆنی ئەنا بە بۆنی خۆشی درهەمەوە...

کەسانی وەکو حامیدیش لە ڕۆژگاری گەندەڵیدا
ئەزانن چۆن ڕێی خۆیان بدۆزنەوە...
لە زوڵمی فەرمانڕەوایانەوە... خەڵکی بەرەو عەدالەتی ئیسلام
ڕۆیشتن...
خیلافەتی ڕاشدین دەستی پێ کرد...
خەلیفە لە مەدینە ئەترسێ...
نەبادا گیانەوەرێ لە عیراق سەرسم بدا و
خوا لەو بپرسێتەوە کە بۆچی ڕێی بۆ خۆش نەکردووە...
خەلیفەی ڕاشدین ئەڵێ...
من کراوم بە وەلیی ئێوە و باشترینتان نیم...
کاتێ هەژارێک برسی ئەبێ، کە دەوڵەمەندێک لەوەی لێی
زیادە چێژ ئەبینێ...
لە هەر شوێنی نیعمەتێکی فرە هەبێ...
لە پەنایدا مافێک هەیە کە خوراوە...
خەلیفە ئەڵێ:
من چۆن قایل بم پێم بڵێن میری باوەڕداران...
بەبێ ئەوەی لە خەم و ئازاری خەڵکیدا بەشداربم؟!

لە عیراق...
سەحابییەک... لە بەردەمی کیسرادا ڕاوەستا و وتی:
هاتووین تا خەڵکی لە پەرستنی بنیادەمەوە بەرەو پەرستنی

خودا ڕێنمایی بکەین...
بەڵام هەر لەو وڵاتەدا و... لەپاش دوو ساڵ...
ئەبو جەعفەری مەنسوور ئەڵێت:
من سوڵتانی خوام لەسەر ئەرز...
سوڵتانی خوا...
هەم خاوەنی وڵاتە و هەم بەندەکانیش...
وەک کەلوپەل... یان هەروەکو سامان و سۆل...
سوڵتان بە میراتی، ئۆمەتەکەی بۆ کوڕەکانی جێدێڵێ...
کیسرا بە جلی عەرەبییەوە گەڕایەوە... یا وەک قەیسەر...
بووە خاوەنی کۆشک و سەرانە و باج...
دەسەڵات و تواناکان...
کیسرا گەڕایەوە تا خەڵکی لە دادپەروەرییەوە بباتەوە
بۆ جەوری فەرمانڕەواکان...
زەکاتی باوەڕداران...
بۆ هەژار و نەدار و بۆ ڕێبواران...
ئەمەیان فەرمانی خوای میهرەبانە...
باج و سەرانەی موڵکانەش
بۆ باجگرە و ئەوەی بۆی کۆئەکرێتەوە...
ئەمەیان فەرمانی سوڵتانە...

ئەوەی ئەمەوی هیشام بن عەبدولمەلیک دایهێنا...
سیستمی "پابەندبوون" و "بیمە"...![1]

---

١ هیشام بن عەبدولمەلیک(٦٩١-٧٤٣) دەیەمین خەلیفەی ئەمەوییە، کە لە شاری دیمەشق لەدایک بووە. لە ساڵی ٧٢٣ هەتا ٧٤٣ی زایینی خەلیفە بووە.

ئەوانەی دواتر پەیڕەوییان کرد...
وەکچۆن جووتیار کێڵگە و زەوی بیمە ئەکا...
کەفیلیش وڵات و خەڵکی بیمە ئەکا...
کەفیل باج و سەرانە بۆ خۆی کۆئەکاتەوە
بەرامبەر بڕێک پارە کە ئەیدا...
سوڵتان بێ هیچ ماندووبوونێ... بەشەکەی خۆی وەرئەگرێ...
کەفیلیش جیاوازیی نێوان ئەوەی کۆیکردۆتەوە و ئەوەی ئەیدا
بە مفتی بۆ خۆی هەڵئەگرێ...
ئەمە بووە هۆی درزێکی ئێجگار گەورە... لەنێوان موڵکداران و
هەژار و نەدارەکانا...
برسییەکانی وروژاند و... دەسەڵاتی باجگرانی بەهێزتر کرد...
لەوانەش حامیدی کوڕی عەباسی وەزیری موقتەدیر...
حامید پێش هەموو شتێ... بیری لە دەڤەرێ کردەوە
کە شەڕی نێوان زنج و لەشکرەکەی خەلیفە
کاولی کردبوو...
کێڵگەکان گشت وێران بووبوون...
ئاشەکانی ئاودێری تێکوپێک درابوون...
خاکێکی ڕووتەن...
بیری کردەوە و ئینجا کەوتە تەگبیر...
دەسەڵات قەناعەت پێ ئەکەم...
ئاشی ئاوەکان چاک بکەینەوە...
هەینێ زەوییەکان تێراو ئەبن...
کێڵگەکان شین ئەبنەوە و
دارەکان بەر و درهەم ئەگرن...

ئەوەی شەڕ کاولی کردووە... من بینای ئەکەمەوە...
مزگەوتەکانی جووتیاران ئاوەدان ئەکەمەوە...
بەوە دڵیان خۆش ئەبێ...
ئینجا بێ ئەوەی بە خۆ بزانن...
گیرفانیان بەتاڵ ئەکەمەوە... تا لە پارە خاڵی ئەبێ...
هەروەک ڕاوچی... دانە و داویان بۆ ئەنێمەوە...

ئیدی... ئەوە پیشەی حامید بوو...
خوار خۆی برسی ئەکرد و سەروو خۆی تێر...
بەمشێوەیە توانیی پێگەی خۆی قایم کا...
قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لە واسیتەوە بۆ دیمەشق و
لە فارسەوە بۆ بەسرە و ئەهواز فراوان بۆوە...
لەسەر کورسیی وەزارەت دانیشت و... هەر تێر نەبوو...
بەڵام حامید لەم گەشتەیدا لەنێوان ئاودێری و وەزارەتدا...
هەمیشە دەنگێکی ئەهاتە گوێ... کە زۆر پێی پەست ئەبوو...
دەنگی پیاوێکی ئیماندار...داوای دادپەروەریی ئەکرد و...
ئەیوت ئەبێ... ستەم لەسەر خەڵک لاببرێ...
ئەو دەنگەش... دەنگی حەللاج بوو...
حامید لەبەرخۆیەوە وتی:
بەڵکو بۆم بڕەخسێ... بەمزووانە...
ئەم دەنگە کپ و خامۆش کەم...

دوو کەسی دژواز حوکم ئەکەن...
عەلیی کوڕی عیسا... کە هەواداری حەللاجە و...

باوەڕی بە لابردنی قۆرخکاری و
سووککردنی باج و باری قورسی سەرشانی خەڵکە...
لەولاشەوە... حامیدی کوڕی عەباس...
باجگرێکی چاوچنۆک... کە ڕێگایەک چییە بۆ ناو دڵی هەژاران
نازانێ...
بەڵام هەموو ئەو ڕێگایانە ئەزانێ کە دەسەڵات و داراکان قایل
ئەکا...
ئەو وا سەیری دەسەڵات ئەکا... ڕێگایەکە بۆ کەڵەکەکردنی
سەروەت و سامان بۆ خۆی...
توانیی خەلیفە ڕازی کا کە کێڵگەکانی بیمە کا...
کاتێ وەرزی بەرووبووم هات... نەیهێشت هیچ بگاتە بەغدا...
بۆیە نرخەکان فڕین و...
هەژارەکان... هێندەی تر بە ناخی زەویدا چوون...

پاشان ساڵ بوو بە سێسەد و هەشتی کۆچی...
لەو ساڵەدا... گرانی ڕوویکردە بەغدا...
تووڕەیی خەڵک جۆشی سەند...
بۆیە حەشامات شاڵاویان برد بۆ ماڵی حامیدی کوڕی عەباس...
لەو ڕۆژەدا کە هەینی بوو...
هێرشیان کردە سەر وتارخوێنی مزگەوتەکان...
نەیانهێشت وتار بدەن و گشت مینبەرەکانیان شکان...
پۆلیسیان کوشت...
پردیان ڕووخان...

زیندانەکانیان تێکشکان...
خاوەن پیشەکان کۆبوونەوە و هێرشیان بردە سەر لایەنگرەکانی
حامید...
لەنێوان عەسکەر و خەڵکدا
کوشت و کوشتارێکی زۆر بوو...

نەسر و کوڕەکەی عیسا هاوسۆزی خەڵکەکە بوون و...
وتیان: قۆرخکردنی سامانی گشتی...
مایەی ئاگری فیتنەیە...

حامید هەستی بە خەتەر کرد...
بە تۆقیوی... بەرەولای خەلیفە ڕایکرد...
چارم نییە... ئەبێ بەرەو واست بچم...
خەلیفە بێ حاڵیبوون و بێ دوودڵی... ڕەزامەند بوو...
حامید ڕۆیی و لەوسەرەوە
بە باری دانەوێڵەوە... بەرەو بەغدا گەڕایەوە...
بەسەر بازاڕدا بەشی کرد...
وەک ئاوێک بوو بکرێ بەسەر ئەو ئاگرەدا...
نرخەکان دابەزینەوە... خەڵکەکە هێور بوونەوە...
لەم ڕۆژانەدا... موئنیس، میری لەشکر
دوای ئەوەی لە میسر فاتمیەکانی تێکشکاند و
شۆڕشی دژ بە خەلیفە سەرکوت کرد...
گەڕایەوە بۆ دەوروبەری شاری بەغدا...

موئنیس پێشتر... سەرپەرشتیی پۆلیسی ئەکرد و
یاریدەدەری میری لەشکر بوو...
لە دەرباری موعتەزیدا گەورە بووبوو...
خەسێنراوێک بوو چووە ناو حەریمەوە و...
لەگەڵ ژنەکاندا هەر خەریکی پیلان و داونانەوە بوو...
ڕەنگە لەبەر ئەمەش بووبێ...
بۆ ماوەیەک... نزیکەی حەوتساڵی خایاند...
لە کۆشک و لە بەغدا دوورخرایەوە...
دواتر... خەلیفە موکتەفی کۆچی کرد و...
موقتەدیری برای لەجێی دانیشت...

ئەو دەمە موقتەدیر...
منداڵێ بوو، تەمەنی سیانزە ساڵ ئەبوو...
خانم شەغەبی دایکی... کە بە ڕەچەڵەک یۆنانی بوو...
فریای کەوت و بوو بە ئەقڵی بیرکەرەوەی...
کۆمەڵێک لە باوەڕپێکراوانی خۆی
لە دەوری ئەو کۆکردەوە...
هەر ئەویش بوو کە موئنیسی بانگ کردەوە...
بۆ پارێزگاریی کوڕەکەی...
موئنیسیش بە بنەچە هەر یۆنانی بوو...
هەم هاوپەیمانی حەریمی کۆن بوو...
هەم عەسکەرییەکی لێهاتووش بوو...
موئنیس بۆ موقتەدیر ئەمەکدار بوو...
ئەو ڕۆژەی کە ئیبن موعتەز و چەند سەرکردەیەکی لەشکر دژ

بە موقتەدیر ڕاوەستان...
مونیس لایەنی موقتەدیری گرت...
وەک ڕێزلێنان لەو هەڵوێستەی... خانم شەغەب ئەیویست بیکا
بە میری لەشکر...
لەسەر سنوورەکان و لە فارس گەلێ شەڕی کرد...
شۆڕشی موسڵ و هەروەها شۆڕشەکەی ئیبن ئەبی ساجیشی
سەرکوت کرد...
چوو بۆ میسر تا بەسەر فاتمیەکاندا سەربکەوێ و...
ئینجا گەڕایەوە بەغدا... وەک یاوەرێک بۆ خەلیفە...
نازناوی "سەرکەوتوو"شی پێ بەخشرا...
عەسکەرییەک... شۆڕشەکان سەرکوت ئەکا و...
بەسەر خوێنی خەڵکانێکی بێگوناهدا...
بەرەو شکۆی سیاسی... ڕێی خۆی خۆش ئەکا...

هاوپەیمانێکی هەمیشەی وەزیر حامیدی کوڕی عەباسە...
یەکێکیان شەڕ ئەکا و...
ئەوی تریان لە هێرشەکانی هاوپەیمانەکەیدا...
بیانوویەک ئەبینێتەوە بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە...
هاوپەیمانییەکی بێکۆتایی...

لە خۆرهەڵاتی دەوڵەتدا شۆڕشی دیلەم هەڵگیرسا...
میری سامانی "ئەخ سەعلوک"، کە نەسر لە "ڕەی" کردی بە والی...
دەسبەرداری ویلایەت بوو و چووە ڕیزی شۆڕشەوە دژ بە
خیلافەت...

بەمەش هەڵوێستی نەسری بەرامبەر خەلیفە لاوازکرد و
بووە مایەی لەدەستدانی دەسەڵاتی...

ئەستێرەی موئنیس درەوشایەوە...
خەلیفە بەرەی خۆرهەڵاتی پێ سپارد
تا شۆڕشەکەی پێ دابمرکێنێتەوە و...
سەری "ئەخ سەعلوک"ی بۆ بهێنێ...

موئنیس وەک سەرکردەیەکی دڵسۆز
لە خەلیفە نزیک بۆوە...
حامیدیش... شوێنپێی ئەوی هەڵگرت...
ئەمانە ئەو باجگرانە بوون... کە هەموو شتێکیان بۆ خۆیان
قۆرخ کردبوو...
هەمووشیان دوژمنی حەللاجی زیندان بوون...

ترس چووە دڵی موقتەدیرەوە...

یەکەم ئەزموونی... کودەتاکەی کوڕەکەی موعتەز بوو دژی...
ئەوەبوو هەر بە منالّی... موڵکەکەیان لێ زەوت کرد و
پاشان گەڕاندیانەوە بۆی...
نازانێ ئەوەی ڕووی دا چی بوو و... چۆنیش ڕووی دا...
هەمیشە تۆقیوە...

حامید... دڵی موقتەدیر ئەخوێنێتەوە و... بە گوێیدا ئەچرپێنێ:
خەڵک برسی نەبوون و... نان لە بازاڕەکاندایە...
بیروبۆچوونەکانی حەللاجە... خەڵکەکەی بۆ شۆڕش هان دا...
بیروباوەڕەکانی ئەو... سەرچاوەی گڕی شۆڕشن...
گەر بۆ واسیت نەچوومایە و... دانەوێڵەم نەهێنایە...
هەموو کۆشکیان سووتاندبوو...

ترس لە دڵی موقتەدیردا... لەگەڵ لێدانیا لێ ئەدا...

حامید دانیشت...
پیاوەکانی... شەیتانن لە بەرگی بنیادەمدا...
یەکێکیان وتی: خۆم ئەخزێنمە زیندانەکەی حەللاجەوە و...
لە تاریکییا ئەیکوژم...
حامید نوقمی تێفکرین بوو...
پاش کەمێک بێدەنگی وتی:
گەر دوای شۆڕشی برسیەکان...
بیکوژن...
لایان ئەبێتە قارەمان...
بە گۆرانی...
"گۆرانی"یش ئەبێتە مایەی دالەرزینی عەرشەکان...

کاتی خۆی حەللاج... یەکەمجار...
کوڕەکەی داود بە تۆمەتی یەکبوون و حلول... دای بە دادگا...
ئەگەر کوڕەکەی سورەیج و فەتواکەی نەبووایە...
بۆ مەرگ هێندەی نەمابوو...
لە ئەهوازیش... بە هەمان تۆمەت دەستگیر کرا...
کوڕەکەی عیسا لەڕێی فەتواکەی ئیبنو سورەیجەوە
شمشێری لە ملی دوورخستەوە...
ئەتوانین هەر لەو شوێنەوەی مەسەلەکەی تیا ڕاگیراوە
تێهەڵچینەوە...
لە شیعر و قسەکانی حەلاجیشدا
بەڵگەی هەزاران تۆمەت هەن...

حەللاج زیندانییە و... وا لەناو دەستی خۆمانا...
نەسریش وەک جاران... بەرگریی لێ ناکا...
موقتەدیر... دڵی پڕە لە گومان...
موئنیس کە ئێستا لە بەغدا میری سوپایە...
هەڵوێستی لە پاڵ مندایە...
ئەمێنێتەوە کوڕەکەی عیسا...

حامید چوو بۆ لای زانا و قازیی پایەبەرز... ئیبنو موجاهید...
جێگرەوەی قازیی شافیعی... ئیبنو سورەیج...

جێگری وەزیر... عەلیی کوڕی عیسا...
لە لایەنگران و خۆشەویستانێتی...

حامید بە خاکەڕاییەوە... لە بەردەمی قازیدا وەستا...
ئیبنو موجاهید بەخێرهاتنی کرد...
ڕێزی لێ گرت...
لە مەبەستی سەردانەی پرسیاری کرد...
حامید وتی:
- گەورەم... ئەزانیت چەند بەڕێزیت لەلامان...
- ...
- هەروەها... ئەشزانیت چەند ڕێزی یاریدەدەرمان کوڕەکەی عیسا ئەگرین.
- ...

- هەمووشمان ئەزانین کوڕەکەی عیسا چەند ڕێزی بۆ ئێوە هەیە.

- کوڕەکەی عیسا... پیاوێکی چاکە...

- گەورەم... هەر لەبەرئەمە بۆ کارێک هاتووم بۆ لاتان کە خێری بۆ کوڕەکەی عیسا تیایە لەم دنیای و لەو دنیای و هەروەها خێری موسڵمانانیش.

- واتە بۆ خۆشتان...

- بۆ خەلیفەشمان... ئەمیری ئیمانداران موقتەدیر... خوا تەمەندرێژی بکا... لەگەڵ کوڕەکەی عیسادا تەنها لە شتێکدا ناکۆکین... ئەویش مەسەلەی حوسەینی کوڕی مەنسوری حەللاجە... کابرایەکە دژ بە شەریعەت و دینە... هەرچییەکی لەدەست هاتووە لەو ڕووەوە... وتوویەتی... هەرکاتێکیش ویستبێتمان لە پێناوی دینەکەی خوادا، بیهێنینەوە سەر ڕێی ڕاست... کوڕەکەی عیسا پاراستوویەتی...

- باشە، ئەتەوێ من چی بکەم، حامید؟!

- قسە لەگەڵ کوڕەکەی عیسادا بکەن... بەڵکو بە قسەکانی جەنابتان دڵی ڕۆشن ببێتەوە...

- سنوورەکانی شەرع ڕوونن... ئێمەش کار لەسەر گومان ناکەین... ئەگەر بەڵگەی ڕوونتان لایە، ئەوکات قسە لەگەڵ کوڕەکەی عیسادا ئەکەین و داوای لێ ئەکەین لایەنی هەق بگرێ...

دیوارێکی داخراو...

# پاش هەشت ساڵ...

ساڵ گەڕا و بوو بە سێسەد و نۆی کۆچی...
لەو ساڵەدا...
پیاوەکانی حامید کتێبێکیان دەربارەی تەفسیری قورئان دۆزییەوە
کە حەللاج تیایدا باسی گەلێ خواوەندی کردووە...
وتیان:
ئەم کتێبەمان لە ماڵی محەمەدی قینائی دۆزیوەتەوە
کە قوتابی و شوێنپێهەڵگری حەللاجە...

حامید پیاوەکانی بۆ ئەوێ نارد...
چوونە ناو ماڵی قینائی...
هەندێ ئەوراق و نامەیان دۆزییەوە کە گوایە حەللاج نووسیونی و...
تیایانا دژ بە یەکتایی خوا کۆمەڵێک بۆچوون نووسراوە...

حامید کتێبەکە و ئەوراقەکانی ڕەوانەی جێگرەکەی، واتە کوڕەکەی عیسا کرد...
لەگەڵیشیا، قوتابییەکەی حەللاج، محەمەدی قینائیی نارد...
ئەمە حەللاجەکەتە کە ئەیپارێزیت...

کوڕەکەی عیسا دەستی بە خوێندنەوەیان کرد...
کفر و بێباوەڕییەک کە بەسەر زماندا نایەن...
هەشتا زللەی لە محەمەدی قینائی دا و... زیندانی کرد...

موقتەدیر زانیی...
فەرمانی بە حامید دا کە زیندانییەکە وەربگرێ...
لەگەڵ کتێب و ئەوراقەکانا...
لە مەسەلەی حەللاج و لایەنگرەکانیشی... بپێچێتەوە...

حامید سەربازی خۆی نارد...
حەللاجی لە زیندانەکەی خۆیەوە بۆ زیندانێک گواستەوە
کە لە ماڵەکەی خۆیدا بوو...
دەستەکانی لێک خشاند...
نێچیرەکە وا لە قەفەسدا...
دادگای بۆ ڕێکئەخەم و کۆتایی پێ ئەهێنم...

هەر قازییەکی شافیعی
بیەوێ بۆ فەتواکەی ئیبنو سورەیج بگەڕێتەوە تا خوێنی حەللاج بپارێزێ...
دووری ئەخەمەوە لە دادگا...

حامیدی وەزیر دوو قازیی بانگ کرد...
ئەبوعومەری حەمادیی... مالیکی و...
ئەبو جەعفەری کوڕی بەهلولی... حەنەفی...
وتی: کۆمەڵێک نامە و ئەوراقمان دۆزیوەتەوە
کە حەللاج نووسیونی...
تیایاندا باس لە زاتی خودایی و... یەکبوون و حلول ئەکا...
ئەم کابرایە زندیقێکە ئەیەوێ شەرعی خوا تێکبدا...
فەتوای خۆتانم لە سەری بدەنێ...
ئەبو جەعفەری کوڕی بەهلول وتی:
ناکرێ هیچ قسەیەک بێ بەڵگە و بێ دانپیانانی تۆمەتبار قبووڵ بکرێ...
ئەگەر دانی پیادا نا کە باوەڕی بەوە هەیە، چون خەڵکی کفر ئەبینن و باوەڕی پێ ناهێنن...
ئەگەر وتی ئەمە شتێکە گێڕاویەتیەوە و باوەڕی پێ نییە...
ئەوا هیچی لەسەر نییە...
ئەگەر وتی باوەڕی بەوە هەیە کە نووسیویەتی... داوای تۆبەی لێ ئەکرێ...

گەر تۆبەی کرد... هیچ شتێکی لەسەر نامێنێ...
گەر نەشیکرد... ئەوکات بڕیاری کوشتنی ئەدرێ...

ئەبو عومەری حەمادی... قسەکانی پێ بڕی:
نەخێر... ئەبێ بکوژرێ... لە ئایینزاکەی ئێمەدا
تۆبەی زندیق قبووڵ ناکرێ...
حامید لە خۆشییانا... شاگەشکە بوو...
ئەبو عومەری حەمادی... ئەو کەسە بوو کە ئەم بەدوایدا وێڵ بوو...

دادگا

لەسەر کۆمەڵێک فەرشی گرانبەها و
لە شوێنێکی بەرزدا...
دانیشتوون و پاڵیان داوەتەوە...
دوو ڕیزن بەرامبەر بە یەک...
لە ناوەڕاستی یەکێکیاندا... گەورەی قازیەکان... ئەبو عومەری
حەمادی دانیشتووە و...
حامیدی کوڕی عەباسی وەزیریش وا لە بەردەمیدا...
سوور بوو لەسەر ئەوەی دادگاییەکە لە ماڵی ئەواندا بکرێ...
نەک لە دادگا یاخود لە مزگەوتی گەورە...
بە شێوەیەکی داخراو و ئاشکرانەکراو...
حامید لە ناوەڕاستا دانیشتووە...
لەلای ڕاستی حامیدەوە... فەرمانبەرێکی سەربازیی پلەبەرزە...
کە سەرۆکی پاسەوانە تایبەتەکانی خۆیەتی...
لای چەپیشی... فەرمانبەرێکی دارایی گەورەیە...
پاشان کاتبی خەلیفە... کە کاتبی دانیشتنەکەشە...
لە ڕیزەکەی ئەوبەر و... لە ناوەڕاستدا...
ئەبو عومەری حەمادییە...
لای ڕاستییەوە... قازیی حەنەفی... ئەبو حوسەینی عومەری کوڕی

ئەشنانییە... لەبری قازی جەعفەری کوڕی بەهلول کە حامیدی وەزیر لەسەر کار لای دا... کوڕەکەی ئەشنانیی لە شامەوە هێنا... ئەو کابرایەی کە بە دینی دنیا ئەکڕێ و هەڵوەدای پلە و پایەیە و... ئەمڕۆش ئەبێ نرخی ئەو پلەپایەیە بدا... کە خوێنەکەی حەللاجە...

حامید حەنبەڵیەکانیشی دوورخستەوە، لەبەرئەوەی لە ململانێیەکی ئاشکرادان لەگەڵ دەوڵەت...

لەوپەڕی هۆڵەکە شایەتەکان دانیشتوون...

قازییە مالیکییەکان... حەمادی هەڵیبژاردوون...

کۆمەڵێ بازرگانی قۆرخکار و باجگر... حامیدی وەزیر هێناونی... لەوانە... فلفل... کە بازرگانێکی قۆرخکاری گەنمە لە بەغدا و پانزدە ساڵە ئەوە پیشەیەتی... کابرایەکی دزە... وەزیر ئیبنو فورات ناردی بۆ عومان تا کۆمەڵێ ئەنتیکەی گرانبەها لە ماڵی میر ئەحمەدی کوڕی هیلال بدزێ و پاشان بە دیاری بیدا بە خەلیفە...

ئیبنو عەبدولسەلامی ئیبنو فورات...

کارمەندێکی متمانە پێنەکراو و ناپاک... ئەبولسائیب عوتبە...

هەروەها چەند فەقیهێکی ڕێبازی ڕواڵەتپەرستی...

لە شوێنکەوتووانی فەقیهـ محەمەدی کوڕی داود... عاشقەکەی محەمەدی کوڕی جامیع...

زرەی زنجیر بێدەنگییەکە ئەشکێنێ...

هەموو کپ و خاموش ئەبن...
زنجیرەکە بەسەنگینی هەنگاو ئەنێ...
حەللاج دێتە ناو هۆڵەکە...
هەق هەیبەتی خۆی هەیە...
نە دەنگێ... نە دەنگدانەوە...
تەماشای حامید ئەکا...
ڕووی وەرئەگێڕێ...
ئینجا سەیری ئەبو عومەری حەمادی ئەکا...
بۆ تاوێک سەرنجی ئەدا...
پاشان ئاوڕ ئەداتەوە و ئەڵێ... قسە بکەن...
وەک ئەوەی ئەم فەرمان بدا
دادگاییەکە دەست پێ بکا...
مقۆمقۆ لە هۆڵەکەدا دروست ئەبێ...
وەک ئەوەی حەپەسابن لەو شتەی کە ڕووئەدا...
حەمادی بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و وتی:
لەسەر ئەو کاغەزانەی بەردەمت
باوەڕت بە چییە بینووسە...
حەللاج کەمێ لێی وردبۆوە...
دەستی دایە قەڵەمەکە و...
کردی بە مەرەکەبەکەدا...
ئەوەی ئەینووسی بە دەنگی بەرزیش ئەیوتەوە:
بسم الله الرحمن الرحیم...
والصلاة و السلام علی سیدنا محمد رسوله الکریم و علی آله و
صحبه و اجمعین...

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە زاتێکی تایبەتی هەیە و سیفاتی لە سیفاتی هیچ ئافەریدەیەکی تر ناچێ، نە ئەو لە هیچ ڕوویەکەوە لەوان ئەچێ و نە ئەوان لە هیچ شتێکدا لەو ئەچن... چۆن ئەکرێ لێکچوون لەنێوان لەمێژینە و تازەئافەریدەدا هەبێت؟

وردەوردە دەنگی حەللاج کز ئەبێ و دیارنامێنێ...
ئەنووسێ و...
لەگەڵیدا...
مێژوو و مێژوونووسان...
قازی و شایەتەکان...
ڕیوایەتنووس و هاوچەرخان... بێدەنگ ئەبن...
کەس نازانێ حەللاج خەریکە چی ئەنووسێ...

ئەگێڕنەوە...
ئەوراقەکانی دا بە قازی حەمادی...
ئەویش شتێکی لێ خوێندنەوە و پاشان وتی...
ئەمە کفرێکی ئاشکرایە...
ئەوراقەکانی دا بە یاریدەدەرەکەی...
ئەویش خوێندییەوە و وتی... ئەمە زەندەقەیە...
قازی ئەشنانییش هەر وای وت...
ئینجا شایەتەکان خوێندیانەوە...
یەکێکیان وتی:
مەگەر تەنها ئیبنو عەتا باوەڕی بەمانە هەبێ...

حامید هاواری کرد: ئیبنو عەتا؟!
دەبا شایەتیی خۆی بدا و ئەوراقەکان ئیمزا بکا...

ئەوراقەکان نێردران بۆ فەقیهی زانایانی حەنبەڵی ئەبو عەباسی ئیبنو عەتا...
خوێندنیەوە و لەسەری نووسین: ئەمە باوەڕێکی تەواوە...
منیش هەمان باوەڕم هەیە...
ئەوەی ئەم باوەڕەشی نەبێت، واتە بێباوەڕە...
کاتبەکەی دادگا بە دەنگێکی بەرز نووسینەکەی ئیبنو عەتای خوێندەوە...
حامید بە چەشنێ تووڕە بوو... ئاگری ئەکردەوە...
ناردی بە شوێن ئیبنو عەتادا...
لە دڵی خۆیشیدا بڕیاری دابوو... دادگاکە پڕ کا لە تۆقین...

ئیبنو عەتای شەهید

بە شکۆیەکەوە خۆی کرد بە ژوورا...
لە بەشی پێشەوە دانیشت...
حامید بە تەوهینەوە لێی پرسی:
ئەمە خەتی تۆیە؟...
وتی: بەڵێ...
حامید کە لە تووڕەییدا هەڵئەلەرزی، لێی پرسی:
ئەو بیروباوەڕە  بە ڕاست ئەزانیت؟

ئیبنو عەتا بۆنی ئەوەی کرد کە پیلانێ بۆ کوشتنی حەللاج دانراوە...
ئەم پیاوە ساف و دڵپاک و پەرستیارە بە سەنگینییەکەوە وتی:
حامید چیت داوە لەم پیاوە؟! ئەوە تۆیت کە ماڵومولکی خەڵکی ئەبەیت و
ستەمیان لێ ئەکەیت و ئەیانکوژیت...
ئینجا پەنجەی بۆ حەللاج درێژ کرد و وتی:
چیت داوە لەم پیاوە بەڕێزانە؟!

حامید بەسەر سەربازەکانیدا هاواری کرد:
ئادەی بکێشن بە دەمیدا...
ئەبو عەباسی ئیبنو عەتا وتی:
خودایا... ئەمە سزای ئەوەیە هاتمە لای حامید...
پاسەوانەکان شاڵاویان بۆ برد و کێشایان بە شەویلگەیدا...
حامید هاواری کرد:
مێزەرەکەی لێ بکەنەوە و بکێشن بە تەوقی سەریدا...
لێیان دا و هەر لێیان دا... تا خوێن لە لووتی بەربوو...
حامید قیژاندی:
بیبەن بۆ زیندان...
پیاوێکی بە گوێیدا چرپاند:
قوربان خەڵک هان ئەدا لێمان...
ئەویش وتی:
بیبەنەوە ماڵی خۆیان...
هەڵیانگرت...
ئیبنو عەتا دەستی بەرزکردەوە و نزای کرد...
خودایا پیسترین کوشتن بە نسیبی بێ...
دەست و قاچی بە بڕین چێ...
نزای ئەم ستەملێکراوە لەلای خودا پارێزرابوو...
دوای حەوت ڕۆژ ئیبنو عەتا مرد...
ئەو پیاوێکی ڕەند و خوداپەرست بوو...

# پیلان

حامید بیری کردەوە...
دادگاییەکە درێژە ئەخایەنێ...
تا درێژەش بخایەنێ... مەترسیمان زیاتر ئەبێ...
حەللاج لایەنگری زۆرن...
لەبەرئەوە...
ئەبێ ڕایکێشینە ناو ململانێی نوێی وەها
خۆیشی سەری لێ دەرنەکا...
ئەو ئێمە بەرەو ڕووناکی پەلکێش ئەکا...
ئێمەش ئەو بەرەو تاریکی...
لە تاریکییا پیلان سەرئەگرێ...

لە دەرگا ئەدرێ...
دەرگاکە والا ئەبێ...
پیاوێکی حامید دێتە ژوورەوە...
لەگەڵ خۆیدا...
کچێک و پیاوێکی هێناوە...
سوممەری و کچەکەیەتی...
دوو شایەتی بەکرێگیراوی حامید...

حامید لە کچەکە ڕاما...
لاو و جوانە...
بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وت:
حەتمەن حەللاج دەستدرێژیی کردوویتە سەر...
چونکە تۆ لە ماڵەکەی ئەودا... ماوەیەک ماویتەتەوە...
کچەکە لە پەیامەکەی حامید... تێگەیشت...
سەری لەقاند...
حامید زەردەخەنەی هاتێ...
تەماشای سوممەریی کرد:
- تۆ لە شوێنکەوتووانی حەللاج بووی؟
- بەڵێ گەورەم.
- لە دژی هەڵگەڕایتەوە؟
- دیارە بە ناوی کەراماتەوە... بە جۆرە سیحرێک... فریوی داویت...

تاریکی باڵی بەسەردا کێشان...
لێ ئەوان هێشتا... هەر بەردەوام بوون لە چرپەچرپیان...

بۆ بەیانی...

حامید لە دادگاکە وتی...

با شایەتەکان بێن...

سوممەری هات...

حامید لێی پرسی:

- تۆ قەت لەگەڵ حەللاجدا بووی؟

- بەڵێ.

- ئادەی شتێکمان بۆ باس بکە.

- من لە فارس لەگەڵیدا بووم. جارێکیان بۆ شوێنێک ئەچووین، لە ڕێگا بووین، پێم وت حەزم لە خەیارە. بە سەرسوڕمانەوە وتی لەم شوێنەدا و لەم کاتەدا؟! وتم ئیتر حەزە و ئەیکەم... دوای چەند سەعاتێ ڕێکردن، سەرلەنوێ لێی پرسیمەوە: ئێستاش هەر حەزت لێیەتی؟ وتم: بەڵێ. چووینە بناری چیایێ، هێشتا بەفر دایپۆشیبوو. دەستی کرد بە بەفرەکەدا و خەیارێکی لێ دەرهێنا. وتی: هانێ...

حامید پرسیی:

ئەی تۆ خواردت؟

لەمەدا سوممەری هەڵەی کرد... دەبوو بیوتایە نەخێر... چونکە ئەو شتەی ساحیر وەکو وەهمێ پەیدای ئەکا... نە دەستی لێ ئەدرێ... نە ئەخورێ... کەچی ئەو بەبێ تێفکرین، وتی:

- بەڵێ.
حامید تووڕە بوو و قیژانی:
- درۆ ئەکەی، کوڕی قەحبە.
پاسەوانەکانی حامید دەستیان کرد بە تێهەڵدانی و لەوێ بردیانە دەرەوە...
ئینجا کچەکەی سوممەری هاتە ژوورەوە... وتی:
- کاتێ باوکم بوو بە شوێنکەوتووی ئەو، بردمی بۆ لای... دیارییەکی زۆری دامێ و بەڵێنی پێ دام لە سولەیمانی کوڕی مارەم کا، کە ئەو دەمە لە نیشابوور بوو... حەللاج ئامۆژگاریی کردم و وتی: هیچ ژن و مێردێک نییە بێ کێشە بن. ئامۆژگاریی ئەویشم کردووە کە ئاگای لێت بێ... گەر شتێک ڕووی دا لە نێوانتاندا تۆ پێت خۆش نەبوو... هەر ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بە و دەمەوئێوارە بچۆرە سەربان... ڕۆژووەکەت خوێی کوتراو بێ و پێشوازی لە من بکە و ئەوەی پێت ناخۆش بووە لەو، بۆمی باس کە... من گوێی لێ ئەگرم و ئەبینم...

هەروەها... شەوێکیان... من لەگەڵ کچەکەیدا لە سەربان خەوتبووین... هەستم کرد یەکێک نوشتاوەتەوە بەسەرمدا... لە ترسانا داچڵەکیم و وتم ئەوە خەریکی چیت؟ وتی: هاتووم تا بۆ نوێژ بەئاگات بێنمەوە...
کاتێکیش بەیانی بۆوە، لەگەڵ کچەکەیدا لە سەربان چووینە خوارەوە...
کاتێ گەیشتینە سەر قادرمەکە... هەم ئێمە ئەومان ئەبینی... هەم ئەو ئێمە... کچەکەی وتی:

دەی سوژدە بۆ باوکم ببە...
منیش وتم: سوژدەبردن هەر بۆ خوایە...
حەللاج لە وەڵامدا وتی: بەڵێ وایە...
خوایەک لە ئاسمان و خوایەک لە زەوی...
ئینجا بێدەنگ بوو...

حەللاج کەوتە دوو:
ئەوەی لاف لێ ئەدا ئەبێ بەڵگەی ڕوونی پێ بێت...
ئەوەی نکوولییش ئەکا، سوێندنی لە سەرە...
سەبارەت بە من... سوێند ئەخۆم شتی وا نەبووە...
ئەی تۆ بەڵگەی ڕوونت پێیە؟
کچەکە زمانی تەتەڵەی کرد...
نەیدەزانی چی بڵێ...
قازییەکان بۆیان دەرکەوت... درۆ ئەکا...

بەڵگەی بە بەڵگە وەڵام ئەدایەوە و...
درۆش بە ڕاستی...
وەک چیایەک... خۆڕاگر بوو...

دادگاییەکە درێژەی کێشا...
ڕۆژ ئەهات و ڕۆژ ئەڕۆیی...
هەموو ڕۆژێ...
پیاوەکانی حامید و چاوەکانی...
بە کۆمەڵێ ئەوراقەوە... خۆیان ئەکرد بە ژوورا...
لافی ئەوەیان لێ ئەدا... ئەوراقەکان
هی یەکێکە لە شوێنکەوتووانی...

ئەوە ناگێڕنەوە...
کە دەرگاکانی دادگا داخرابوون...
هەر بە تەنها... لایەنگرانی حامیدی وەزیر ئامادەی ئەبوون...
ئەوەش ناگێڕنەوە...
کە پەردەی پەنجەرەکانیش دادرابوونەوە...
کەس لە دەرەوەی هۆڵەکە... ناو دادگاکەی نەئەبینی...
تەنانەت تیشکی هەتاویش... بۆی نەبوو بێتە ژوورەوە...

ئەوەش ناگێڕنەوە...
ژمارەی سەرباز و پاسەوانەکانی حامید
لە ژمارەی قازی و شایەتەکانیش... زۆرتر بوو...

ئەڵێن گوایە ڕۆژێکیان...
چاوەکانی حامید و سیخوڕەکانی
وەک ئەوەی لە کلۆرەداردا... هەنگوینیان دۆزیبێتەوە...
چەند پەڕەیەکی کتێبێکی حەللاجیان هێنا و
خستیانە بەردەستی حامید... ئەڵێن گوایا وتوویەتی:
"ئەگەر کەسێ ویستی بچێ بۆ حەج و نەیتوانی، ئەتوانێ لە ماڵەکەی خۆیدا ژوورێکی پاک تەرخان بکا، کە کەس هاتوچۆی تیا نەکا، وەختێ کە مەوسیمی حەج هات، وەکو مەککە، حەوت جار بە دەوریا تەواف کا، ئینجا ئەو ڕێوڕەسمیانە ئەنجام بدا کە لە مەککە ئەنجامی ئەدەن، پاشان سی هەتیو کۆبکاتەوە و باشترین خواردنیان بداتێ و خۆی خزمەتیان بکا. کاتێ لە نانخواردن بوونەوە و دەستیانی شت، کراسێ بکاتە بەری هەریەکێکیان و هەریەکە حەوت درهەمیشیان بداتێ...
کە ئەوەی کرد بە حەج بۆی ئەژمێردرێ..."

پیاوێک سێ جار چووبێ بۆ حەج...
مێزەری کردبێتە سەر...
چەند ساڵ نزیک کەعبە بووبێ...
بەڕۆژوو بووبێ...
نوێژی کردبێ...
شەوانە سەرگەرمی دووعا و نزا بووبێ...
چۆن نکووڵی لە حەج ئەکا...

ئەمە گومانێکی قەرمتیانەیە...
حامید و پیاوەکانی وا ئەگێڕنەوە و...ئەڵێن...
حەللاج دانی بەوەدا ناوە کە لە کتێبەکەیدا هاتووە و
سەرچاوەی ئەو قسەیەشی گەڕاندۆتەوە بۆ ئیمامی گەورە و
زاهید حەسەنی بەسری... لە کتێبی "ئیخڵاس"دا...

مێژوونووسان و پیلانگێڕان درۆ ئەکەن...
بیریان چووە... حەسەنی بەسری کتێبی نییە بە ناوی
"ئیخڵاس"ەوە
قازی ئەبو عومەری حەمادی وەڵامی حەللاج ئەداتەوە...
ئەی خوێن حەڵاڵ... ئێمە کتێبی "ئیخڵاس"ی
حەسەنی بەسریمان لە مەککە خوێندۆتەوە...
شتێکی لەو جۆرەی تیا نییە...
ئەو قازییەش درۆی کرد...
چۆن کتێبێکی خوێندۆتەوە کە لە بنەڕەتا بوونی نییە...

ئەگێڕنەوە...
حامیدی کوڕی وەزیر بە قازیی وت:
ئەوەی وتت بینووسە...
قازی لە حامید ترسا و نووسیی:
"ئەی خوێن حەڵاڵ... ئێمە کتێبی "ئیخڵاس"ی حەسەنی
بەسریمان لە مەککە خوێندۆتەوە...
شتێکی لەوجۆرەی تیا نییە..."

حامید بە هەڵەداوان... پڕی بەو وەرەقەیەدا کرد و...
لە دەستی قازیی ڕاپسکاند...
لەبەرچاویدا ڕایوەشاند...
ئەبو عومەر... ڕشتنی خوێنیت حەڵاڵ کرد...
ڕشتنی خوێنیت حەڵاڵ کرد...
قازی سەیری حامیدی کرد...
پریشکی خۆشی لە چاوی ئەباری...
لە گورگێک ئەچوو... دەمی لە خوێندا سوور بووبێ...
حەمادی... لە ترسانا هەڵئەلەرزی...
نە وەڵامی دایەوە... نە هیچی وت...
دەمی لە ئاست ئەو تاوانە قێزەونەدا نووقاند...
حامید وتی: بنووسە...
"... خوێنی حەڵاڵە و کوشتنی واجبە بەبێ هیچ لێبوردنێک،
ئەم بڕیارە لە دانیشتنێکدا درا بە ئامادەبوونی وەزیر
ئەبو محەمەدی حامیدی کوڕی عەباس... خوداش شایەتی
هەمووشتەکانە...
شایەت: ...

قازی ئیمزای کرد...
بە دوای ئەویشدا... یەکەیەکە شایەتەکان ئیمزایان کرد...
حەللاجیش هاواری ئەکرد...
پشتم پارێزراوە و خوێنم حەرامە... ڕەوا نییە بۆتان بە جۆرێک
قسەکانم لێکبدەنەوە کە خوێنم حەڵاڵ بکات، لەکاتێکا

بیروباوەڕم ئیسلامە و ئایینزام سوننەیە و کەسانێکی وەکو ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و تەڵحە و زوبێر و سەعد و سەعید و عەبدولڕەحمانی کوڕی عۆف و ئەبو عوبەیدەی جەڕاحم لا پەسەندە... کۆمەڵێک کتێبم سەبارەت بە سوننە نووسیوە کە لای کتێبفرۆشەکان دەست ئەکەون... خوا، خوا لە خوێنی مندایە...

هاوار ئەکا...
ئیمزا ئەکەن...
کۆتایی بە دانیشتنەکە ئەهێنن...

حەللاجیش بەرەو زیندان ئەبرێ...

یارییەکە تەواو بوو...
مەرگ میوانێکە و لە دەرگا ئەدا...
پێویستە بە دەنگیەوە بچم... دڵم خۆش بێ بە ژوانی
خۆشەویست...
پەیامبەر وتوویەتی...
ئەگەر ڕۆژی قیامەتیش نەمامێک لە دەستی یەکێکتاندا بوو...
با بینێژێ...
منیش نەمامێکم لەدەستدایە و... وا ئەینێژم...

حەللاج داوای کرد خەلیفە ببینێ...

موقتەدیر لەنێوان دوو دەنگدا... دوودڵ بوو...
دەنگێک کە لە حەللاج و بانگەشەکەی وریای ئەکاتەوە...
دەنگەکەی ناو ناخی خۆیشی... کە حەللاج بە پیاوێکی ڕاستگۆ
و سەنگین ئەزانێ...
لەنێوان ئەم دوو دەنگەدا ون بووبوو...
ئەترسا لەوەی حەللاج داوای لێ بکا بیبەخشێ...
بیری کردەوە... ئەی بۆ نا...
گەر ژیانی بدەمەوە... ئیتر بۆ هەتاهەتایە بێدەنگ و...
گوێڕایەڵ ئەبێ...
بڕیاری دا کە بیبینێ...
حامید وتی ئەیەوێ لەو بینینەدا لەگەڵیا بێ...

خەلیفە داواکەی قبووڵ کرد...
سڵاوتان لێ بێ...
موقتەدیر وەڵامی دایەوە:
سڵاو و ڕەحمەتی خوا لە ئێوەش...
لە حەللاج ڕاما...
شاخێکی گەردنکەش...
سەربەرز و... بەژن زڕاڤ... گەرچی درێژ نییە...
حەللاج وتی:
ئەم میللەتە ئەمانەتە لە دەستی ئێوەدا و... وەکو ئەشزانن...
هەریەکەتان بەرپرسە لە ڕەعیەتەکەی خۆی...
خیلافەت... بەخششی خوایە...
زەکاتەکەی... ئەنجامدانی هەقەکەیەتی...
هەقەکەشی... دامەزراندنی عەدالەت و ڕێنمایی میللەتە...
کەسانی باش لە چواردەوری خۆت دابنێ و...
گەندەڵ و خراپەکاران لە خۆت دووربخەرەوە...
چونکە ئەوانەن کە تۆ بۆ ئاگر و میللەتیش بەرەو فەوتان ڕاپێچ ئەکەن...
موقتەدیر... بێ ڕا و تەگبیر وتی:
وامزانی داوام لێ ئەکەیت بتبەخشم...
حەللاج بە ئیرادەیەکی قایمەوە وتی:
تۆ نێوەندیت، فەرمان و ئیرادەی خوا بەسەر بەندەکانیدا جێبەجێ کە...
من داوای هیچت لێ ناکەم، بەڵام منیش ئەو شتە ئەڵێمەوە کە ئیبراهیمی خەلیل وتی...

دروودی خوای لێ بێت... من ڕووم کردۆتە ئەوەی کە بە دروستی ئەم زەمین و ئاسمانانەی خولقاندووە و، من باوەڕم بە یەکتایی خوا هەیە...

حەللاج چووە دەرەوە...
لەکاتێکا ئەوان بێدەنگ بوون...

سەری حەللاج وا لەناو دەستی منا...
سەرێکی بێ جەستە...
شمشێر لە کێلان هاتۆتە دەر و...
شمشێروەشێنیش چاوەڕێ ئەکا...
حامید وەستا و بیری کردەوە...
بۆچی خەلیفە هەر وەڵامی نەدامەوە!
من هەواڵی هەموو ئەو شتانەم دایێ کە لە دادگاکەدا ڕووی دا...
حوکمی قازیەکانیشم بۆ نارد... سەبارەت بە مەرگی حەللاج...
تا ئێستا... کیتابەکەی ئیمزا نەکردووە...
لەوانەیە دوودڵ بێ...

بە پیلان ئیبنو عەیاشی قازیم نارده لای و پێی وت:
ئەی ئەمیری ئیمانداران... ئەم پیاوە بمێنێتەوە، شەریعەت
ژێرەوژوور ئەکا و
خەڵکی لەسەر دین لائەبا و
ئەمانەش ئەبنە مایەی لەدەستدانی دەسەڵاتت...
لەبەرئەوە... لێم گەڕێ با بیکوژم...
موقتەدیر ئەو قسەیەی بیست، وەلێ گوێی بۆ شل نەکردبوو...
قازی هەستی بە ترس و دوودڵیەکەی کرد... تەواوی کە...
ئەگەر دووچاری شتێک بوویت، من بکوژە...
موقتەدیر ئەو قسەیەی بیست، وەلێ گوێی بۆی شل نەکردبوو...
کەنیزەکە ڕۆمیەکەی وای لێ کردبوو... ئاگای لە دەوڵەت و
دەسەڵات نەمابوو...

ڕەنگە هۆکە دایکیشی بێ...
پێی وتبێ...
"کوڕم لە خوێنی ئەو شێخە پیاوچاکە
ترس لە تۆ دایگرتووم..."
ئەو ڕۆژەی دەربارەی حەللاج نامەم بۆ نووسی...
یەکسەر "تا" گرتی...
پێشبینیی خراپی کرد و ترسا...
دایکیشی... هەر ترس دایگرت...
لەوانەیە دوودڵ بێت...
ئەم پیاوچاکە... گەر لە ژیانا بمێنێ...
هەموومان تیا دەچین و بگرە موقتەدیریش...

دوای سێ ڕۆژ تاکە بەری دا... بۆم نووسی:
ئەوەی لە دادگا ڕووی داوە...
لەناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە و باوە...
گەر بێتو حەللاج نەکوژن،
خەڵکی هێندەی تر پێی سەرسام ئەبن...
تەنانەت دوو کەس چییە، لەسەری ناکۆک نابن...
هەر وەڵامی نەدامەوە...
سەرلەنوێ نامەم بۆ نووسیەوە...
"فەقیهەکان فەتوای کوشتنیان داوە...
کفر و جادووی ئەم پیاوە تەواو تەنیوەتەوە...
گەر ئەمیری ئیمانداران بەپێی فەتوای فەقیهەکان

فەرمانی کوشتنی حەللاج دەرنەکا...
خەڵکی هەموو شەیدای ئەبن
دژ بە خوا و پەیامبەرەکەی ڕائەوەستن..."

وەڵام دواکەوت...

ئەمڕۆ...
کۆشک جوانترین بەرگی ئەپۆشێ... خۆی ئەڕازێنێتەوە...
مێزەکان بە ڕەنگی جۆراوجۆرەوە ڕیز ئەبن...
خەلیفە پێشوازی لە دووان لە پیاوانی ئەکا...
موئنیسی قوشوری و نەسری قوشوری...
نازناو و ڕیشەی یۆنانی، ئەم دووانە کۆئەکاتەوە
وەلێ ئەرزش و بەها، لێکیان جوێ ئەکاتەوە...

نەسر...
خواناسێکی پیاوچاک...
داوای کرد کە باج نەمێنێ...
لێ گرەوەکانی وەکو گرەوی گشت پیاوێکی باش...
چارەنووسی ناکامییە...
ئەو دەنگی حەللاج... دووپات ئەکاتەوە...
موقتەدیر زەردەیەکی هاتێ و لە دڵی خۆیدا وتی...
حەللاج ئەیەوێ منیش وەک عومەر
جلی پڕ پینە و شڕ بکەمە بەر...
یان وەکو عەلی... پێخۆری نانم سرکە بێ...
ئەم حەللاجە چەند بەسزمانە!!
ئەیەوێ خەلیفە بە چەند نانێکەوە شەوانە...
کووچە و کۆڵانی بەغدا بگەڕێ و
دابەشیان بکا... بەسەر هەژارانا...

موئنیس بۆ خەلیفە ئەمەکدارە...
لایەنگری حامیدە و
توانای هەیە... ئاسایش بۆ بەشی خۆرهەڵاتی دەوڵەت دابین بکا...
مێزی سیاسەت... لە تەختی شەترەنج ئەچێ...
خەلیفە دانیشت...
دوو یاریزانیش بەرامبەری...

هەڵبژاردنەکە پێویست بە تێفکرین ناکا...
موقتەدیر هەموو تەمەنی
لەناو کەنیزەکەکانی کۆشکدا بەسەربردووە...
ڕۆژێک چییە... نە برسی و نە بێ بەرگ بووە...
بە زەردەخەنەیەکەوە... ئاوڕی لە موئنیس دایەوە:
داوای بەخشینی کوڕەکەی ئەبو ساج ئەکەی
لەکاتێکا ئەو دژ بە ئێمە یاخی بوو؟
موئنیس وتی:
چاومان لە دڵفراوانیی جەنابتانە
ئەو لەو کارەی کردوویەتی، پەشیمانە...

موقتەدیر بیری کردەوە...
مادامەکی بڕیار وا لە دەستی خۆما...
بۆچی کەمێ گاڵتە نەکەم...
ئاوڕی بۆ نەسر دایەوە...
بۆچوونی تۆ چییە نەسر؟

بەرلەوەی نەسر وەڵام بداتەوە
خەلیفە دەستی بەرز کردەوە...
مستی کردەوە... وەک ئەوەی شتێک ببەخشێ و پێکەنی...
وا لەبەر تۆ بەخشیم موئنیس...
لە بەرەی خۆرهەڵاتیش دایئەنێین...
بەڵکو بتوانێ...
سەری "ئەخ سەعلوک"، هاوڕێکەی نەسر بهێنێ...
نەسر دڵی دالەرزی...
ویستی بەسەر خۆیدا زاڵ بێ... بە بێدەنگی...
چاوەڕوانی خراپتر بوو...
هەرواش دەرچوو...
دەرگاوان هاتە ژوورەوە و کیتابەکەی حامیدی وەزیری پێ
بوو...
ئەو کیتابەی قازییەکان... حوکمی کوشتنی حەللاجیان تێدا
دابوو...
خەلیفە کیتابەکەی خوێندەوە... زەردەیەک کەوتە سەر لێوی...
کیتابەکەی ئیمزا کرد و... وەک ئەوەی بڵێ...
ئەوەی شیرینیی ناڕەوایی چەشتبێ...
بەڕێی تاڵی هەقدا ناڕوا...

فوو بە کەڕەنادا کرا...
وەک ئەوەی شەڕ ڕاگەیەنرێ...
حامید هەڵوەستەیەکی کرد...
زانیی کە شتێک قەوماوە...
دیارە خەلیفە کیتابەکەی ئیمزا کردووە...
ترپەی دڵی زیای کردووە...
تەماشای داڵانەکەی کرد...
دەرگاوانەکەی کۆشک بوو... کیتابەکەی لەدەستا بوو...
بە گورگەلۆقە بەرەوڕووی ئەهات...
پەنجەکانی وەزیر... کێبەرکێیان لەگەڵ دڵی و زەمەنا ئەکرد...
چاوەکانی بە بەینی دێڕەکانا ڕایان ئەکرد...
"ئەگەر قازییەکان فەتوای کوشتنیان دابێ و خوێنیان حەڵاڵ کردبێ، ئەوا محەمەدی کوڕی عەبدولسەمەدی بەرپرسی پۆلیس ئامادەکە، حەللاجی ڕادەست بکەن باهەزار قامچیی لێ بدرێ، ئەگەر لەژێر زەبری ئەو قامچیانەشدا نەمرد، ئەوا سەری بپەڕێنرێ"
وەزیر هاواری کرد...
ئادەی محەمەدی کوڕی عەبدولسەمەدم بۆ بێنن...

بەپرسی پۆلیس کیتابەکەی خوێندەوە...
لەسەرخۆ لوولی کردەوە...
تێهزری...

کێ ئەڵێ لایەنگرانی حەللاج خەریکی تەگبیری شتێک نین و
ئێمە ئاگامان لێ نییە...
وەزیر لێی ورد ئەبۆوە و گوێی ئەگرت...
ئینجا وتی...
حەللاج لەلای خۆت دابنێ...
کاتێ بوو بە ئەنگوستەچاو... کۆمەڵێ پیاوت بۆ ئەنێرم...
جلی مەیتەر بکەرە بەر ئەمانە و ئەوانەی خۆیشت...
حەللاجیش بە هەمان شێوە...
ئینجا هەموویان سواری هێستر کە... بە جۆرێ نەناسرێنەوە...
با سەرباز و تاریکی دایانبپۆشێ...
لەگەڵ ئەستێرەی شەودا بگەنە لامان...
پاشان... دەمەو بەرەبەیان...کاری خۆمان ئەنجام ئەدەین...
وەزیر بە پەنجە ئاماژەی بۆ کرد و وتی:
تەنانەت گەر وتی ئاوی هەموو فوراتت بۆ ئەکەم بە ئاڵتوون و
زیو... دەست هەڵنەگرن لە لێدانی...

شەوی دووشەممەی... بیست و سێی زولقەعدەی
ساڵی سێ سەد و نۆی کۆچی...
لەگەڵ ئەستێرەکانی پاش شێواندا...
کاروانەکە گەیشتە
ئەنجومەنی پۆلیس لە کەرتی خۆرئاوای بەغدا...

**تەمەن ئەڕوا**

زیندان...
ژوورێکی تەنگ...
چوار دیواری کەڕ... پەنجەرەیەک...
هەنگاوێک چووە ژوورەوە...
دوو هەنگاو...
دەرگاکە دائەخرێ...
جیڕەی داخستنەکەی دەنگ ئەداتەوە...
وایانزانی
بەتەنیا جێیان هێشتووە...
وەلێ تەنیا نەبوو...

مامۆستاکە وتی...
کوڕم... هانێ ئەوە هێشوویەک ترێ...
بڕۆ لە شوێنێکدا بیخۆ
کەس نەتبینێ...
منداڵەکە ڕۆی...
ڕۆژێک...
دوو ڕۆژ...

گەڕایەوە...
ترێکەی هەر لە دەستدا بوو...
مامۆستاکەی بە سەرسامی لێی پرسی:
بۆچی نەتخوارد؟
وەڵامی دایەوە و وتی:
شوێنێکم نەدۆزییەوە کەس تیایدا نەمبینێ
خوا ئەمبینێ...

خوا ئەمبینێ...
لە دڵی خۆیدا وتیەوە... خوا ئەمبینێ...
پەنجەرەی ناو دیوارە کەڕەکە...

ئاسمان و شەو و ئەستێرە...

ئەستێرەکان...
هاواری ئومێدێک لە خامۆشیی بێهیواییدا...
بەدەم مژدەوە ئەدرەوشێتەوە...
خۆشترین مژدە...
جەڵدە و لەخاچدان و ژوانی یار...

ئاسمان... ڕەشێکی سامناک ئەپۆشێ
ئەبەدییەت... بێکۆتایە...
ئێمەش... لەدایک ئەبین و ئەمرین...
لە مەنزڵێکەوە بۆ مەنزڵێکی دی ئەچین...

لەحەسرەتا دڵی کەوتە لەرزین...

ئاخۆ سبەی ئەو بەرگە دائەماڵم لەخۆم
کە عومرێکە...
باری ڕۆحی قورس کردووم؟...
بەناو چراکانی عەرشدا
لە شەقەی باڵ ئەدەم و...
لەگەڵ باڵندەی سەوزدا دێم و ئەچم؟...
پاش جودابییەکی درێژخایەن
سەر ئەخەمە سەر سنگی یار...
ئەی یار...
لە نێوانی من و تۆدا شەوێک هەیە
دەریاکەی بێ ڕۆخ و کەنار...
بەڵەمم شەوق و تاسەیە...
زیکری تۆ وێرد و  نزا و چارۆکەیە...
هەتا بەیان...

جلەکانی داکەند و لەسەر ئەرزەکە دانیشت...

ئەی هاونشینی ئەو کەسەی یادت ئەکا...
من کەی تۆم لەیادکردووە تا یادت کەم؟...
چ سەرزەمینێ هەیە تۆی لێ نەبیت...
ئەی ئەوەی کەس نەیتوانیوە بەڕاستی

یەکت بخات، جگە لە خۆت...

سوێند بێ...
جگە لە عیشقی تۆ لەناو دڵما
گشت عیشقێکم لێ حەرام بێ...

# گۆڕەپانەکە

پەیتا پەیتا خەڵکی ئەچن
بۆ گۆڕەپانی لەخاچدان...
لە کەناری خۆرئاوای دیجلە... لە بابی خوراسان...
خامۆشی...
پرسیار...
سەرسوڕمان...
ڕیزی نێزەی سەربازەکان...
ئەسپەکانیان...
گالیسکە و تفەنگەکانیان...
شمشێر لە پەنا شمشێردا...
خەڵکەکە گشت پرسیار ئەکەن...
کێیە وا لەخاچی ئەدەن...
زندیقە...
کافرە...
خواناسە...
ئیماندارە...
پیلانی دژ بە خەلیفە سازکردووە...
پشتیوانیی لە هەژار و لە لانەوازان کردووە...

کێیە...
حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاجە...
پیاوێکی خاوەن کەرامات...
ساحیر و جادووبازە...
غەڵبەغەڵب و ژاوەژاو...
سەربازەکان... بە دەوری مەیدانەکەدا
پەرژینێکی قایمیان دروست کردووە...
خەڵکی پاشەکشێ ئەکەن...
لە دەرەوەی پەرژینەکە...
هەموویان... چاوەڕێ ئەکەن...

کەژاوەکە ئەگاتە جێ...
وەردیان...
سەرباز...
پیاوێکی زنجیرکراو...
دوو پێی... بە سیانزدە قەید کۆتکراو...
لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا... ئەوەستێ...
لە خاچەکە ڕائەمێنێ...
ئەو خاچەی خۆری کردۆتە چوار بەشەوە...
کار قەت لەمە باشتر نابێ...
سوپاس بۆ خوا کە بە ستەملێکراوی ئەمباتەوە...
نەوەک وەکو ستەمکارێ...
کەسانێکی تری داناوە گوناهەکانم هەڵئەگرن...
بە خوێنی خۆم ئەمشواتەوە... وەک شەهیدێ...

بەبێ شۆردن و بێ کفن...
زەردەخەنە و نەشئەی هاتێ...
پێکەنی... تا هەردوو چاوی پڕبوون لە ئەشک...

ئەبولحەسەنی حەلوانی... موریدەکەی...
وتی: ئەوە چییە گەورەم؟
وەڵامی دایەوە و وتی:
"نازی جوانی و جەماڵە...
ئەوەی بەلای خۆیدا ڕایئەکێشێ
ئەهلی ویساڵە..."

لە کەسەکانی دەوری ڕاما...
هاوڕێی تەمەن... شبلی... لەنێوانیانا بوو...
حەللاج لێی نزیک بووەوە...
بەرماڵەکەت پێیە؟
شبلی بەرماڵەکەی دایێ...
لەسەر زەوییەکە ڕایخست...
ئەڵڵاهو ئەکبەر...
نوێژی کرد و... ئەمەی وت...
"وَلَنبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ"
" تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك ترس و برسێتی و کەمی لە

سامان و گیان و بەرو بوومی کشتوکاڵدا، جا مژدە بدە بەو کەسانەی کە خۆڕاگرن و هەر کاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشیەك بوون دەڵێن: ئێمە هی خواین و دواجاریش هەر بۆ لای ئەو زاتە ئەگەڕێینەوە. ئەو کەسان ڕەحمەت و میهرەبانیی خودایان بەسەردا دەبارێت و ئەوانەن کە هیدایەتیان وەرگرتووە."

لە ڕکاتی دووەمیشدا وتی:

"كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُور"

"هەموو نەفسێک ئەبێ چێژی مەرگ بکا، لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتی خۆتان وەردەگرن، ئەودەم هەرکەسێ لە ئاگری دۆزەخ دوورخرایەوە، ئەیباتەوە و ژیانی ئەم دونیاش چ نییە جگە لە کەرەسەیەک بۆ فریودان و لەخۆباییبوون"

نوێژەکەی تەواو کرد...

سڵاوی دا...

دەستی بە نزا کرد...

وتی:

"خوایە... ئەمانە بەندەی تۆن، لە دەمارگیرییاندا بۆ دینەکەی تۆ و لە شەوقیانەوە بۆ نزیکبوونەوە لێت، کۆبوونەوەتەوە تا من بکوژن، لەبەرئەوە بیانبەخشە... چونکە ئەو نهێنییانەی تۆ پیشانی منت داون، گەر پیشانی ئەوانیشت بدایە ئەو کارەیان نەئەکرد، گەر ئەو شتانەشت لە من بشاردایەتەوە کە لەوانت شاردۆتەوە، تووشم نەدەبوو بە تووشی ئەم بەڵایەوە... ستایش

بۆ کارەکانت و بۆ ئەو شتانەی ئەتەوێن...“
بە نهێنی کەوتە نزا... ڕاز و نیاز لەگەڵ خوادا...
ئەبولحارسی شمشێروەشێن لێی چووە پێشەوە...
زللەیەکی لە حەللاج دا...
خوێن بە ڕیشیا هاتە خوارێ...
وەک ئەرخەوانی سەر بەفرێ...

لەوبەری گۆڕەپانەکە...
کابرایەک...
فەرمانەکەی خەلیفە ئەخوێنێتەوە...
"... هەزار قامچیی لێ بدە، ئەگەر نەمرد، هەردوو دەست و
قاچی بقرتێنە، ئینجا ملی بپەڕێنە... کەللەسەرەکەی هەڵواسە،
پاشانیش لاشەکەی بسووتێنە..."

شمشێروەشێن چووە پێشێ...
شمشێرەکەی بەرزکردەوە...
دەستی ڕاستی حەللاجی قایم ڕاکێشا...
بە شمشێرەکە پیاکێشا...
دەستی پەڕی...
خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیی...
دەستی چەپی...
ئەویش قرتا...
خوێن لێی ڕژا...
حەللاج هەردوو قۆڵی بەرزکردەوە و
دەموچاوی خۆی پێ سڕی...
پێیان وت... ئەوە چی ئەکەی؟
ئەویش وتی:
خوێنێکی زۆر لە جەستەم ڕژاوە...
بۆیە ڕوخسارم زەرد هەڵگەڕاوە...

تا وا نەزانن هی ترسە...
دەموچاوم وا زەردباوە...
ڕووی سووری پیاوان...
بە هیچ ڕەنگ نابێ...
بە خوێنیان نەبێ...
یەکێ لێی پرسی...
وا ڕوومەتت بەوە سوورکرد...
ئەی قۆڵت بۆ خوێناوی کرد؟
حەللاج وتی:
دەسنوێژ ئەگرم...
وتیان: چۆن دەسنوێژێ؟!
وتی: زەمانە ئەیبیسێ و ئەیپارێزێ...
دوو ڕکات عیشق...
دەسنوێژەکەی بە هیچ نابێ...
بە خوێن نەبێ...

خەڵکەکە هەژان...
ڕیزەکان هەموو تێکەڵ بوون...
سەربازەکان... لە فیتنە و ئاشووب ترسان...
بە سەری نێزە و ویزەی قامچی
خەڵکەکەیان هەموو تۆقان...
حەللاجیشیان پێش خۆیان دا
بۆ لەخاچدان...

بۆ سەر خاچەکە سەرکەوت...
وەک هەڵۆیەک بەرەو ئەستێرەکان بفڕێ...
تەماشای خەڵکەکەی ئەکرد...
خەڵکیش سەریان هەڵبڕیبوو... لێی ڕائەمان...
شبلی بەژێریا تێپەڕی...
هاوڕێی تەمەن ماڵئاوایی لە هاوڕێی ئەکا...
لێی پرسی:
تەسەووف چییە؟
حەللاج سەیرێکی هاوڕێکەی کرد و وتی:
تەسەووف...
ئاسانترین پەیژەی ئەمەیە کە ئێستا ئەیبینی...
شبلی پرسیی:
ئەی بەرزترینی؟
حەللاج وتی:
ئەمە شتێکە نایگەیتێ... وەلێ... سبەینێ ئەیبینی...
لە غەیبا من ئەوەم دیوە و تۆ نەتدیوە...

ئەمە پێشبینیی پیاوێ بوو...
ماڵئاوایی لە ژیان ئەکرد...
ئەشکەنجە درا...
بەر قامچی درا...
چوارپەلی قرتێنرا...
کەچی ئەمرۆ نەمرد... بەڵکو سبەی...

بەرپرسی پۆلیس...
چاوەڕێی ئیزنی خەلیفە بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکەی...
خەلیفە... سەرگەرمی کەنیزەک و ڕابواردن بوو تا ئێوارە...

دەمەوئەنگۆر...
پاسەوان ئیزنی خەلیفەی برد بۆ حامید...
حامید خوێندییەوە:
"ئێستا کاتی پشوودانە...
وازی لێ بێنن با بە خاچەکەوە بمێنێتەوە تا سبەی..."
حەللاج بەسەر خاچەکەیەوە مایەوە...
خۆی و شەوقی بۆ ژوانی خوا...
حامید لەگەڵ کەژاوەیەک درۆزن و چڵکاوخۆرا...
ئەوانەی شایەتیی درۆیان دا لە دادگا و...
بە فەرمانی حامید... ئیمزایان کرد...
گەیشتنە مەیدانی لەخاچدانەکە...
حامید بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
ئێوە هەمووتان قایلن بە لەخاچدانی حەللاج؟
هەموویان بە یەک دەنگ وتیان:
بەڵێ... کوشتنی لە بەرژەوەندیی موسڵمانانە...
خوێنی لە ئەستۆمانە...
حامید وتی: ئەمیری ئیمانداران لە خوێنی ئەم بێبەرییە؟
هەموویان بە یەک دەنگ وتیان:
بەڵێ... قوربان...

هاواری کرد: ئەی منیش لە خوێنی بێبەریم؟
بەڵێ... قوربان...
ئەی بەرپرسی پۆلیسمان؟
بەڵێ... قوربان...

حامید بە دەستی ئاماژەی کرد...
حەللاجیان لە خاچەکە داگرت...
لە بەردەمی شمشێروەشێندا ڕاوەستا...
ئینجا وتی...

"يَسْتَعْجِلُ بِهَا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا وَالَّذِينَ آمَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا الْحَقُّ أَلَا إِنَّ الَّذِينَ يُمَارُونَ فِي السَّاعَةِ لَفِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ"

شمشێروەشێن ملی پەڕاند...
سەری کەوتە سەر ئەرزەکە...
حەسیرێکیان لە جەستەی حەللاجەوە پێچا...
نەوتیان بە سەردا ڕژان و...
سووتاندیان...

لە کەناری خۆرئاوای ڕووباری دیجلە
بردیان بۆ سەر منارەیەکی بەرز...
خۆڵەمێشەکەی جەستەیان... دا بە دەم ئاوی دیجلەوە...
لەگەڵ خۆیدا... "با" تۆزی خۆڵەمێشەکەی

گەیاندە سەر ئاوی دیجلە...
تێکەڵی بوو و لەناویدا تووایەوە...

ئەگێڕنەوە... هەرکەسێ
لە ئاوی ڕووباری دیجلە بخواتەوە و
لەو خۆڵەمێشەی بەرکەوێ...
وەک وەلییەک هەڵئەکەوێ...

٢٠١٥/١٢/١٨







# نووسینی کتێبەکان

Where did you go to college?

## چاوەڕوانی کتێبی تربن

بۆ زانیاریتان:ئەم ئەکاونتە وەک پەیج بەکاردێت

ئامانج: خزمەت کردنە بە خوێنەر 📖📚📋📗📘📙📚